# شیکردنەوەی وتار

پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول

مامۆستای بەشی کوردیی کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین

هەولێر ٢٠١٨ ـ ٢٠١٩

# {{شیکردنەوەی دەق}}

**پێشەکی:**

مەبەست لە شیکردنەوەی وتار یان دەق[١]، لێکدانەوەی پەیامی ئاخێوەر یان نوسەرە، واتە دەقی وتراو بێ یان نوسراو، بە پێی خواست و تایبەتمەندیەکانی شیکەری وتارەکە دەگۆڕێ، واتە؛ بە پێی تایبەتمەندی و خواستی شیکەری دەق دەکرێ لە ڕوی زمانەوانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفی، ڕامیاری.... هتد شیبکرێتەوە.

لێرەدا ئاخێوەران و نوسەران ئەوانەن بە هۆی دەقەکانیان چ وتراو بێ، چ نوسراو، بنەمایەک یان چوارچێوەیەک بۆ گوێگران یان خوێنەران دادەنێن و لە ئەنجامدا وەک پرۆگرامسازێک مێشکی بەرامبەرەکانیان بەرنامەڕێژ دەکەن. ئەرکی بابەتی شیکردنەوەی دەق یان وتار، بژارکردنی دەقەکان و ساغکردنەوەی مەبەست و پەیامەکانیانە، بۆ ئەوەی وەرگرانی دەق نەبن بە ڕۆبۆتی بەرنامەڕێژکراو و بتوانن ڕاستەڕێگا و نەخشەڕێگای خۆیان دەستنیشانبکەن و بە ئازادکردنی مێشکیان لە دیلیەتیی پەیام و ڕەهایی بیرکردنەوە، ستراتیژیەتی ڕا و بۆچونی تایبەتیی خۆیان یەکلا بکەنەوە.

کەواتە؛ شیکردنەوەی هەر دەقێک کارێکی سادە و ساکار نیە و دەبێ بەلای کەمەوە وردبینی لە سێ ڕەهەندی هەر دەقێک بکرێ:

**١ـ ڕەهەندی خودی:** تیایدا وردبینی دەکرێ لە تێکڕا وردەکاریەکانی زمانەوانیی تیۆری و کارەکی و واتا ڕاستەوخۆ و ڕەوانبێژیەکانی ئاستی ناوەوە و دەرەوەی دەقەکە تاوتوێ و شیدەکرێتەوە.

**٢ـ ڕەهەندی کەتواری (واقعی):** تیایدا وردبینی دەکرێ لە ڕادەی گونجانی پەیام و مەبەستی دەقەکە لەگەڵ ژینگە و کەتواری دەوروبەری ئێستا و بەراوردی بە ڕابوردو و ڕەچاوکردنی داهاتو، لە ڕوی مێژویی و جوگرافیدا.

**٣ـ ڕەهەندی پەیوەندیی دەقسازی:** لە میانی بەراوردکردن، وردبینی دەکرێ لە دەقی بەردەست لەگەڵ دەقەکانی تری هەمان سەرچاوە و سەرچاوە جیاوازەکانی هەمان بواری ڕۆشنبیری و زانستی.

لە زمانی کوردیدا، زاراوەسازی گرفتێکی دیارە لە شیکردنەوەی دەقدا، بە هۆی تێکەڵبونی زاراوەکانی: (دەق)، (وتار) و (گوتار)دا و لە سەرچاوەکاندا تێکەڵییەک لە بەکارهێنانیان بەدیدەکرێ و هەڵبژاردنی هەرە گونجاویان بۆ پێکانی مەبەست کارێکی ئاسان نیە.

[١] لەم سەرچاوەیەدا دەق بە واتا گشتیەکەی (نص/ text) بەکاردێنین کە هەمو وتراو و نوسراوێک بگرێتەوە، دواتر هەوڵی ئەوە دەدەین، جیاوازیەکانی نێوان دەق و وتار ڕونبکەینەوە.

## {بەشی یەکەم}

## (شیکردنەوەی دەق یان وتار)

### بەندی یەکەم: جۆر و ئەرکەکانی دەق یان وتار:

هەرچەندە دەشێ دەق تاکە ڕستەیەکیش بێ، بەڵام بە زۆری دەق یان وتار کۆمەڵە ڕستەیەکی زمانن، پەیامێک بەڕێوەیاندەبا، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی دەقیش هاوکۆن لەگەڵ ئەرکەکانی زمان، یان تێکڕای (ئەرکەکانی زمان) وەردەگرێ، هەندێ جار ئەرکەکانی ڕستەشی پێ دەوترێ. ئەرکەکانی زمان یان ڕستە بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئەرکانە دەگرنەخۆ: زانیاری و هەواڵدان، پرسیارکردن، فەرماندان، هەستدەربڕین، هەستوروژاندن......، دەشێ لە دەقێکدا هەمو ئەرکەکان، یان هەندێکیان بە ڕێژەی جیاواز بەدیبکرێن.

لەبەرئەوەی لەناو دەقەکاندا پتر لە جارێک زۆربەی ئەو ئەرکانەی ڕستە چەندجارە دەبنەوە، دەتوانرێ ئەرکەکانی دەق لە دو ئەرکدا کۆبکەینەوە: **ئەرکی دەربڕین** و **ئەرکی پەیڕەوکردن**[(١)]:

**یەکەم : ئەرکی دەربڕین (ڕاگەیاندکاری):**

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەرکەکانی زمان یان ڕستە بە شێوەیەکی گشتی بریتیبون لە:

**١ـ ئەرکی زانیاری و هەواڵدان:** بەهۆی ئەم ئەرکەوە ئەو داتا و زانیاریانەی لە مێشکی قسەکەر یان نوسەردا هەن، دەگوازرێنەوە بۆ مێشکی گوێگر یان خوێنەر. تەنیا جیاوازی لە نێوان ئەرکی ڕستەی هەوڵدان و ئەرکی ڕستەی زانیاری ئەوەیە، ڕستەی هەواڵدان داتاکانی کاتین، واتە؛ لەسەردەمێکدا ئەو زانیاریە نەبوە، دواتر ڕودەدا و پاش ماوەیەکیش نامێنێ. وەک:

- بەیانی باران دەبارێ.
- کوردستان داگیرکرا.

بەڵام داتاکانی ڕستەی زانیاری هەمیشەیین و گۆڕانیان بەسەردا نایێ. وەک:

- دو کۆ دو، یەکسانە بە چوار.
- ئاوی پاک لە سفر پلەی سەدیدا دەبەستێ.

داتاکانی هەردو جۆری ڕستەکان دەشێ ڕاست بن یان ناڕاست. ئەگەر سەرچاوەکە (قسەکەر یان نوسەر) بە ناڕاستیی داتاکان نەزانێ، ئەو زانیاریە پێی دەوترێ هەڵە، واتە؛ سەرچاوەکە هەڵەی کردوە، بەڵام ئەگەر نێرەر بزانێ ئەو داتایە ڕاست نیە، ئەوا بەو زانیاریە دەوترێ درۆ. واتە، سەرچاوەکە درۆی کردوە.

---

(١) بوهلەر (Buhler, K) لە بەرهەمی (sprnchtheorie Gustr fischer, Jena) لە ساڵی ١٩٣٤ ئەم دو ئەرکە بە دەربڕین و نواندن دادەنێ.

جاکۆبسن (Jakobsin, R) لە (Choosing statements: Linguistics and poetics.Cambridge) لە ١٩٦٠ئەم دو ئەرکە بە سەرچاوە و بەرپەرچدانەوە ناودەبا.

هەروەها (هالیدای) لە ١٩٧٠ لە (Language structure and language function. Penguin Books)دا ئەم ئەرکانە بە ئەرکی بیرکرداری و ئالوگوڕکاری ناوبردوە.

جۆن لاینزیش (Lyons, J) لە ١٩٧٧ لە کتێبی (Semantics. Cambridge University) ل ٣٢ ئەم دو ئەرکەی ناوناوە دەربڕین و کۆمەڵایەتی.

**٢ـ ئەركى پرسيارى:** لە ئەركى ڕستەى زانيارى و هەواڵداندا، (نێرەر) قسەكەر يا نوسەر سەرچاوەى زانيارى بو و داتاكان لە مێشكى ئەودابون و دەيدان بە (وەرگر) گوێگر يان خوێنەر بێ ئەوەى بەرامبەرەكەى (وەرگر) داواى لێ بكا، بەڵام لە ئەركى پرسياريدا بە پێچەوانە گوێگر يان قسەكەر يان نوسەر داواى زانيارى لەبەرامبەرەكەى دەكا. واتە؛ بۆشاييەك لە مێشكى كەسى يەكەمدا هەيە و داواى زانيارى لە كەسى دوەمدا دەكا بۆ پڕكردنەوەى ئەو بۆشاييە. وەك:

ـ ناوت چيە؟

ـ چەند زمان دەزانى؟

لێرەدا مەرج نيە، هەمو ڕستەيەكى پرسيارى داواى داتا و زانيارى بكا، بەڵكو دەشێ هەندێ جار ئەركى تر جێبەجێ بكا. وەك:

- ئەركى كۆمەڵايەتى: چۆنى؟ باشى؟ باوكت چۆنە؟
- ئەركى فەرماندانى ناڕاستە وخۆ: نەختێك بێ دەنگ نابى؟ نافەرموى؟ بۆ هيچ ناخۆى؟
- ئەركى تاقيكردنەوەى بەرامبەر: (ئەو پرسيارانەى مامۆستا لە قوتابيەكانى دەكا).
- ئەو پرسيارانەى ئەركى هەواڵدانى نەرێ دەگەيێنن: من تۆم لە پشت بێ، لە كێ دەترسم؟

**٣ـ ئەركى فەرماندان:** لە ڕستەى فەرماندانداندا، كەسى يەكەم داوا لە كەسى دوەم دەكا كارێكى بۆ جێبەجێ بكا، ئينجا كارەكە زارەكى بێ، وەك (قسەكردن، گۆرانى، نوسين....)، يان كارەكى (ئەنجامدانى هەر كارێكى جوڵەيى تر....):

ـ سرودى ئەى ڕەقيب بڵێن.
ـ بێدەنگ بن.
ـ كتێبەكان بخوێننەوە.
← داواى كارێكى زارەكى

ـ زەويەكە بكێڵە.
ـ بەنداوێك دروستبكەن.
← داواى كارێكى كارەكى

مەرج نيە، ئەركى فەرماندان تەنيا بە داوايەكى ڕاستەوخۆبێ. دەشێ، بە شێوەيەكى ناڕاستەوخۆ و نەرم بێ. وەك:

ـ زەحمەت نەبێ، ئەم داواكاريەم بۆ واژۆ ناكەى؟

ـ چايەكم بۆ تێناكەى؟

جێگەى سەرنجە، ئەم جۆرە داواكاريانە پتر لە شێوەى پرسياريى نەرێن.

**٤ـ ئەركى هەستدارى:** هەستدارى ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە كە پەيوەستن بە هەستەوە. ئەو ڕستانەى ئەركى هەستدارى ئەنجامدەدەن، دو جۆرن:

**١ـ ڕستەى هەستدەربڕين:** لەو جۆرە ڕستانەدا كەسى يەكەم قسەكەر بێ يان نوسەر، هەستى خۆى بەرامبەر هەر شتێك دەردەبڕێ كە لە ئاراداية، ئينجا ئەو هەستدەربڕينە بە ئەرێيى بێ، يان نەرێيى:

<u>هەستدەربڕينى ئەرێيى</u>. وەك: تێكڕا نزا و پاڕانەوەكان و شيعرە سۆزداريەكان:

ـ تەمەن درێژ بى! خوابتپارێزى! ڕوسوربى! .......

ـ بەژن و باڵاکەت نمونەی هەیکەلی یۆنانیە!.......

ئەگەر هەستدەربڕین بە ڕاستگۆیی نەبێ، ئەوا ڕستەکە دەبێتە مەرایی. وەک:

ـ خوا دەست بە باڵی حکومەتی هەرێمەوە بگرێ، بەڕاستی گەل ئاسودە و تێرە،.....

هەستدەربڕینی نەرێیی. وەک: تێکڕای توک و جنێو و داشۆرین، .........:

ـ تەمەنکورت بی!، ملت بشکێ!، هیچوپوچ!، بێشەرم!، ناشیرن!، سەرزل!، دەبەنگ!، مێشکەستور!، ......

**٢ـ هەستداری هەستوروژاندن:** لە هەستوروژاندندا کەسی یەکەم ئەو ڕستانە دەردەبڕێ کە بتوانێ هەستی بەرامبەر بوروژێنێ بۆ ئەوەی کارێکی پێ ئەنجامبدا، یان کارێک ئەنجامنەدا. وەک: تێکڕای سرودە نیشتمانیەکان، تێکڕای پڕوپاگەندەکان. لە هەستوروژاندنیشدا لایەنی ئەرێیی و نەرێیی دەبینرێن. واتە؛ هاندان بۆ کارێکی چاک و ڕەوا، هەستوروژاندنی ئەرێنیە و هاندان بۆ ئەنجامدانی کارێکی خراپ و ناڕەوا هەستوروژاندنە بە نەرێیی. بۆ نمونە، ستایشکرنی خۆشیەکانی بەهەشت و ترس و تۆقاندن بە ئاگری دۆزەخ، هاندان و هەستوروژاندنە بۆ خواپەرستی و ئەنجامدانی کاری چاکە، هەستوروژاندنی ئەرێییە، بەڵام ستایش و بە باڵاهەڵدان و تاودانی پێشمەرگە بۆ براکوژی و ململانێی ناڕەوای حیزبایەتیی... هەستوروژاندنی نەرێییە.

لە کۆتاییدا، پێویستە تیشکۆ بخرێتە سەر ئەوەی هەر وتارێک چەندین ڕستەی جۆراوجۆر دەگرێتەخۆی. بۆیە، زانینی ئەرکی هەر دەقێک یان وتارێک بریتی دەبێ لە کۆی گشتیی ئەرکەکانی ئەو ڕستانەی لەو دەقەدا بەکارهاتون. ئەمەش بریتی دەبێ لە زانینی ئەرکی دەربڕینکاری دەقەکە یان وتارەکە، بەتایبەتی بە ڕەچاوکردنی زۆری و کەمیی ڕێژەی ئەو ئەرکەی لە دەقەکەدا زاڵە بەهۆی زانینی ڕێژەی جۆری ڕستەکان.

**دوەم ـ ئەرکی پەیوەندکاری:**

زاراوەکانی شیکردنەوەی وتار (Discourse analysis) و شیکردنەوەی دەق (Text analysis) لە زمانەوانیی هاوچەرخدا بونەتە بابەتێکی گرنگ و مایەی بایەخ پێدانی زۆربەی ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە زمانەوانیی کارەکیەوە هەیە. وەک: کۆزمانەوانی (Socio-linguistics)، دەروزمانی (Psycho-linguistics)، زمانەوانی فەلسەفی[(1)] (Philosophical-linguistics) ...... هتد. بۆنمونە:

زاناکانی کۆزمانەوانی بایەخ بە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی دەدەن. وەک: (گفتوگۆ، دەمەتەقێ .....). لە شیکردنەوەی وتاردا، گرنگی بە توێژینەوەی کلتور و ڕەوتی کۆمەڵایەتی دەدەن، بەتایبەتی وتاری وتراو (دەنگی).

پسپۆڕانی دەروزمانیش پتر تیشکۆ دەخەنە سەر لایەنی تێگەیشتن و کارتێکەر و کاردانەوەی داتا زمانیەکان و لێکدانەوەی باری دەرونیی وتاردەر و وتاروەرگر....

لە زمانەوانیی فەلسەفیدا بایەخ دەدرێ بە پەیوەندیی نێوان دەربڕینی زمان و ئەو کەتوارەی لە ئارادایە و ڕێژەی ڕاست و درۆیی ئەو دەربڕینە.

لە سەرجەم توێژینەوەی زانستە وێژەییەکان بە گشتی و توێژینەوە کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسیەکان (Anthropology) بەتایبەتی، پتر بایەخیان بەو دیاردە و هونەری زمانە دەدا کە بۆ موجامەلە (Courtesy) و

(١) محمود عكاشة. لغة الخطاب السياسي. مصر. ٢٠٠٥. ص٣٤.

دەسپێک و کۆتایی گفتوگۆکان بەکاردەهێنرێ. تەنانەت لە شیکردنەوەی وتاردا کەلێن هەیە بۆ لێکدانەوەی: ڕێکخستنی پەیوەندیی ئاخێوەران، نۆرەی قسەکردن، هاوپیشە، هاوتەمەن، هاوبەرژەوەندی و دژبەرژەوەندیەکان.

لە ئەرکی پەیوەندکاریدا، لە بری ئامرازی گواستنەوەی داتاکان و ئەنجامدانی ئەرکەکان، زمان پتر بە ئامرازی پەیوەندیی نێوان تاکەکان دادەنرێ. بۆ نمونە: ئاخاوتنی کەسێک لەگەڵ خۆی، چۆنیەتیی بەیەکگەیشتنی دو بیانی، داخدەربڕین لە زۆرداران و ئاخ هەڵکێشان بۆ ڕابوردوە میهرەبانەکان....

لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیان وتە و ڕستە دەبیستین و دەخوێنینەوە، مەبەستدار نین و ئەرکی دیارکراوی زمانییان نیە، یان داتای بەرهەمدار ناگوازنەوە، بەڵکو پتر بۆ کاتبەسەربردن و کردنەوەی دەرگای بێدەنگین، هەروەها بەردەوام بون لەسەر ئەم ڕێچکەیە لەسەر بنەمای (قسە، قسە ڕادەکێشێ).

هەرچەندە ئەم شێوازە کەمتر لە وتاری نوسراودا دەبینرێ، بەڵام دەقی نوسراو لەم ڕستانە بەدەرنین. وەک، زۆر لە نامە سۆزداریەکان، یاریکردن بە وشە کۆمەڵایەتیەکان و.... هتد. بۆ نمونە:

ـــ دەقێکی بیسراو لە نێوان دو هاوڕێی قوتابیی زانکۆ:

ک١: ماشەڵڵا، دەڵێی مافوری کاشانی! ..... هەروا جوان دەبی! ....

چیە دەڵێی شەوان لە بەفرگرە دەخەون؟ خۆ هەر ناگۆڕێن .....

ک٢: ئەوە چیە بە چاوتەوە؟ دەڵێی خۆتان نەدیوە!. ئاگاداربە! بەچاومانەبەن.

ک١: ئێ دەی کەش و هەوا چۆنە؟ بەفرە؟ بارانە؟ زریانە؟....

ک٢: چیە؟ دەڵێی پێمانڕادەبوێری؟ دەڵێی کارت نیە؟ دیارە، کاتت زۆرە.

ـــ دەقێکی تۆمار کراو لە نۆرەی نانەواخانەیەک لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا:

ک٢: (کەسی دوەم نانەوایە و بە کلینس ئارەقی دەسڕێتەوە).

ک١: خوا هێز و ئارامتان بدا! بەڕاستی گەرمایە! ئێوەش لەبەردەم ئەو تەنورە گەرمەدا هەر زۆر ئەستەمە.

ک٢: ئێ چی بکەین؟ ئەوە ژیانە، ئەگەر کارنەکەین ناژین.

ک١: خەمت نەبێ، ئەوەی لەم دونیایە بسوتێ، لەو دونیا ناسوتێ.

ک٢: هههەه، دیارە، بۆیە هیندیەکان مردوەکانیان دەسوتێنن.

## <u>بەندی دوەم: پەیامی وتراو و پەیامی نوسراو:</u>

### یەکەم ـ دەقبێژ و دەقنوس:

لە خستنەڕوی هەر ڕوداوێک، جۆر و چۆنیەتیی ڕوداوەکە کۆمەڵێک ڕستە بەسەر دەقنێر دەسەپێنێ، دەقبێژیش کۆمەڵێک ئامرازی کارتێکەر و کاریگەری هەیە، کە لای دەقنوس نیە. وەک (بەرز و نزمی ئاوازەی دەنگ، وەستانە کورت و درێژەکان، سیماکانی ڕوخسار و ڕەنگ و ڕو، سەرباری ئاماژەکانی دەست....). ڕادەی بەکارهێنانی ئەو سیما و ئاماژانەوە لەلایەن ئاخێوەر بە شێوەیەکی کارامە و کاریگەر، ڕێژەی کارتێکردنی لەسەر بیسەر دەردەکەوێ، ئەو کاریگەریەی بە تەنیا و بەبێ ئەو ئامراز و کارتێکەرانە، گرانە لە مەبەستی ئاخێوەر تێبگەی. بۆنمونە، لە ڕستەیەکی وەک (مامۆستا، کەس هەیە نەزانێ تۆ پێشتر چیت دەکرد؟)، ئەگەر ئاخێوەر بە دەنگێکی نەرم و

ڕوێکی گەشەوە ئەمە بڵێ، مەبەستەکەی ئەرێنی دەبێ و ئەگەر بە دەنگێکی قوڵ و پڕ ناڕەزایی و سەرلەقاندنەوە ڕستەکە بڵێ، مەبەستەکەی نەرێنی دەبێ.

سەرباری ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی ئەو هەمو ئامراز و کارتێکەرانە، پێویستە دەقبێژ لە ناو گێڕانەوەی کۆی گشتی ڕوداوەکە، ئاگاداری ڕستە بە ڕستەی داڕشتنی دەقەکە بێ. دەبێ دەقبێژ جگە لەوەی چاودێری ڕادەی پەسەندکردنی گوێگر دەکا بۆ ئەو ڕستەیە و هەڵوێست و کاردانەوە و ڕادەی پەرۆشی گوێگرتنی هەڵدەسەنگێنی، لە هەمان کاتدا نابێ زنجیرەی ڕیزبەندیی ئاخاوتنەکەی بپچڕێنێ و خۆی ئامادەدەکا بۆ ڕستەی داهاتو، ئەوەش دەزانێ هەر هەڵەیەک لەدەم دەرچو ناگەڕیتەوە.

بە پێچەوانە، دەقنوس کاتی تەواوی هەیە بۆ داڕشتنی پەیکەری دەقەکە و پێداچونەوەی یەکەیەکەی وشە و ڕستەکانی دەقەکە و ڕاستکردنەوە و بژارکردن و پاکنوسی پەیامەکەی، بێ ئەوەی سیمای ڕوخسار و هەڵوێست و کاردانەوەی خوێنەرەکەی سەرقاڵی بکا و کاریگەریی لەسەر هەبێ، هەرچەندە دەبێ لە ئەندێشەی خۆیدا کاردانەوەی خوێنەر بخەملێنێ. تەنانەت دەقنوس پێش پاکنوسی دەقەکەی، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگ و سەچاوەکان و پرس و ڕای پسپۆڕان و چەند جارەی داڕشتنەوەیان. واتە؛ وەکو دەقبێژ نیە کاتی سنوردار بێ، بە پێچەوانە، کاتی گونجاوی هەیە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا: ئایا بینینی ڕوخسار و کاردانەوەی وەرگر (بیسەر و خوێنەر) لای نێرەر (دەقبێژ و دەقنوس) گرنگە؟

لە وەڵامدا دەوترێ، بینینی هەڵوێستی وەرگر، سودی ئەوەی هەیە، یەکسەر نێرەر ئاگاداردەکاتەوە، کە ئایا لەسەر ئاڕاستەی ڕەوتی ئاخاوتنەکەی بەردەوام بێ یان ئاڕاستەیەکی تر بگرێتەبەر؟. واتە؛ یەکسەر ڕادە و ڕێژەی پەسەندیی دەقەکەی تێدەگا، ئەم کرداەش ئاسان نیە و بەربەستێکە لەبەردەم دەقبێژ. لە وتاری زارەکیدا دەقبێژ کاتی سنورداره، ئەم بەربەستەش پتر کاتی لێ دەبا و دەبێتە سەبارێک.

دەقنوس گرفتی ئەوەی نیە، وەرگر ڕایبگرێ و بە هەڵوێستی خۆی ئاڕاستە یان ڕایەکەی پێ بگۆڕێ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەقنوس بێبەشە لەوەی یەکسەر و ڕاستەوخۆ ڕای وەرگر بزانێ لەسەر ڕستە بە ڕستەی دەقەکەی و ڕێژە و ڕادەی پەسەندیی دەقەکەی لە هەمان کاتدا بۆ دەرناکەوێ.

**دوەم ـ دەقی نوسراو و دەقی وتراو:**

دەق ئەو چەمکە دەربڕاوەیە، وەک بابەتێک دەخرێتەڕو. ئەگەر خستنەڕوەکە زارەکی بێ، دەبێتە دەقی وتراو و ئەگەر خستنەڕوەکە نوسەکی بێ، دەبێتە دەقی نوسراو.

وەک ئاماژەی پێکرا، لە دەقی وتراودا سەرباری ڕەنگ و سیمای ڕوخسار، هێز و ئاوازە و بەرزی و نزمی دەنگ، وەستانە کورت و درێژەکان و هێما جوڵەییەکان و تێکڕای زمانی جەستە کەرەسەی هاوکاری ئاخاوتنن بۆ گەیاندنی دەقی وتراو.

لە لایەکی تریش، خەملاندنی ئاستی تاکە کەسی و دەستە و چینەکانی بەرامبەر و جیاکردنەوەی لایەنگر و بێلایەن و دژلایەنەکان، لەگەڵ نۆرەگۆڕین و بەشداریی بەرامبەران، هەموویان دەبنە هۆی گۆڕینی ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقەکە لە ڕوی چەندێتی و چۆنیەتیەوە.

لێرەدا ئایا ئەو هەمو کەرەسە و ئامرازە هاریکارانە کە ئاسانکارین لە گەیاندنی دەقی وتراودا، چۆن لە دەقی نوسراودا گوزارشتیان لێ دەکرێ؟ یان ئاستەنگ و بەربەستەکان چۆن هێماکاری دەکرێن؟

لە زوەوە زمانەوان و نوسەران هەوڵیانداوە، بە هێمای نوسراو گوزارشت لەو ئامراز و کەرەسانە بکەن. نیشانەکانی خاڵبەندی (Punctuation marks) کەلێنێکی گەورەیان لەم بوارەدا پڕکردۆتەوە، پەیڕەوکردن و پابەندبون پێیانەوە بەهای دەقەکە بەرز دەکەنەوە. هەروەها بۆ گەیاندنی مەبەستی دیارکراو، بەپێی پێویست بۆ نوسینی هەندێ دەربڕینی تایبەت بە هەندێ ڕەنگی جیاواز، یان بە پیتی تاریک، یان پیتی لار، یان هێڵکێشان بە ژێر وشە و ڕستەکاندا،.... دەڕازێنرێنەوە، ئەمانە هەموویان کەرەسەی یارمەتیدەرن بۆ گەیاندنی مەبەستی تایبەتیی دەقنوس.

نوسین و چاپکردن بە تەکنەلۆژیای سەردەم، گۆڕینی ڕەنگ و قەبارە و جۆری پیتەکانی زۆر ئاسانکردوە و بە پەنجەداگرتنێک (click) دەتوانرێ، گۆڕانکاریەکە ئەنجامبدرێ. هەروەها دەتوانرێ، دەقەکە لە شێوەی یەک ستونی گۆڤاری و دو ستونی ڕۆژنامەیی دابڕێژرێ. لە لایەکی تریش هەمان چەمک و ناوەرۆک بە پتر لە شێواز و ڕوخسارێک گوزارشتی لێ بکرێ. بۆنمونە:

**ڕەفتار و وتاری داعش، دورە لە ئاینپەروەری و نیشتمانپەروەری و مرۆڤایەتی. داعش بە قسە و کردار سەلماندویەتی: نە موسڵمانە و نە نیشتمانپەروەرە.**

لە دەقی نوسراودا پێویستە، ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە بە چ زارێک (دیالێکتێک) دەنوسرێ؟ و زمانی ڕەمەکی، یان ستاندارد بەکاردەهێنرێ، هەروەها ڕەچاوی بنەما دەنگسازی و ڕێزمانیەکانی ئەو زمانە بکرێ کە لە دەقی وتراودا ئەو بایەخە سەرەکیەی پێنادرێ.

جگە لەمە لە دەقی نوسراودا ڕەچاوی ئەوەش دەکرێ، ئایا بابەتەکە پەخشانە؟ شیعرە؟ بابەتێکی وێژەییە؟ یان زانستیە؟..... هەر لەو سۆنگەیەشەوە ناونیشانە سەرەکی و لاوەکیەکان و پۆلینکردنی بەش و تەوەرە و بەند و لقەکان ..... هتد، هەڵدەبژێردرێن.

سەربارى ئەوەی دەقی نوسراو، بە نیشانەکانی زمانی جەستە پاڵپشتی ناکرێ، نەبونی هێمای تەواویش بۆ هێز و ئاوازە و بەرز و نزمی دەنگ، هۆکاری نێگەتیڤن لە گەیاندنی پەیامی نوسەردا. بۆ نمونە: لە ڕستەیەکی وەکو (باشە)دا، ئایا دەتوانرێ، بە پێی هێماکانی خاڵبەندی، هەمان ئەو چەمکانە بگەیەنێ؟ کە لە دەقی وتراودا بە پێی هێز و ئاوازە و زمانی جەستە دەیگەیەنێ.

- باشە. (هەواڵدان).
- باشە؟ (پرسیاری).
- باشە! (سەرسوڕمان).
- بااااشە! (هەڕەشە).

ـ باشه .... کەواتە؛ با کارێک بکەین (وشەی پڕکردنەوە و بەردەوامیی ڕەوتی ئاخاوتن).

ئەمەش وایکردوە، هەندێ جار بەدحاڵیبون (Misunderstanding)، یان لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ دەقێکی نوسراو بکرێ.

دوای ئەوەی سیماکانی هەریەک لە دەقی وتراو و دەقی نوسراومان تاڕادەیەک جیاکردەوە، گرفتی گەورە لە نوسینەوە، یان چاپکردنی دەقێکی وتراوی تۆمارکراو (لەسەر کاسێت یان سیدی)دا دەردەکەوێ. لە تۆمارکردنی دەنگی (نەک دەنگ و ڕەنگ)ی دەقێکی وتراودا، زمانی جەستە دەرناکەوێ. لە نوسینەوەشیدا هێز و ئاوازەکەش وندەبێ. بۆیە تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو جۆرە دەقە نوسراوانە، کارێکی گرانترە.

دەقی نوسراو، هێما دەنگیە بیستراوەکان دەگۆڕێ بۆ هێما وێنەییە بینراوەکان، بە تۆمارکردنی ئەو هێما بینراوانە دەقی نوسراو ئاکارێکی بایەخداری وەرگرتوە، ئەویش پاراستن و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی بیر و هۆشی کاروانی شارستانیەتیی مرۆڤە.

لە بنەڕەتدا لە ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوت و کارەکانماندا، زمانی ئاخاوتن بەکاردێنین و زۆربەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای ئاخاوتن بنیاتنراون، (هەرچەندە بەهۆی شاشە زیرەکەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ئینتەرنێت، زمانی نوسینیش ڕۆلی لەم بوارەدا پەیداکردوە)، بەڵام بۆ پاراستن و تۆمارکردنی زانیاریە ڕاستەقینەکان، زمانی نوسین بەکاردەهێنرێ. وەک: ئەنجامەکانی تۆێژینەوەکان، تێبینیەکانی پارێزەران، دادوەران، مامۆستایان، پزیشکان، ئەندازیاران، پەڕلەمانتاران.... هتد.

کەواتە؛ هەردو جۆری زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسین زۆر گرنگن، هەر یەکە لە کات و شوێنی خۆیدا. دیارترین جیاوازیشیان ئەوەیە: زمانی ئاخاوتن کاتیە و زمانی نوسین درێژخایەنە.

جیاوازیێکی تری دەقی وتراو ئەوەیە: وەکو دەقی نوسراو ڕەچاوی بنەما ڕێزمانیەکان ناکرێ، وەکو ئەوەی لە کتێبە زمانیەکاندا هاتوە، هەرچەندە ڕێزمان هەڵقوڵاوی زمانی ئاخاوتنە.

لە ئاخاوتندا کۆمەڵێک وشەی ناواخن وەکو: ئێ، ئم، ئا، وابزانم.... ئەم جۆرە دەنگانە لەبری وەستانی کورت، وەکو کورتە بواری بیرکردنەوە بەکاردێن، بەڵام ئامرازەکانی بەستن وەک: کە، و، هەروەها.... هتد بە بەراورد بە زمانی نوسین کەمتر بەکاردێن. ڕێژەی بەکارهێنانی ڕستەی بکەردیار لە ئاخاوتندا زۆرترە و سەرباری ئەوەش زۆرجار ناوی کارا، پتر لە جارێک و بە شێوەی جیاواز دوبارە دەکرێتەوە، وەک:

ـ ئەو شێرەکوڕە، ئەو جەنگاوەرە، ئەو پاڵەوانەیان زیندانی کرد.

هەندێ جار ڕستە بەبێ کار دەمێنێ، وەک لە پەندەکان و قسە سواوەکان....

ـ نەساڵی دوبەهار، نە پیاوی گوێبەگوار، نە ژنی جوچکەدار.

ـ بەیانی باش!

ـ سڵاو!

هەندێ جاریش کارەکە زۆر دوبارە دەبێتەوە. وەک:

ـ لەناو ئاوەکە ماسیم بینی، کیسەڵم بینی، قرژاڵم بینی....

ـ چومە لای ئازاد، چومە لای نەوزاد، چومە لای فەرهاد، چومە لای...

**سێیەم ــ جیاکردنەوەی دەق و وتار:**

دەق و وتار دو کەرەسەی زمانیی ئاوێتەی یەکترن، دانانی سنورێکی دابڕ لە نێوانیان و جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نیە . ئەوەی گریمانەیە، هەمو وتارێک دەقە، بەڵام هەمو دەقێک وتار نیە، ئەم گریمانەیەش سەلمێنراوێکی پاساوداری نیە. چونکە ئایا کام دەق وتارە؟ و کام دەق وتار نیە؟

لای هەندێ زمانەوانی وەک پاول ڕیکۆیر (Paul Ricoer)، پەیامی نوسراو دەقە و پەیامی وتراو دەق گوتارە[١]. بە لای جیفری هارتمان (G. Hartman)، هەر بەرهەمێک ئەرک و واتای هەبێ دەقە[٢]. لای ویدۆسن (widdowson)، گوتار بەکارهێنانی زمانە، بە نوسراو بێ یان وتراو، بۆ وەدەستهێنانی واتایەکی مەبەستداری (پراگماتیکی)[٣].

ئەگەر سەیری ئەم جۆرە بۆچونانە بکەین، تێکەڵییەک دەبینین و نابن بە پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی دەق و وتار. بۆ جیاکردنەوەی دەق لە گوتار، پێویستە ئاگاداری ئەو ڕاستیە بین، هەرچەند هەوڵی جیاکردنەوەیان بدرێ، هەر ناگەینە ئەو پێوەرەی یەکەیەکی پێوان هەبێ و بە وردی لێکیاندەربکەین، چونکە هەمو دەربڕینێکی زمانی دەقە. ئینجا چەندین جۆری دەق هەیە: وتراو و نوسراو، فەرمی و نافەرمی، هونەری و ناهونەری، وتار و ناوتار، .......هتد.

کەواتە؛ هەمو وتارێک دەقە، بەڵام هەمو دەقێک وتار نیە. بۆیە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نیە، بەڵام ئەوەی نکوڵیی لێ ناکرێ، دەقەکان هەڵگری پەیامەکانن. هەر دەقێک بە پێی ئەو داتا و زانیاریانەی لەخۆیگرتوە، هەڵگری پەیامێک یان پترن. وەک پەیامی: زانستی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابوری....هتد.


داتاکانی دەقی ئاسایی و دەقی وتار دو جیاوازیی سەرەکییان هەیە:

یەکەم: داتاکانی دەقی ئاسایی: درێژخایەن و گشتگیرن و پتر زانیاری گەیێنن. پتر دەنوسرێنەوە و گۆڕانکارییان تێدا دەکرێ، بەڵام داتاکانی دەقی وتار: کورتخایەن و تایبەتن بە کۆمەڵێک و پتر هەواڵگەیێنن. کەمتر دەنوسرێنەوە و گۆڕانکارییان تێدا ناکرێ.

دوەم: دەقی ئاسایی وابەستەی دەوروبەر نابێ و دەقی وتار وابەستەی دەوروبەر دەبێ. وەک لەم هێڵکاریەی خوارەوە دەردەکەوێ:

---

(١) صلاح فضل. ١٩٩٢. بلاغة الخطاب و علم النص. عالم المعرفة ١٦٤. ص٢١٩.
(٢) سعيد حسن البحيرى. ٢٠١٠. إسهامات أساسية فى العلاقة بين النص والنحو والدلالة. مؤسسة المختار. مصر.ص١٠٢.
(٣) Widdowson. H. G. ٢٠١١. Discourse Analysis. Oxford University press. P١٣٨.




هێڵکاری دەقی وتار و وابەستەی دەوروبەری

**دەتوانرێ، بنەماکانی دەقی وتار لەم چەند خاڵەدا کۆبکرێنەوە:**

١ـ بونی نێرەرێکی (دیار) و وەرگرانی (کۆ)، هاوکاتی ناردن، (دەشێ ئاڕاستەکەش پێچەوانە بێ).

٢ـ دروستبونی دەقی وتاری وەڵامدانەوەیە بۆ پێداویستییەکی نێرەر یان پاڵنەرێکی کۆمەڵیی وەرگر. لە یەکەمدا نێرەر ئامانجێکی هەیە، دەیەوێ، کاریگەریی هەبێ لەسەر وەرگر و بە ئاڕاستەیەکی ببا، لە دوەمدا وەرگر پاڵنەرێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی هەنوکەیی.

٣ـ ڕەچاوی دەوروبەر دەکا، (وەرگر، کات، شوێن، کەش، .....هتد).

٤ـ وتار دەمرێ، بەڵام دەق نامرێ. ئەوەی لە وتار دەمێنێتەوە دەقەکەیەتی.

**دەتوانرێ، ڕەگەزەکانی دەقی وتاریش لەم چەند خاڵەدا کۆبکرێنەوە:**

١ـ نێرەر: ئەرکی ناردنی پەیام و وروژاندنی وەرگرە.

٢ـ پەیام: ئەرکی ڕونکردنەوەی ناوەڕۆک و مەبەستە.

٣ـ وەرگر: ئەرکی وەرگرتنی پەیام و کاریگەربون و کاردانەوەیە.

سەرباری ئەمانە، کەناڵیش وەکو ئامرازی گەیاندن ڕۆلی بەرچاو دەگێڕێ لە پرۆسەی وتارداندا.

**چوارەم ـ وەرگری وتار و شیکەری وتار:**

جیاوازیی وەرگری وتار لەگەڵ شیکەری وتار ئەوەیە: وەگری وتار بە زۆری دەیەوێ، لە کۆتاییدا لە ڕوکەشی ئەو داتا و زانیاریانە بگا کە نێرەری وتار پێشکەشیان دەکا، بەڵام شیکەری وتار ڕۆدەچێتە ناخ و ناوەڕۆکی وتارەکە. ئەرکی وەرگری وتار پتر گوێگرتن یان خوێندنەوەیە. دەشێ کاتێک گوێگر لە شتێک نەگا، پرسیار بکا و داوای ڕونکردنەوە بکا، یان ئەگەر هەستی بە ناتەواوی کرد، ناوبڕی (مداخلة) بکا و ڕونکردنەوە و ڕاستکردنەوە بدا، کە ئامانج تێگەیشتنی سەرپێیی وتارەکەیە.

**شیکەری وتار کۆمەڵێک ئەرکی دەکەوێتە سەرشان. وەک:**

**١ـ ئەرکی وەرگر:** لەم ئەرکەدا پێویستە لە کرۆک و ناوەڕۆکی وتارەکە بگا. واتە؛ دەبێ بزانێ بە وردی مەبەست لە وتارەکە چیە؟.

**٢ـ ئەركی وشەسازی:** دەبێ شیکەری وتار وەک وشەسازێک لە ڕوخسار و ناوەرۆکی یەکە یەکەی وشەکان بگا و لەئاستی ستونی و ئاسۆییەوە لێکدانەوەیان بۆ بکا و هۆی هەڵبژاردنی هەریەکەیان لەو شوێنە دەستنیشانبکا؟ بۆچی وشەیەکی تری لەو شوێنە بەکارنەهێناوە؟.

**٣ـ ئەركی ڕستەسازی:** شیکەری وتار پێویستە تەواو شارەزای یاسا و ڕێساکانی ڕستەسازیی زمانەکە بێ و بتوانێ سەرباری لێکدانەوەی ڕوخسار و ناوەرۆکی هەر ڕستەیەک و زانینی جۆر و ئەرکەکەی، دەبێ بزانێ بۆچی ئەو ڕستەیە لەو کەوتگەیە دانراوە؟.

**٤ـ ئەركی واتاسازی:** پێویستە شیکەری وتار زۆر بە وردی ئاگاداری وردەکاریەکانی واتاسازی بێ و بتوانێ واتای تایبەتیی یەکە یەکەی کەرەسەکانی بێ و واتا تایبەتیەکانی هەر پێکهاتەیەک لە بۆتەی واتا گشتیەکە بدۆزێتەوە و بتوێنێتەوە.

**٥ـ ئەركی مەبەستزانی (پراگماتیکی):** (Pragmatics) پێویستە شیکەری وتار پسپۆڕێکی باشی مەبەستزانی بێ و لە ڕوانگەی دەوروبەری گشتی و تایبەتیی جۆراوجۆر وتەکان تاوتوێبکا و بتوانێ لەم ڕووەوە وتارەکە هەڵبسەنگێنێ.

**٦ـ ئەركی دەروزمانی** (Psycholinguistics): زۆر گرنگە شیکەری وتار دەروونناسێکی کارامە بێ و بتوانێ کارتێکەرەکانی یەکە یەکەی چەمکەکانی وتارەکە بدۆزێتەوە و باری دەرونی خاوەن وتار بەگشتی (وەک ئاکاری بەردەوام) و بەتایبەتی (وەک ڕەفتاری دەمی وتار) دەستنیشانبکا.

**٧ـ ئەركی كۆزمانەوانی** (Sociolinguistics): بەهەمان شێوە شیکەری وتار پێویستە کۆمەڵناسێکی بە توانا بێ و شارەزایی نەریت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بێ، بە پێی واتا کۆزمانیەکان ڕستە بە ڕستە و پەرەگراف بە پەرەگراف وتارەکە شیبکاتەوە، ئینجا وتارەکە بە گشتی هەڵبسەنگێنێ و لێکبداتەوە.

**٨ـ ئەركی ڕۆشنبیری:** ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە، لە هەمو بابەتە زانستیەکانی وێژەیی و سروشتی زانیاری باشی هەبێ و لە بابەتێک یان پتر پسپۆڕی هەبێ. بۆیە دەبێ شیکەری وتار سەرباری پسپۆڕیی وردی کە شیکردنەوەی وتارە و پسپۆڕی درشتی کە زمانەوانیە، دەبێ ڕۆشنبیرێکی باش بێ و بەتایبەتی لە چوارچێوەی بابەتی وتارەکە شارەزاییێکی باشی هەبێ.

## بەندی سێیەم ـ هەڵبژاردنی نمونەی زمانیی وتار:

ئایا نێرەری وتار چ جۆرە وتارێک پێشکەش بکا؟ وتاری وتراو؟ یان نوسراو؟ یان تێکەڵ؟

بە شێوەیەکی گشتی، چەند خاڵێک هەن، کاریگەرییان هەیە لەسەر نێرەری وتار لە هەڵبژاردنی جۆری وتارەکەی، وەک لەم خشتەیەدا بەراورد کراون:

| | وتـــــــــــــاری وتــــــــــــــراو | وتـــــــــــــاری نوســـــــــــــراو |
|---|---|---|
| (١) | کاتێکی کەمی لەبەر دەستە، بۆ ئامادەکردنی وتار. | کاتێکی باشی لەبەر دەستە، بۆ ئامادەکردنی وتار. |
| (٢) | توانا و بەهرەی وتاردانی باش و لەبارە. | توانا و بەهرەی وتاردانی کەمە و لەبارنیە. |
| (٣) | ڕادەی ڕۆشنبیری و خوێندەواریی بەرزە. | ڕادەی ڕۆشنبیری و خوێندەواریی لەو ئاستە نیە. |

| | | |
|---|---|---|
| (٤) | زانیاریی تەواو و لەباری بابەتی وتارەکەی هەیە. | زانیاری تەواو و پێویستیی بابەتی وتارەکەی نیە. |
| (٥) | شارەزایی باشی دەربارەی وەرگرانی پەیام هەیە. | شارەزایی باشی دەربارەی وەرگرانی پەیام نیە. |
| (٦) | ئاستی وەرگران لەو بابەتە لە ئاستی ئەو نزمترە. | ئاستی وەرگران لەو بابەتە لە ئاستی ئەو بەرزترە. |
| (٧) | بابەتی وتار زۆر ورد نیە، داتای ژمارەیی کەمە. | بابەتی وتار وردە و داتای ژمارەیی زۆری تێدایە. |
| (٨) | بابەتی وتار زۆر گرنگ و مێژوویی و کاریگەر نیە. | بابەتێکی گرنگ و مێژوویی ئەوتۆی شایانی پاراستنە. |
| (٩) | کەناڵی ڕاگەیاندنەکە ڕاستەوخۆ و لەبارە بۆ وتار. | کەناڵی ڕاگەیاندنەکە ڕاستەوخۆ و لەبارنیە بۆ وتار. |
| (١٠) | وتارەکە زۆر درێژنیە و بڕگەی زۆری تیادا نیە. | وتارەکە درێژە و بڕگە بڕگەیە. |

وتاری تێکەڵ ئەوەیە، نێرەر سەرەدێڕ و خاڵە گرنگەکان وەکو تێبینی دەنوسێتەوە و لەبەر چاوی خۆی دادەنێ، بۆ ئەوەی لە کاتی وتاردا لەبیریاننەکا و باسیانبکا. هۆکارەکانی بەکارهێنانی وتاری تێکەڵ دەکەونە نێوان ستونی یەکەم و دوەمی خاڵەکانی خشتەی سەرەوە.

هەڵبەتە وەرگری وتار (گوێکر و خوێنەر) لە سەرەتادا تاڕادەیەک ئازدان لە گوێگرتن یان خوێندنەوەی هەر وتارێک، هەندێ جاریش بارودۆخ یان گرنگیی وتارەکە وەرگر ناچارەکا، وتارێک وەربگرێ و لە هەردو دۆخدا دەبێتە شیکەرێکی ئاسایی وتار، بەڵام پسپۆڕی شیکردنەوەی وتار ناچارە ئەو وتارە شیبکاتەوە، کە پێویستە بۆ شیکردنەوە و جیاوازییێکی زۆری هەیە لەگەڵ شیکەری وتاری ئاسایی.

لە لایەکی تر ئەگەر بپرسین: وەکو مامۆستایەک، بۆ شیکردنەوەی وتار چ جۆرە نمونەیەک باشترە بۆ ڕاڤەکردنی بابەتەکە؟ نمونەی وتاری وتراو و نوسراو یان نمونەی دەسکرد؟

لە ڕێزمانی لاساییکەرەوەی دێریندا، ڕێگەنەدەدرا نمونەی ڕستە لەلایەن زمانەوانەکان بهێنرێتەوە بۆ ڕاڤەکردنی ڕێسا و بابەتێکی ڕێزمانی، بەڵکو دەبوایە نمونەکان لە بەرهەم و نوسینەکانی کەڵە شاعیر و نوسەرە مەزنەکان وەربگیرێن، تاکو لە ڕێزمانی نوێدا لە نیوەی دوەمی پەنجاکاندا لەسەردەستی زمانەوانەکان بەگشتی و چۆمسکی بەتایبەتی ئەو ڕێچکەیە شکێنرا و نمونەی زمانی بە پێی مەبەست لای هەر ئاخێوەرێکی زمان بەتایبەتی ڕێزماننوسەکە دەهێنرایەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەوە و ڕاڤەکردنی هەر بابەتێکی زمانەوانی وانەبێژ تا ڕادەیەک ناچارە نمونەی دەسکرد بێنێ بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکە، ئەمە بەگوێرەی شیکردنەوەی وتاریش ڕاستە، لە کۆتاییشدا بۆ پڕاکتیزەکردنی کارەکیی بابەتەکە، وا باشترە چەند وتارێکی باو هەڵبژێردرێن و پێوەربەندانە شیبکرێنەوە.

## بەندی چوارەم ـ ڕۆڵی مەبەستزانی (Pragmatics) لە شیکردنەوەی وتاردا:

بە شێوەیەکی گشتی مەبەستزانی (علم المقاصد/التداولية-Pragmatics): بریتیە لە لێکدانەوەی زمان بە پێی دەوروبەری ئاخاوتنەکە[١]. لێکدانەوە و شیکردنەوەی وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستەی هەر دەقێک لە ڕوی پێکهاتە و واتاوە، کەمتر شیکەری وتارەکە دەگەیەنێتە ئامانجەکەی، چونکە لێکدانەوەی وشە و ڕستەکان لەناو چوارچێوەی واتای گشتی دەقەکە و ڕەوتی ئاخاوتن نەبێ، شیکەری وتار بە لاڕێدا دەبا. بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەک:

---
(١) Lievinson :١٩٩٧ p ٩ , p٢١ , p ٢٤.

**- بانگی مەغریبی دا.**

بە پێی دەوروبەری وتنی ئەو ڕستەیە واتا و مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێ و لێکدەدرێتەوە:

**لێکدانەوەی یەکەم:** ئەگەر یەکێک بپرسێ: کاتژمێر چەندە؟ واتاکەی دەبێتە ئەوەی (کە شەو داهات، کاتی بانگی شێوانە).

**لێکدانەوەی دوەم:** ئەگەر یەکێک نوێژی ئێوارە (عەسر)ی نەکردبێ و پێی بوترێ، (بانگی مەغریبی دا). واتە؛ نوێژی عەسرت چو.

**لێکدانەوەی سێیەم:** ئەگەر یەکێک دەستنوێژی شوشتبێ و لەسەر بەرماڵ چاوەڕێی بانگی شێوان بێ، کە پێی دەوترێ: (بانکی مەغریبی دا). واتە؛ نوێژەکەت بکە.

**لێکدانەوەی چوارەم:** ئەگەر کەسانێک بەڕۆژوبن و پێیان بوترێ (بانگی مەغریبی دا). واتە؛ ڕۆژوەکەتان بشکێنن.

**لێکدانەوەی پێنجەم:** ئەگەر باوکێک منالەکەی لەسەر شەقام یاری بکا و تاریک داهاتبێ، پێی بڵێ کوڕم (بانگی مەغریبی دا). واتە؛ بەسە! واز لە یاری بێنە و وەرە ماڵەوە.

کەواتە؛ ئەگەر واتای گشتیی هەر ڕستەیەک بەپێی لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان وشەکانی دەرنەکەوێ، ئەوا مەبەست و واتا تایبەتیەکەی بەپێی دەوروبەر و ڕەوتی دەقەکە دەردەکەوێ. واتە؛ مەبەستزانی گەلاڵەی ئەو بارودۆخانەیە کە دەربڕینەکەی تیادا دەوترێ. نەک هەر ڕستەکان، تەنانەت وشەکانیش ئەگەر نەکەونە ناو ڕستە و ڕستەش نەکەوێتە ناو دەقێک و لە سۆنگەی مەبەستزانیدا (پڕاگماتیک) لێکنەدرێتەوە، ئەو واتایە ناگەیەنێ کە ئاخێوەر مەبەستیەتی. بیردۆزەی پاسادان (نظرية التحقيق Actualization) لەلای زمانەوان (بالی) لەسەر ئەو بنەمایە دانرا کە خودی وشەکان بیرۆکەی گریمانەیین (virtual) و واتاکانیان ڕەها و گشتیە و بەرجەستەیی نین، بەڵام ئاخاوتن بایەخ بە دیاردە بەرجەستەییەکان (الظواهر المادية) دەدا. لەو کاتەی زمان دەبێتە ئاخاوتن، واتە؛ بیرۆکەی دەرجەستەکان (المفاهيم المجرده ـ Abstracts) دەگۆڕێن بۆ بیرۆکە بەرجەستەکان (concrete) کە پەیوەستن بە کەتواری ژینگەی ڕاستەقینە. بۆنمونە: وشەی (خوشک) (اخت sister) ئاماژە بە بیرۆکەیەکی گشتی دەکا، بەڵام کاتێک دەکەوێتە بواری ئاخاوتن، دەبێتە هێما بۆ کەسێکی دەستنیشانکراو، بەتایبەتی لەو کاتەی دیارخەرێکی وەک (م، ت، ی....) ی دەچێتە سەر. بەم پێیە، (کرداری پاسادان) بریتیە لە گۆڕینی کەرەسەی ڕەهای گریمانەیی بۆ کەرەسەی سەلمێنراو[1] و دەبێتە (خوشکم، خوشکت، خوشکی....).

کەواتە؛ بۆ شیکردەوەی وتار پێویستە بە هەردو پلیکانەی وشەسازی و ڕستەسازی سەرکەوین و لە بانێژەی مەبەستزانیەوە بچینە سەربانی دەق و لە ڕەوتی ئاخاوتنەوە مەبەست و ئامانجی دەقنێر هەڵێنجین.

((وشەی دەق (textus)ی لاتینی لە فرمانی (نص) (texter) هاتوە کە بە عەرەبی دەبێتە (نسج) دەچنێ. بۆیە واتای دەق دەبێتە چنین. جا چۆن چنین لە کۆمەڵە کردەوەیەک و تێکئاڵانی داوەکان و چونەپاڵ یەکێکیان پارچەیێ شاڵی توندوتۆڵ پێکدەهێنێ ـ دەقیش بریتیە لە چنینی وشەکان و پەیوەندییان بە یەکترییەوە، ئەم دوانە هەرچەندە پەرش و بڵاوبن لەگەڵ یەکتری کۆدەکرێنەوە و زاراوەی دەق (نص) دێتەئاراوە))[2].

---

(١) اتجاهات البحث اللسانی. میلکا إفيتش. ترجمة سعيد عبدالعزيز مصلوح. وفاءكامل فاية. الجزائر. ص٢٢٤.

(٢) دەروازەیەك بۆ دەقناسی و بوارەکانی پراکتیزەکردنی. محمد الأخضر الصبيحی. وەرگێڕانی ئیبراهیم احمد شوانی. هەولێر. ٢٠١٦. ل١٥.

ئێستا بۆ نمونە، کۆمەڵێک وشەی (دوێنێ، ئەمڕۆ، بەیانی، پێشتر، ئێستا، دوایی، لێرە، لەوێ، من، تۆ، ئەو، ئەوان، ئەمە، ئەوە، ئەوانەی تر، هەموان، هەندێکیان،.... هتد) لەناو دەقێکدا نەبێ و لە ڕەوتی ئاخاوتندا نەبێ و ئەگەر شیکەری وتار باش ئاگاداری دۆخەکە و دەوروبەری وتارەکە و کات و شوێنەکان نەبێ و کەسەکان نەناسێ، ناتوانێ لێکدانەوەیەکی ورد و شیکردنەوەیەکی پەسەند بۆ وتارەکە بکا، چونکە شیکردنەوەی ڕێزمانی و واتایی تەنیا ئەرک و کەوتگەی وشەکان دیاردەکا و بواری واتاسازی لە چوارچێوەی واتای ڕستەکان دەرناچێ و تێکڕای واتای ڕستەکان بەیەکەوە نابەستێتەوە.

شیکەری وتار سەرباری لێکدانەوە و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان وشەکان، ڕستەکان،.... وەکو زمانەوانێک لە میانی واتاکانیشیان دەتوانێ پەیوەندیی نێوان خاوەن وتار و وەرگرەکەی و کەسانی ناو وتارەکە بدۆزێتەوە.

کەواتە؛ بە تەنیا بە شیکردنەوەیەکی زمانەوانیی تیۆری ناتوانرێ لە کرۆک و ناوەرۆکی مەبەستی دەقەکە یان وتارەکە بگەین. بۆیە سەرباری شیکردنەوەی ڕێزمانی و واتاسازی بەبێ لێکدانەوەیەکی مەبەستزانیانە (Pragmatical Analysis). شیکەری وتار ناتوانێ ئەو ئامانجە بپێکێ کە گەیشتنە بە خودی مەبەستی خاوەن وتار. ناتوانرێ پەی بە زمان ببرێ (ئەگەر لە گوتار نەگەن و لە گوتار ناگەن ئەگەر ئاگاداری ویست و مەبەستی ئاخێوەرەکان نەبن و ئەگەر هەوڵنەدەن کارتێکردنی ڕچەی (سیاق)[١] گوتەکانیان نەزانن.)[٢].

دەرەنجام، شیکەری وتار بە تەنیا پشت بەو واتا ڕوتانە نابەستێ کە لە ئاستەکانی زمانەوانی وەدەستیاندەهێنێ، بەڵکو ئەو بیرۆکە واتاییانە لەبۆتەی دەوروبەر دەتوێنێتەوە و دەیانپاڵێوێ، تاکو دەگاتە نویشکی مەبەستی خاوەن وتار.

ئەو بوارانەی شیکەری وتارەکە وتارەکەی تیادا دەپاڵێوێ بریتین لە چەند ڕەهەندێکی دەوروبەر، لە ژێر ڕۆشنایی مەبەستزانیدا:

**یەکەم ـ ڕەهەندی زمانەوانی (Linguistics Dimension):**

هەر قسەکەرێک بۆ ناردنی بیرۆکەکانی مێشکی خۆی، بە پێی ڕیزبەندیی کات، ڕوداوەکە دابەشدەکا بۆ زنجیرە واتایەک و هەر گۆڕانکارییەک لە زنجیرە دەنگێک باردەکا کە پێیان دەگوترێ ڕستە، بە کۆکردنەوەی ئەو وردە واتایانە پەیکەری بیرۆکەکە دادەڕێژرێ.

کەواتە؛ دەنگە سەرەکیەکان هەڵگری واتاکانن، دەفری دەنگە سەرکیەکان (فۆن و فۆنێمەکان) لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن. هێز و ئاوازەش ئەو دەفرە دەنگیەن کە جۆری واتای زنجیرە دەنگەکە، واتە؛ ئەرکەکەی (هەواڵدان، پرسیار، فەرمان، سەرسوڕمان....) جیا دەکاتەوە. ئەمەش هەموی لە ئاستێکی زمانەوانیدا تاوتوێدەکرێ کە پێی دەگوترێ: (ئاستی دەنگسازی). هەرچەندە بەهۆی واتاوە کەرەسە دەنگسازیەکان دەستنیشاندەکرێن، بەڵام خودی ئاستەکە واتادار نیە.

لە نێوان لێکدانی وردە دەنگەکان، وەستانی زۆر کورت هەن (space) کە وشەکان لە یەکتر جیادەکەنەوە و وشەکانیش بە پێی کەوتگەیان و ڕیزبەندییان لەناو ڕستە پۆلیندەکرێن بۆ بەشەکانی ئاخاوتن و بە وردە واتاکانیان

---

(٢) ڕچەی ئاخاوتن = ڕەوتی ئاخاوتن = ( سیاق الكلام)

(٢) دەروازەیەك بۆ دەقناسی و بوارەکانی پراکتیزە کردنی. محمد الأخضر الصبیحی. وەرگێڕانی ئیبراهیم احمد شوانی. هەولێر. ٢٠١٦. ل٤٢.

بەشداریدەکەن لە دارشتنی واتای ڕستە. ئەم کەرەسانەش (وشە و ئامرازەکان) لە ئاستێکی زمانەوانیدا باسدەکرێن کە ئاستی وشەسازیە و واتادارە.

لەئاستێکی تردا کە ئاستی ڕستەسازیە، زنجیرە دەنگی درێژ بەهۆی وەستانی درێژ جیادەکرێنەوە و لەهەر ڕستەیەک گۆڕانکارییەکی تازە دەخرێتەڕو. شێوەی ڕیزبەندیی بەشەکانی ئاخاوتن لەناو ڕستەی هەر زمانێکدا بووە بە سیستەمێک کراوە بە ڕێسا. بەم پێیە ئاستی ڕستەسازی ئاستێکی ڕۆنێنراوی واتادارە.

لە کۆتایی ئەم ڕەهەندی زمانەوانیەدا نۆرەی ئەوە دێ، واتاکان کۆبکەینەوە. لەو پەیوەندیە لەخۆوەی لەنێوان (کەرەسەی دەنگی) و ناولێنراوەکان (کەرەسەی بەرجەستە یان دەرجەستە) واتای وشەکان دروستدەبێ و لە پەیوەندیی نێوان واتا و ئەرکی وشەکان (بکەر، بەرکار، کار،.... هتد) واتای ڕستەکان دێتە ئارا. ئەمەش لەئاستێکدا تاوتوێدەکرێ کە ئاستی واتاسازیە. لەو ئاستەدا ڕستەی دروست و نادروست جیادەکرێنەوە و لێکدانەوەکانی ئاستی ناوەوە لەگەڵ دەربڕینەکانی ئاستی سەرەوە بەراورد دەکرێن:

ـ ئاگرەکە خانوەکەی سوتاند و ئاوەکە کوژاندیەوە. (دروستە).

ـ ئاوەکە خانوەکەی سوتاند و ئاگرەکە کوژاندیەوە.* (نادروستە).

لەڕوی واتاسازیەوە، لایەنێکی گرنگی شیکەرەوەی دەق ئەوەیە، دەبێ زۆر کارامە بێ لە دۆزینەوەی واتا شاراوەکان. یان واتا ناواخنەکان، ئەمەش ئەرکێکی گرنگی مەبەستزانی.

واتا ناواخنەکان: ئەو واتایانەن کە لە ناو واتا دیار و ئاشکراکەی وشەکانی ڕستەدا خۆیان مەڵاسداوە، یان شاردۆتەوە.

پ: کەی ژندەهێنی؟

و: دەمەوێ خوێندنی باڵا تەواو بکەم. (واتە؛ جارێ ناهێنم).

پ: ئەرێ سەعات چەندە؟ نوێژی بەیانی بکەم؟

و: ڕۆژ لە تاقی عاسمانە. (واتە؛ نوێژ نەماوە و مەیکە).

کورد دەڵێ: (دەڵێی لە گوێی گادا نوستوە).

(واتە؛ ئاگای لە هیچ نیە).

سەرباری ئەوە هەر ڕستەیەک، جگە لە واتای وشە ڕیزکراوەکانی ناو ڕستە، ئاماژەش بەکۆمەڵێ واتای تر دەکا. وەک:

ـ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تورکیا گەڕایەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کوردستان هەیە و هەرێمێکی هەیە و حکومەتی هەیە و سەرۆکەکەی سەردانی تورکیای کردوە.

**دوەم ـ ڕەهەندی ئاوەڵکاری (Adverbial Dimension):**

ئاوەڵکارەکان چەند لایەنێکی دەوروبەری ڕوداوی وتارەکە بەگشتی و گۆڕانکاریی ناو کاری ڕستەکان بەتایبەتی، لەڕوی کات وشوێن و چۆنیەتی ڕوندەکەنەوە. شیکەری وتار پێویستە ئەو ئاوەڵکارانەی لا ڕون و ئاشکرا بێ، تاکو

وەک کامیراپەکی چاودێری تیشکۆ بخاتە سەر هەمو کونج و پەردەکانی سەر شانۆ و دەرەوەی شانۆ. بەم پێیە شیکەری وتار دەبێ زانیاریی تەواوی دەربارەی ئاوەڵکاری کات و ئاوەڵکاری شوێن هەبێ:

**ا- ئاوەڵکاری کات:** لەڕستەسازیدا کاتی ڕودانی کارەکە بەهۆی مۆرفیمەکانی کاتەوە کە بەڕەگی کارەوە دەلکێن دەستنیشاندەکرێ (ا، ی، ت، د، و) بۆ ڕابردو، (ە، Ø) بۆئێستا و (ێ) بۆ داهاتو:

- باشبو. (ڕابوردو).
- باشە. باشبە. (ئێستا).
- باشبێ. (داهاتو).

بەڵام شیکەری وتار بەو هێندە (بەوەندە) بڕی ناشکێ و دەبێ زانیاریی تەواوی هەبێ لەسەر جۆرەکانی ئەو کاتانەی پەیوەندییان بە ڕوداوەکانی ناو وتارەکە هەیە:

١- دەبێ شارەزایی هەبێ لەسەر مۆرفیمە بەندەکانی کات. بۆ نمونە: دەبێ جیاوازی بکا لە نێوان:

- دەفڕین. (ڕانەبوردو). (کەسی یەکەمی کۆ).
- دەفڕین. (ڕابردوی بەردەوام). (کەسی دوەم و سێیەمی کۆ).
- دەفڕیین. (ڕابردوی بەردەوام). (کەسی یەکەمی کۆ).

٢- دەبێ شارەزایی هەبێ لەسەر ئاوەڵکارەکان. بۆ نمونە: دەبێ بزانێ (زو، درەنگ، ئەمڕۆ، دوێنێ، بەیانی، ئێستا، پار، پێرار، ئەوسا.... هتد) کوتومت چ کاتێک و چ بەروارێک دەگەیەنن. (کاتژمێرێکی تر) چ کاتژمێرێک دەگەیەنێ و تێکڕای کاتی ڕوداوە ورد و درشتەکان بزانێ، چونکە پەیوەستن بە ڕوداوەکانی ناو وتارەکە و خاوەن وتار ئاماژەیان پێ دەکا.

٣- دەبێ زانیاریی هەبێ لەسەر مێژوی پێش وتار و خەمڵاندنی کاتی ڕوداوەکانی داهاتو. واتە؛ پێویستە شیکەری وتار زانیاریی باشی هەبێ لەسەر ئەو ڕوداوانەی لەکاتی ڕابوردو ڕویانداوە و لە وتارەکە ئاماژەیان پێ کراوە، یان پەیوەندییان بە ڕوداوەکە هەیە. وەک: لەکاتی ڕاپەڕیندا، لەپەنجاکاندا،، لەسەردەمی ڕژێمدا، لەئەنفالەکاندا، لەشەڕی برا کوژیدا، کە کەرکوک ڕزگار کرا، ڕۆژی ١٦ ئۆکتۆبەر، دوای ٣١ی ئاب، لە کابینەی یەکەمدا.... سەردەمی شاخ، کاتی خەباتی نهێنی.... هەروەها خەمڵاندنی ئەو کاتانەی ڕوداوەکانی داهاتویان تێدا ڕودەدا. وەک: کە هەڵبژاردن تەواو بو، ئەو دەمەی قەیرانی ئابوری کۆتایی دێ، دوای سەربەخۆی کوردستان.... هتد.

٤- هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ دەسپێکردنی وتار، یان چاپکردنی. لە وتاری گفتوگۆدا ئایا قسەکەر لەکاتی خۆیدا بەشدارییکردوە؟ ئایا کاتەکەی بەشێوەیەکی لۆجیکی و بەرهەمدار بەکارهێناوە؟ ئایا کاتی پێویستی وەرگرتوە؟ یان کاتی بەفیڕۆداوە؟ ئایا زانیویەتی لە چ کاتێک خۆی تێهەڵقورتێنێ؟ و لە چ شوێنێک بوەستێ؟ یان بێدەنگ بێ؟ ئایا کاتی پێویستی بۆ بەرامبەر فەراهەمکردوە؟ واتە؛ بەشێوەەکی کارامە لەبەڕێوەبردنی کاتدا سەرکەوتوبوە؟

**٢- ئاوەڵکاری شوێن:** پێویستە شیکەری وتار ئاگاداری ئەو داتایانە بێ کە لە وتارەکەدا پەیوەندییان بە شوێنەوە هەیە. زانیاریی تەواوی هەبێ لەسەر ئەو ئاوەڵکارانەی شوین کە لە وتارەکەدا هەن. وەک: (ئێرە، ئەوێ،

لەو شوێنەدا، لە پێشەوە، لە هەمان جێدا، لە دواوە، لە تەنیشت، لەملا و لەولادا.... هتد). دەبێ شارەزای ئەو شوێنانە بێ کە ناویان هاتوە. وەک: (قەندیل، باستیل، ئیمراڵی، نوگرەسەلمان، هەولێر، گەرمیان.... هتد). دیسان ئەو شوێنانەش بزانێ کە نازناویان بۆ بەکارهاتوە. وەک: (پایتەختی هەرێم، پایتەختی ڕۆشنبیری، شاری هەڵمەت و قوربانی، شارەکەی قازی، شارەکەی حاجی قادر.... هتد).

لە لایەکی تر پێویستە، شیکەری وتار شارەزایی هەبێ لەسەر ئەوەی ئایا ئەو شوێنە گونجاوە بۆ ئەو جۆرە وتارە؟ زۆرجار دەوترێ (ئێرە شوێنی ئەو قسانە نیە).

ئایا شوێنی وەستانی خاوەن وتار (لە وتاری وتراوا) گوجاوە؟ ئایا شوێنی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی وتاری نوسراو لەبارە؟ ئایا لەو شوێنەدا چەند گوێگر یا خوێنەری هەن؟ چەندی لایەنگر و چەندی بێلایەنن و چەندی پێچەوانەن؟

ئایا خاوەن وتار لە ڕوی شوێندا بێلایەن بوە؟ یان ناوچەپەرست یان لایەنگری ناوچەیەک بوە؟ ئایا بە ویژدانەوە مافی خۆی داوە بەو شوێنانەی باسیان دەکا؟ ئایا بە ئەنقەست هیچ شوێنێکی فەرامۆشکردوە؟ تەنانەت ئایا نازناوی خۆی شوێنی لە دایکبونیەتی؟

جگە لەمە شیکەری وتار دەبێ ئاگاداری ئەوەش بێ، ئایا ئەو ڕستە یان وتە و نوسراوانە بۆ چ شوێنێک گونجاون و بۆ چ شوێنێک نەشیاون. وەک: (بێدەنگی بپارێزن، وێنەگرتن قەدەغەیە، تکایە لێرە مەوەستە، بوەستە، خێرایی کەمکەرەوە، جگەرە مەکێشە، شوێنی پەڕینەوە، ژینگە بپارێزە، شوێنی نوێژی ئافرەتان، منداڵی پێش ١٨ ساڵ قەدەغەیە، بڤڤەیە.... هتد).

**سێیەم ـ ڕەهەندی کەسی (Individual Dimension):**

لە ڕەهەندی کەسیدا شیکەری وتار داتا و زانیاریی تەواو لەسەر کەسەکانی ناو وتارەکەدا کۆدەکاتەوە. پێویستە زۆر بە کارامەیی ناسنامە و ژیاننامەی ئەو کەسانەی خوارەوەی لە نەخشەی مێشکیدا هەبێ:

**١ـ من و ئێمە:** بە شێوەیەکی گشتی ڕاناوی (من/ م) نوێنەرایەتیی خاوەن وتار دەکا. ئایا شیکەری وتار تا چ ڕادەیەک (من/ م) دەناسێ؟ چ زانیارییەکی گشتی و تایبەتی دەربارەی هەیە: ناسنامە، بنەچە، کەسایەتی، تەمەن، لایەنەکانی: مێژویی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشبیری، ئاینی، ڕامیاری، ئابوری، دەرونی، نیشتمانی، نەتەوەیی، مرۆڤایەتی،.... کار و پیشە و بەهرە و.... هتد.

بە هەمان شێوە (ئێمە/ ین/ مان) کێن؟ ئایا ڕۆڵ و پایە و ڕیزبەندیی (من) لەناو (ئێمە)دا چیە؟ ئایا لە وتارەکەیدا زۆر وشەی (من) دوبارەدەکاتەوە؟ یان (ئێمە)؟ ئایا لە میانی ئەو دوبارەکردنەوەدا خۆپەرستە؟ یان خۆ بە زل دەزانێ؟ یان مەبەستی چیە؟ ئایا ڕێز و پەیوەندیی لەگەڵ یار و نەیارانی چۆنە؟

لەلایەکی تر شیکەری وتار هەمان ئەو زانارییانەی پێویست بو لەسەر کەسی یەکەمی (تاک و کۆ) هەبێ، دەبێ هەمان زانیاریشی لەسەر کەسی دوەمی بەرامبەر (تا و کۆ) (تۆ/ ی/ ت، ئێوە/ ن/ تان) هەبێ، ئەگەر گوێگر بێ، یان خوێنەر. ئایا چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان خاوەن وتار (کەسی یەکەم/ من ـ ئێمە) و لایەنی بەرامبەر (کەسی دوەم/ تۆ ـ ئێوە) دا گوێگر بێ یان خوێنەر هەیە؟ ئایا هەمان بەرەن، یان بەرەی جیاواز؟ لەهەمان پایە

و ئاستن؟ یان ئاستی جیاواز؟ لە هەمان چین و تەمەنن؟ یان جیاوازن؟ بەراوردیان لە ڕوی ڕەگەز، نەتەوە، ڕامیاری، ڕۆشنبیری، ناوچە، زمان، دیالێکت، دەسەڵات پیشە، بەرژەوەندی.... هتد.

لەلایەکی تر کەسی سێیەم تاک بێ، یان کۆ (ئەو/ Ø/ ی ـ ئەوان/ ن/ یان) ئەو کەسەیە کە لە مەیدانی وتارەکەدا ئامادەیی نیە، بەڵام بە زۆری تەوەری سەرەکیی وتارەکە لەسەر ئەو دەسوڕێ. بەهەمان شێوەی دو کەسەکەی تر زۆر پێویستە شیکەری وتار باش بیناسێ و زانیاری ورد و تەواوی دەربارە هەبێ، بۆ ئەوەی خەمڵاندنێکی ڕاست و گونجاو بۆ ناوەڕۆکی وتارەکە بکا و بتوانێ ڕادەی ڕاستی و دروستیی هەڵبسەنگێنێ.

٢ـ هەروەها شیکەری وتار دەبێ زانیاریی باشی دەربارەی ئەو کەسانە هەبێ کە لە وتارەکەدا بە ناو ناویان هاتوە، یان نازناویان بەکارهێنراوە.

٣ـ لە میانی وتارەکەدا شیکەری وتار لە سۆنگەی ناسینی کەسەکان و بەراوردیان بە بیرۆکە و بابەت و داتاکانی ناو وتارەکە سەنگی وتارەکەی بۆ دەرەکەوێ و دەگاتە ئەو ئەنجامەی مەبەستی خاوەن وتار لەم وتانە چیە؟

٤ـ هەندێ جار بە پێچەوانە، لێکدانەوەی واتا و شێواز و مەبەستی ڕستەکان، شیکەری وتار خەمڵاندنێک بۆ کەسەکان دەکا.

ـ بە یارمەتیت، دەتوانی ئەو ڕستەیەم بۆ ڕاڤە بکەیتەوە؟

+ بێدەنگ بە.

ـ ببورە، مامۆستا، تێنەگەیشتم.

+ دانیشە! دەبەنگ!

**چوارەم ـ ڕەهەندی دەروزمانی (Psycho Linguistics):**

لە ڕوانگەی مەبەستزانیدا (پراگماتیک) بۆ زانینی ئەو مەبەستەی کە خاوەن وتار لە دەربڕینەکانی بارکردوە پێویستە دەوروبەری دەرونیی (نێرەر)، (پەیام) و (وەرگر) لەو کات و شوێنەی وتارەکەی تیادا ئاڕاستە کراوە، ڕەچاوبکرێ. بەم پێیە دەتوانرێ ڕەهەندی دەروزمانی هەر یەکێک لەو سێ توخمە بە جیا لێکبدرینەوە:

**١ـ نێرەری وتار:**

شیکەری وتار بەبێ ئاگاداربون لە باری دەرونی نێرەری وتار ناتوانێ لە لێکدانەوەی وتارەکە ئەنجامێکی باش و سەرکەوتو وەدەستبێنێ. بۆیە ئەگەر زانیاریی تەواوی نەبو لەسەر باری دەرونیی هەردو کاتی (هەنوکەیی/ئێستایی) و بەردەوامی (هەمیشەیی) نێرەری وتار، دەبێ شارەزاییەکی باشی هەبێ و بەهرەدار بێ لە خەمڵاندنی ئەو بارودۆخە، ئەویش لە میانی تۆنی دەنگ، ڕەنگ و ڕوخسار، وەستان و پچڕان، شێوەی دەربڕینی وشە و ڕستەکان و ڕەوتی ئاخاوتنی. تەنانەت لە میانی وشە و ڕەوتی ئاخاوتن لە نوسینیشدا هەست بەو بارودۆخە دەکرێ. ئەمە بۆ زانینی، یان خەمڵاندنی بارودۆخی کاتی، بەڵام بۆ زانینی بارودۆخە هەمیشەییەکە، بەراوردی ئاخاوتن و وتارەکانی پێشتری بکرێ ئەنجامێکی پەسەندی دەبێ.

بۆ دەستنیشانکردنی باری دەرونی نێرەر، گرنگە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرین:

١ـ تەمەنی نێرەر و تەمەنی وەرگرەکان.

٢ـ ڕەگەزی نێرەر و ڕەگەزی وەرگرەکان.

٣ـ پلەوپایەی نێرەر و پلە و پایەی وەرگرەکان.

٤ـ ڕادەی ڕۆشنبیری نێرەر و وەرگرەکان.

٥ـ ئایدیۆلۆژیای نێرەر و وەرگرەکان.

ئەم خاڵانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕێژەی ئارامی و شپرزەیی نێرەری وتار. سەرباری ئەمانەش ڕادەی گونجانی جۆری وتارەکە لەگەڵ پسپۆڕی و ئاستی زانستیی خاوەن وتار لەو بابەتە. ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێکرا، دەربارەی نێرەرێکی دەرون ساغە. واتە؛ نێرەرێک کە هیچ نەخۆشییەکی دەرونی و گرفتی جەستەیی نەبێ، بەتایبەتی لە وتاری وتراودا.

لایەنێکی تریش کە کاریگەریی لەسەر باری دەرونی نێرەر هەیە، ئامرازی گەیاندنەکەیە. ئایا وتارەکە ڕاستەوخۆ بەرامبەر وەرگر وتراوە؟ ژمارەی وەرگرەکان و دور و نزیکی لێیان چەندە؟ ئایا وتارەکە نوسراو و چاپکراوە؟ ئەویش لەشێوەی پەڕتوکە؟ گۆڤارە؟ یان ڕۆژنامەیە؟ هەروەها ئەگەر وتارەکە ڕاستەوخۆیە، لە ڕێی کەناڵێکی ڕادیۆیە؟ یان تەلەفیزیۆنە؟ هەروەها پەخشی یەکسەرە؟ یان تۆمارکراوە؟.

ئاشکرایە تاکو نێرەر و وەرگر پەیوەندییان ڕاستەوخۆ و یەکسەر بێ، هەستیاریی دەرونیی نێرەر توندتر دەبێ.

لایەنێکی تری ڕەهەندی دەروزمانی لەسەر نێرەری وتار ڕادەی ئەو فشارەیە کە لەسەر نێرەرەکە هەیە. واتە؛ ئایا خاوەن وتار ئارەزومەندانەیە و بە تەواوی خواست و ئازادیی خۆی وتارەکەی دەربڕیوە؟ یان فشارێکی لەسەر بوە؟ وەک فشاری هێزێکی لە خۆی بە دەسەڵاتتر، فشاری کۆمەڵایەتی، فشاری بەرژەوەندیی پلە و پایە و سامان، فشاری نەخۆشییەکی جەستەیی، فشاری نالەباریی کەش و هەوا، فشاری بژێوی ژیان، فشاری ئاینی، سەربازی،.... هتد، چونکە هەمو فشارەکان دەبن بە مەترسییەک لەسەر دەرونی نێرەری وتار، وەک مەترسیی مردن، مەترسیی لەدەستدانی پلە و پایە و سامان، مەترسیی لەدەستدانی موچە یان بژێوی ژیان، مەترسیی لەدەستدانی ئابرو، یان شکۆی کۆمەڵایەتی....

پێچەوانەی ئەمەش، جۆرە فشارێکی تر هەیە کە لە ئاکاری چاوچنۆکی و خوییێکی نامرۆڤایەتی سەر هەڵدەدا، ئەویش ئەو فشارە دەرونییە کە نێرەرەی وتار دەیەوێ بە ناشایستەیی دەسکەوتێکی بەرجەستەیی (مادي Material) یان دەرجەستەیی (معنوي Moral) وەدەستبێنێ. ئەو کاتە ناوەڕۆکی وتارەکە سەرباری ناڕاستی، مۆرکی مەرایی و چەواشەکاری پێوە دیارەبێ. بە شێوەیەکی گشتی تێکڕای وتارەکانی پڕوپاگەندە و ڕێکلام دەکەونە ئەو چوارچێوەیە و نیشانەی پرسیار دەخەنە سەر نێرەری وتار.

**٢ـ پەیامی وتار:**

دەبێ شیکەری وتار بە وردی سەرنجی دەربڕینەکانی ناو وتار بدا: ئایا خاوەن وتار زمانی گوڵی بەکار هێناوە؟ یان زمانی زبر؟ هەروەها ڕادەی نەرمی یان زبری زمانەکەی چەندە؟ ئایا مەبەست لەو ڕادەی نەرمیە چیە؟ مەبەستەکەی باشە یان خراپە؟ واتە؛ ئایا پەیامێکی سودگەیێنە بە وەرگر و دەیەوێ بەم زمانە نەرمە بڕوا بە

وەرگر بهێنێ و لە کرۆکی بابەتەکە تێبگا؟، یان بە پێچەوانە پەیامێکی زیانگەیێنە بە وەرگر و سودگەیێنە بەخۆی و دەیەوێ بەم زمانە نەرمە وەرگر لە خشتەببا و چەواشەی بکا؟ یان دەیەوێ خۆی لەلا خۆشەویست بکا؟.

هەروەها ئەگەر زمانەکەی زبر بو، ئایا چ مەبەستێکی لە پشت ئەو زمانە زبرە مەڵاسداوە؟ ئایا مەبەستەکەی بەهەمان شێوەی زمانی زبر سودبەخشە؟، یان زیانبەخشە؟. ئایا مەبەستی لەو زمانە زبرە هەڕەشەیە؟. نیشاندانی هێز و دەسەڵاتی خۆیەتی؟، یان لەو باوەڕەدایە وەرگری وتار بەم شێوازە پتر پابەندی کرۆکی وتارەکە دەبێ.

لەلایەکی تر، ئایا شێوازی وتارەکە هێورکەرەوەیە؟ یان هەڵگیرسێنەر و ئاگرخۆشکەرە؟ ئایا ڕەخنە ئامێزە؟، یان پەندئامێزە؟. ڕوخێنەرە؟ یان بنیاتنەرە؟.

خاڵێکی تری ڕەهەندی دەروزمانیی پەیامی وتار ئەوەیە: تا چ ڕادەیەک پەیامەکە لەگەڵ کات، شوێن، تەمەن، پلە و پایە، ئاستی ڕۆشنبیری، باردۆخی دەرونی، ڕەگەز، نەتەوە و ئایدیۆلۆژیای وەرگر دەگونجێ؟ چونکە ئەمانە هەموی کار لە بارودۆخی دەرونیی وەرگر دەکەن. کارتێکردنەکە ئەرێیی بێ یان نەرێیی، دەرەنجام کار لە ڕادەی پەسەندکردنی دەکەن.

خاڵێکی تری گرنگی وتار لە ڕوی دەروزمانیەوە، ئەو داتا و زانیاریانەن کە خاوەن وتار لە پەیامەکەیدا پێشکەشی وەرگری دەکا. تا زانیاریەکە نوێتر بێ و وەرگر داتاکانی نەبیستبێ، پتر سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێ و دەرونی دەوروژێنێ. بە پێی بۆچونی پرینس (Prince, E F)[1] دەتوانرێ داتاکانی ناو وتار بۆ سێ جۆر پۆلێن بکرێن:

١ـ داتای نوێ: ئەو داتایانەن کە لە مێشکی وەرگردا نین و بۆ یەکەم جار وەریاندەگرێ.

ـ ئەشکەوتی شانەدەر کۆنترین ژینگەی مرۆڤایەتی بوە.

٢ـ داتای ئاماژە پێکراو: ئەو داتایانەن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاماژەی پێکراوە.

ـ شوێنەوارناسان لە پشکنینەکانیان زۆر ئاسەواریان تیادا دۆزیەوە.

٣ـ داتای هەڵێنجراو: ئەو داتایانەن وەرگر دوای بیستنی ڕستە، یان داتای پێشتر لە مێشکی خۆیدا گەڵاڵەی دەکا. واتە؛ لە داتای پێشتر هەڵیدەهێنجێ.

ـ خشلەکان تەمەنیان نزیکەی یەک ملیۆن ساڵ بو.

لە ڕستەی یەکەمدا داتاکان لە مێشکی وەرگر زانیاری نوێ بون، بۆیە پتر سەرنجی وەرگر ڕادەکێشن و بە پێی جۆری داتاکان و جۆری وەرگرەکان کاریگەریی جیاجیای لەسەر دەرونی وەرگر دەبێ. بۆنمونە: هەواڵی مردنی هەر ستەمکارێک بۆ دەستوپێوەندەکانی مەرگەساتە و بۆ ستەملێکراوانی بەزمەساتە.

لە ڕستەی دوەمدا (زۆر ئاسەوریان تیادا دۆزیەوە) یەکسەر وەرگر دەزانێ مەبەست (ئەشکەوتی شانەدەرە)ە، چونکە پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

بەڵام ئەو زانیاریانەی لە ڕستەی سێیەمدا هەن لە ڕستەکانی پێشتر ئاماژەیان پێ نەکراوە (خشلەکان....)، لەدەرنجامی کۆبونەوەی داتاکانی پێشتر، وەرگر ئەو زانیاریە نوێیانە هەڵدەهێنجێ کە (خشلەکان) بەشێکن لە ئاسەوارەکان.

(١) prince, E. F. (١٩٨١). Toward a taxonomy of given – new information . in (ed.) p. Cole Radical pragmatics . New York .Academic Press. P.٢٣٥.

نمونەیەکی تر:

١ـ خالّم لە هەندەران هاتەوە.

لەم ڕستەیەدا زانیاریە نوێیەکان ئەمانەن: خالّیکم هەیە، لە هەندەران بوە و گەڕاوەتەوە.

٢ـ کۆمەڵێک دیاریی بۆ هێنابوم.

تێگەیشتنی داتاکانی ڕستەی دوەم بۆ وەرگر ئاسانترن، چونکە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە، بەتایبەتی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک (ی) لە (دیاریـ+ ی)دا دەگەڕێتەوە بۆ (خالّم) کە لە ڕستەی یەکەمدا هاتوە.

٣ـ کاتژمێرەکە لە زێڕ دروستکراوە.

داتاکانی ڕستەی سێیەم لەڕستەی یەکەم و دوەمدا ئاماژەیان پێ نەکراوە، بەڵام وەرگر لەناو ئەنجامی زانیاریەکانی ڕستەی یەکەم و دوەمدا کە لە ڕەوتی ئاخاوتن بەدوای یەکدا دێن، هەڵیاندەهێنجی.

گومان لەوەدا نیە، لە زمانی ئاخاوتن یا وتاری وتراودا بایەخی زۆر بە ڕەنگ و ڕوخسار و هێماکانی دەموچاو و زمانی جەستە دەدرێ، سەرباری بەرزی و نزمی و ئاوازی دەنگی خاوەن وتار، ئەو ئامرازانە لە ڕوی دەروزمانیەوە دەبن بە بەشێک لە پەیامەکە بۆ گەیاندنی ماهیەتی (Essence) وتارەکە.

دیسان لە وتاری وتراودا، کەسێتی و تەمەن و ڕەگەزی نێرەر، بە بەراورد لەگەڵ وەرگر، کار لە دەرونی نێرەر دەکا و لە چۆنیەتی ناردنی پەیامەکە ڕەنگدەداتەوە.

**٣ـ وەرگری وتار:**

لە ڕەهەندی دەروزمانیدا بایەخێکی زۆر بە وەرگری وتار دەدرێ، بە تایبەتی ئەگەر کرۆکی وتار فێرکاری بێ (وەک لەدەزگاکانی خوێندن و فێرکردنی تیۆری و پراکتیکیدا).

کۆمەڵێک خاڵ هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر ئارامی و شپرزەیی و هەڵچون و داچونی دەرونی وەرگر، کە دەبێتە مایەی چەندێتی تێگەیشتنی پەیامەکە. دەتوانرێ خاڵەکان لە دو گروپ گۆ بکەینەوە:

**گروپی یەکەم:** ئەوانەی پەیوەندییان بە نێرەر و وەرگرەوە هەیە:

١ـ ڕادەی باوەڕبونی وەرگر بە نێرەر: تاکو وەگر پتر باوەڕی بە نێرەر بێ، هێندەش باوەڕ بە قسەکانی دەکا و باشتر لێی تێدەگا. باوەڕ پێبونی وەرگریش لە هەڵوێستەکانی پێشتری نێرەر سەرچاوە دەگرێ.

٢ـ ڕادەی سۆز و خۆشەویستیی وەرگر بۆ نێرەر: تاکو وەرگر زۆرتر نێرەری خۆشبوێ، هێندە زۆرتر مێشک و دەرونی بۆ پەیامکەی دەکاتەوە و ڕاست و ناڕاستەکانی پەسەند دەکا.

٣ـ جیاوازیی ئاست: ئەگەر ئاستی وەرگر، لە ڕوی تەمەن، پلەوپایە، دەسەڵات، بڕوانامە، ڕۆشنبیری، ساماندارى.... لە نێرەر نزمتر بو، بەشێوەیەکی ئاسایی پەیامی وتارەکە وەدەگرێ، ئەگەر بە دڵی بێ، یان بە دڵی نەبێ. ئەو جیاوازیی بەرزی و نزمیە لە شێوازی پەیامەکەشدا ڕەنگدەداتەوە. ئەوانەی هاوئاستن پتر بە زمانی یەکتر دەزانن و پتر لەیەکتر دەگەن و شارەزایی کۆدەکانی خۆیانن.

بە شێوەیەکی گشتی وتار لەئاستێکی نزمەوە بۆ ئاستێکی بەرز نامۆیە و لای وەرگر حەزپێکراو نیە. بۆیە لەڕوی دەرونیەوە وەکو دو ئاستەکەی تر ئارامیی پێوە دیارنیە.

دیاردەیەکی تری گشتی هەیە کە پێچەوانەیە. وا باوە نەوەی نوێ لەئەنجامی کۆکردنەوەی بەهرەی خۆی و بەهرەی نەوەکانی پێشتر، لە نەوەی پێش خۆی وشیارتر و کارامەتر دەردەچێ، بۆیە کەمتر بۆ وتاری نەوەی کۆن ئاسودەیە و کەمتر پەسندی دەکا، ئەمەش پێی دەوترێ (ململانێی نەوەکان ـ صراع الأجیال).

**گروپی دوەم:** ئەوانەی پەیوەندییان بە پەیام و وەرگرەوە هەیە: چۆنیەتی و چەندێتی و ناوەرۆکی وتار پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەدەرونی وەرگرەوە هەیە:

**١ـ** ئایا لەکاتی وەرگرتنی وتاردا دەرونی وەرگر لە چ بارودۆخێکدایە؟ بێگومان چۆنیەتیی وەرگرتنی وتار لای دەرونێکی ئاسودە و ئارام جیاوازیی هەیە لەگەڵ دەرونێکی شپرزە و هەڵچو.

**٢ـ** چۆنیەتیی ئاڕاستەکردنی وتار لەڕوی زمانی زبر و زمانی گوڵ، زمانی پەندئامێز و زمانی هەڕەشە، تۆنی دەنگ و ئاوازە.... هەموبان گۆڕانکاریی نوێ لە دەرونی وەرگر دێننەئارا. هەروەها چەندێتی وتار و پوختی و درێژدادڕی کار لە ڕادەی وەرگرتن و بێزاری وەرگر دەکەن.

**٣ـ** ناوەرۆکی پەیامی وتار تا چ ڕادەیەک گونجاوە لەگەڵ سروشت و خواستی وەرگر؟ لەگەڵ تەمەنی وەرگر؟ کلتور و ئایدیۆلۆژیای وەرگر؟ چونکە هەمو ئەمانە بە پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی وەرگر دەبێ، باری دەرونی وەرگریش کاردانەوەی دەبێ لەسەر ڕێژەی پەسەندکردن و تێگەیشتنی وتارەکە.

**٤ـ** ئایا پەیامەکە کورت و پوخت و زانستی و پێڕەوبەندانەی ئارام بەخشە؟ یان درێژدادڕ و بێسەروبەر و لاواز و بێزارکەرە.

**٥ـ** لەلایەکی تر شێوازی ئاڕاستەکردنی وتار بەپێی جۆر و ئەرکی ڕستەکان تۆنی دەنگ و ئاوازەی دەربڕینیان دەگۆڕێ. بۆ نمونە: ئاوازی ڕستەی زانیاری و هەواڵدان ئاساییە و پرسیاریش ئاوازی جیایە و ئەگەر پرسیارەکە داوای زانیاری بێ، نێرەر چاوەڕێی وەڵامەکەی دەکا و ئەگەر کۆمەڵایەتی بێ، چاوەڕێی وەڵام ناکا:

پ: تەمەنت چەندە؟ (نێرەر چاوەڕێی وەڵام دەکا).

پ: کوی؟ باشی؟ تەندروستیت؟ (نێرەر چاوەڕێی وەڵام ناکا).

ڕستەی فەرماندان هەڕەشە ئامێزە، بەڵام ڕستەی داواکاری نەرمە یان پاڕانەوەیە. ڕستەی هەستدەربڕین بە چاکە، نزاکردنە و بە خراپە، توک[1] و جنێودانە. ڕستەی هەستوروژاندن، پڕوپاگەندە و تانە تێدانە. هەریەک لەم ڕستانە بەشێوەیەک باری دەرونی وەرگر دەگۆڕن و کاردانەوەی جیاوازیان دەبێ لەسەر هەستی وەرگر و ڕادەی تێگەیشتنی.

ـ مۆنالیزا پەیکەری لیۆناردۆ دافینچیە. (هەواڵدانە).

ـ قاوەیەکم بۆ تێکە (فەرماندان)، تکایە سادەبێ. (فەرماندانی نەرم).

ـ خوا بتپارێزێ! (نزا). خوا لەناوت ببا! (توک).

ـ تۆ ژیر و ڕۆشنبیری، دەزانم ئەو سەرکێشیە ناکەی. (هەستوروژاندن).

(١) توک، یا توک لێ کردن = دوعا لێ کردن بۆ چارەنوس ڕەشکردن .

لەوەرگرتنی جۆر و شێوازی ئەو ڕستانە وەرگر کاردانەوەی جیاوازی دەبێ کە لە چوارچێوەی ڕەهەندی دەروزمانیدا باسدەکرێ. هەر ئەمەش وایکرد لە ڕەهەندی دەروزمانیدا بایەخ بە شێوازی وتار بدرێ. شارەزایی لە شێوازی زمانی وتار فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەئامانج گەیشتنی مەبەستی نێرەری وتار. باشترین نمونەش چیرۆکی لێکدانەوەی خەونی پاشایە: کە لەو خەونەیدا هەمو ددانەکانی دەکەوێ، کە یەکەم لێکدەرەوەی خەونەکان دەڵێ (هەمو کەسوکارت دەمرن و تەنیا تۆ دەمێنی) و پاشا هەڵدەچێ و فەرمانی سزادانی دەدا، بەڵام کە لێکدەرەوەی دوەم دەڵێ (خاوەن شکۆ! سەرباری ئەوەی تۆ لە هەمو ئەندامانی خانەوادەکەت پایەدارتری، لە هەموشیان تەمەن درێژتری). پاشا هێوردەبێتەوە و فەرمانی پاداشتکردنی دەدا. واتە؛ هەچەندە ناوەرۆکی هەردو پەیامەکە یەکە، بەڵام شێوازی دەربڕینیان جیاوازە.

**پێنجەم ـ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (Social Dimension):**

سەرباری ئەوەی زمان ئەو ئامرازە سەرەکیەیە مرۆڤی لەناو هەمو بونەوەرەکان کردە گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتی، هەندێ وتە و دەربڕینش هەن لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا بە کردار دادەنرێن. بەپێی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (لە کرداری تێگەیشتندا هەندێ یاسا هەن، کە وتە دەربڕاوەکان وابەستە و هاویەکی کردارەکان دەکەن)[1]. واتە؛ خودی وتنەکە کە دەربڕا کردارەکەیە. وەک: ناولێنان، سوێند خواردن، بەڵێندان، تەڵاقدان، بڕیاردان.... بۆنمونە:

ـ من ئەو کۆرپەیە ناو دەنێم (وتار).

ـ سوێنددەخۆم وڵاتەکەم جێناهێڵم.

ـ بەڵێندەدەم کە یاسا پێشێلنەکەم.

ـ لەسەر ڕێبازی ئیمامی شافعی من تۆم تەڵاقدا.

ـ بڕیارمدا ئیتر جگەرە نەکێشم.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، خاوەن وتار قسەکەی کردارەکەیەتی. واتە؛ لەگەڵ تەواوبونی دەربڕینەکە کارەکە ئەنجامدرا. هەندێک ڕستەی تر هەن، لەڕەهەندی زمانەوانی و دەروزمانیدا ناتوانرێ لێکدانەوەیان بۆ بکرێ، لە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیدا نەبێ شیکردنەوەیان ئاسان نیە. بۆ نمونە: هەندێ جار وەڵامی پرسارێک لە ڕوی زمانەوانیەوە پەیوەندیی بە پرسیارەکەوە نیە، بۆیە تەنیا لە بواری مەبەستزانی (Pragmatics) و ڕەهەندی کۆمەڵایەتیەوە دەتوانرێ شیکردنەوەی بۆ بکرێ و لە یەکگەیشتن ڕوبدا[2]:

١پ: بەیانی بۆچارەسەرکردن دەچنە ئەڵمانیا؟

و: کارمەندانی فڕۆکەخانە مانیانگرتوە.

٢پ: کەی بڕیاری چاکسازی دەردەچێ؟

و: پەرلەمان ئیفلیجکراوە.

(١) Laffal, J. (١٩٦٥) Pathological and Normal Language. New York. Atherton Press. p٨٥

(٢) Widdowson. H. G (١٩٧٩) "Rules and procedures in discourse analysis" in (ed) T. Myers, "The Development of Conversation and Discourse", Edinburgh University Press. p٩٦.

ویدسۆن (.Widdowson. H. G) لەو باوەڕەدایە، هەرچەندە لەو وەڵامانەدا مەبەستی (نەرێ) یاخود ئەنجامنەدانی کردارەکە دەردەکەوێ، بەڵام ڕەنگە لێکدانەوەی تریشی بۆ بکرێ، وەک ئەوەی بڵێی (نازانم)، یان (دڵنیانیم)…. هتد[1].

دەتوانرێت چەند نمونەی تر لەم بارەیەوە بهێنرێتەوە وەک:

١ـ ئافرەت چایەکم بۆتێکە!

ـ دەستم بە هەویرە.

٢ـ پیاوەکە، دەرگایە.

ـ من لە گەرماوم.

٣ـ مۆبایلەکەت بدە بە دایکت.

ـ خەوتوە.

لافال (Laffal, J) لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو وەڵامانەی لە ڕوی واتاوە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیان بە پرسیارەکەوە نیە، دەگەڕێتەوە پەیوەندیی دەربڕینەکە بە کردارەکەوە[2]، ئەمەش لە میانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە بواری مەبەستزانیدا لێکدەدرێتەوە :

پ: کاتژمێر چەندە؟

و: بانگی دا.

لەم نمونەیەدا وەڵامی (بانگی دا) پەیوەندیی واتایی ڕاستەوخۆی بە پرسیارەکەوە نیە، بەڵام لەدەوروبەری مەبەستزانی لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندیەکە دەدۆزرێتەوە و سازشێک و لەیەکتێگەشتنێک لە نێوانیاندا دێتەئاراوە.

هەروەها لە بواری مەبەستزانیدا، هەندێ لە زاناکان وەک لێڤینسۆن (.Levinson S. C) ئاماژە بەوە دەکەن، هەندێ ئامرازی وەک (چونکە، بەڵام، بەڵێ، ئەرێ، لەبەرئەوە…. هتد) مەرج نیە تەنیا ئەرکی لێکدەری ئەنجامبدەن، بەڵکو دەشێ بە مەبەستێکی تری کۆمەڵایەتی بەکاربێن، وەک دەسپێکی بابەت و ڕەنگە ڕستەی تری لەپێش نەبوبێ، تاکو بەیەکەوەیان ببەستێتەوە[3]. تەنانەت ئاماژە بەوە دەکرێ هەندێکیان لەو شوێنەدا دەرواتان وەک (باشە، ئێستا……):

ـ بەڵام کە ئێمە بوین، مۆبایل نەبو.

ـ بەڵێ! ئینتەرنێتیش نەبو.

ـ ئەرێ خۆ تۆ خوێندەواریت نیە.

دەشێ بەپێی دەوروبەری مەبەستزانی ئەم ڕستانە لە کات و شوێنی خۆیدا گونجاوبن، هەرچەندە لەڕوی زمانەوانیەوە کەرەسەکانی (بەڵام، بەڵێ، ئەرێ، خۆ….) لەم ڕستانەدا پێگەیەکی ئەوتۆی ڕستەسازییان نەبێ.

---

(١) Widdowson. H. G (١٩٧٨). "Teaching Language as Communication" Oxford University Press. P٢٩.

(٢) Brown, P & Levinson, S. C. (١٩٧٨) "Universals in Language Usage: Politeness Phenomena" in (ed.) E, N. Goody. P٦٣.

(١) Levinson , S.C. (١٩٨٠) . pragmatics ( Earth coming ) . Cambridge university press. P٨.

بەهەمان شێوە ڕەنگە لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ئامرازی (لەبەرئەوە) ئەرکی لێکدەری دیارنەبێ، بەڵام لە دەوروبەرێکی مەبەستزانیدا دەشێ بەرکاربێ:

ـ لەبەر ئەوەیە، تا ئێستا کورد نەبۆتە هیچ.

لەلایەکی تر لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا، ئەو دەربڕینانەی بە زمانی جەستە مەبەست دەگەیێنن، ئەگەر شیکەری وتار لە چوارچێوەی دەوروبەرەکەدا نەبێ و ئاماژە و جوڵەکان نەبینێ و لە واتاکانیان تێنەگا، ناتوانێ شیکردنەوەیان بۆ بکا. بۆ نمونە:

ـ(ژنەکە): ناوەڕاستی سەرپەنجەی گەورە لەگەڵ ناوەڕاستی سەرپەنجەی گەواهی (خێرا خێرا بۆماوەی چرکەیەک) لێکدەخشێنێ.

(واتە؛ پارەم دەوێ).

+ (پیاوەکە): هەردو ناوپۆشی گیرفانەکانی پانتۆڵی دەردەکا.

(واتە؛ هیچ پارەم نیە).

ئەگەرچی ئەم جوڵانە هێمای دەنگی و فۆنێم نین، ناچنە ناو چوارچێوەی وتاری وتراو یان نوسراو، بەڵام لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا بە دەوروبەرێکی مەبەستزانی دادەنرێن و بۆ زانینی مەبەستی نێرەر لە شیکردنەوەی وتاردا، شیکەری وتار پێویستیی پێ دەبێ.

شیکەری وتار ئەگەر لە چوارچێوەی دەوروبەرەکەدا نەبێ، شیکردنەوەی هەندێ ڕستە، بەتایبەتی ئەوانەی لە نێوان دو کەسدان و یەکێکیان بە ئاخاوتن بەشداری دەکا و یەکێکیان بەکردار، کە هەندێ جار تاک لایەنە دەردەکەون:

ـ سوپاس! (لەپاداشتی ئەنجامدانی کارێکی باش).

ـ دوشەش. (لەیاریی تاوڵەدا).

ـ بۆ دەرەوە. (دادوەری تۆپپێ لەکاتی سەرپێچی یاریزان).

ـ گەمژە! (جنێودان لە کاتی توڕەبون).

ـ بوەستە! (پۆلیسی هاتوچۆ).

ـ پازدە هەزار. (لەکاتی فرۆشتنی مۆبایلێک بە زیادکردنی ئاشکرا).

لەلایەکی تر شیکەری وتار پێوستە ئاگاداری ئەوەبێ، هەمو ڕستەیەکی پرساری بەمەبەستی پرسیارکردن بەکارناهێنرێن، تەنیا ئەو ڕستانە بۆ پرسیارکردن بەکاردێن کە نێرەری وتار چاوەڕێی وەڵامەکەی بکا. وەک:

پ: ئایا هاوسەرگیریت کردوە؟ و: بەڵێ. / نەخێر. / خەریکە.... .

پ: چەند زمان بە باشی دەزانی؟ و: کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی.

دەشێ پرسیار مەبەستێکی کۆمەڵایەتی هەڵبگرێ، وەک:

خۆبردنە پێش، لەمانەدا نێرەر چاوەڕێی وەڵام ناکا:

پ: کوێ؟ باشی؟ تەندروستیت؟ ماڵەوە چۆنن؟

پ: ئەوە چیە، وا جوان بوی؟

پ: ئەوە ڕۆژ لەکام لا هەڵاتوە؟

هەندێ جاریش پرسیار داواکارییێکی کۆمەڵایەتیی نەرمە، بەزۆری ئەم جۆرە پرسیارانە لە شێوەی نەرێدا دەبن:

پ: چایەکت بۆ تێکەم؟

پ: چایەک ناخۆیتەوە؟

پ: چایەکم بۆ تێناکەی؟

پ: ئەو نوسراوەم بۆ واژۆ ناکەی؟

پ: گۆرانییەکمان بۆ ناڵێی؟

جاری واش هەیە، پرسیارەکە خۆی وەڵامە بۆ پرسیاکەی پێش خۆی:

پ: کاکە چی دەخۆی؟ و: چیتان هەیە؟

پ: شتی برژاو دەخۆی؟ یان کوڵاو؟ و: ماسیتان هەیە؟

پ: ماسیی کانی؟ یان ماسیی دەریا؟ و: دو کیلۆییتان هەیە؟

پ: ترش بێ؟ یان سادە؟ و: دەتوانی سادەیەک زو ئامادەکەی؟

شیکەری وتار پێویستە بەڕادەیەک کارامە بێ، لەناو سۆز و ئاوازی دەربڕین و شپرزەیی و خرۆشانی دەرونیی نێرەر وەردە مەبەستەکانی دەربڕینەکە بەپێی دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکە بدۆزرێتەوە. بۆ نمونە:

ـ (دەرچوێکی پۆلی دوازدە): دایکە نەوەد و نۆم هێناوە!

ئایا مەبەست لەم خرۆشانە: مژدەی سەرکەوتنە؟ یان بڕیاردانی نەخشەڕێگای داهاتوە؟ یان داوای لێبوردن و لادانی پەردەی گومانە؟ یان جەختکردنە و شانازیە بە چالاکیی خۆی؟ یان تێکڕای هەمو ئەو مەبەستانەیە؟

لە کۆتاییدا، ئایا شیکردنەوەی وتار هەڵێنجانی مەبەستی گشتیە لە نێوان وردە واتاکانی ناو وتارەکە؟ یان هەڵسەنگاندنی ڕێژەی تێگەیشتنی شیکەری وتارەکەیە لە ژێر تیشکی زانیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و زانستی گشتی کە لە هزریدا کۆبوەتەوە. دی بیۆگراند (De Beaugrande, R.) دەڵێ: (چۆنیەتیی زانینی خەڵک بەوەی چی لەناو دەقێکدا دەگوزەرێ، ئەوە دۆخێکی تایبەتیی لکێدانەوەی خەڵکە لە ژێر تیشکی زانینی ئەوەی چی لە جیهاندا دەگوزەرێ)[1].

## بەشی دوەم

## شیکردنەوەی وتار لە کۆزمانەوانی

توێژینەوەکانی ئەو زانستانەی پەیوەندییان بە کرداری ئاخاوتنەوە هەیە، سەلماندویانە کە کرداری ئاخاوتن ئاڵۆزترین کردارە لە گەردوندا، بەوەی ئاخێوەر بیرۆکەیەک لە ڕوداو و وێنەکانی کەتوار (واقع) لەمێشکیدا دروستدەکا و وردە واتاکان بەشێوەی ڕیزبەندییێکی لۆجیکی لە دەنگەکان باردەکا، لە هەمان کاتدا فەرمان بە کۆئەندامی ئاخاوتن دەکا ئەو زنجیرە دەنگانە دروستبکا و بەتۆن و ئاوازەی پێویست ئاڕاستەی گوێگریان بکا، یان بیانکا بە هێمای نوسین، هەر لەهەمان کاتیشدا چاودێری وەرگر و بژارکردنی هەڵەکانی خۆی بێ. ئەم

(١) De Beaugrande , R (١٩٨٠) Text Discourse and process London Longman، p٣٠.

چاودێریکردنە هەمو لایەنەکانی وتار لە ڕوی ڕۆشنبیری، دەرونی، کۆمەڵایەتی، زمانەوانی،.... هتد، لە ڕواڵەت و ناوەڕۆک دەگرێتەوە.

هەرچەندە مشتومڕ لەسەر خۆکردی و دەسکردی زمان کۆتایی پێ نەهاتوە، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و وتار (ئاخاوتن) بە وتراو و نوسراوەوە پراکتیزەکردنی زمانە. کەواتە؛ زمان بە گشتی و کرداری ئاخاوتن بە تایبەتی دیاردەیەکی ڕەمەکی و لەخۆوە نیە، بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی ڕەمەکی تەنیا لای ئەوانە بەدیدەکرێ کە نەخۆشی دەرونییان هەیە. تەنانەت شێوەی ئاخاوتنی نێرەری وتار ناسنامەیەکی ڕاستەقینەی کارەکیی کەسایەتیەکەیەتی. دەستنیشانکردنی ئەو ناسنامەیەش لە ڕێی چەند پێوەرێکەوە دەبێ، ئەو پێوەرانەش لە ناو کۆمەڵگادا هەندێکیان پەسەند و هەندێکیان ناپەسەندن.

**بەندی یەکەم ـ پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی هەڵسەنگاندنی وتار:**

**یەکەم ـ <u>چەندێتی وتار</u>:**

مەبەست لە چەندێتیی وتار بڕی ئەو زانیاری و داتایانەیە کە نێرەر بەکاریدەهێنێ بۆگەیاندنی مەبەستێک. واتە؛ ڕادەی پێویستی چەندە، چەندی زێدەیە و چەندی کەمە؟ بەم پێیە دەتوانین دو جۆر چەندێتی لە وتاردا دەستنیشان بکەین: زۆر وتن و کەم وتن، بە بەراورد لەگەڵ جۆری ئاسایی:

**١ـ زۆر وتن:**

زۆر وتن یەکێکە لەو پێوەرانەی وتار (هەر جۆرێکی وتار بێ) کە لە تێکڕایی کۆمەڵگاکان ناپەسەندە. ناپەسەندیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای ئابوری زمان، کە خاوەنی وتار (ئاخێوەر/ نوسەر) کات و وزەیەکی زۆر (واتە؛ زۆرتر لە پێویست)ی نێرەر و وەرگر بە فیڕۆدەدا. بۆ نمونە؛ ئەگەر بابەتێک پێویستیی بە هەزار وشە و بیست خولەک بوبێ بۆ گەیاندن، نێرەر بە پتر لە هەزار وشە و پتر لە بیست خولەک دەیگەیەنێ. دەتوانرێ سێ جۆری زۆر وتن جیابکرێنەوە: درێژدادڕی، زۆربلێیی و چەنەبازیی:

**ا ـ درێژدادڕی:** درێژدادڕ، ئەو نێرەرەی وتارەیە، کە لە ڕوی چەندایەتیەوە ڕوبەر و بەهای پەیامەکەی نازانێ و کات و وزەیەکی زۆرتر بەکاردێنێ بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی. ئەو کات و وزە سەربارەی لە خۆی بەفیڕۆدەچێ، هێندەش کات و وزە لە وەرگر بە فیڕۆدەدا.

**چۆن وتارێک پاسادان دەکرێ، کە درێژدادڕە؟ یان لە چ سنورێک دێژدادڕی دەستپێدەکا؟**

هەر وتارێک کەمترین کات و وزەی بەکارهێنا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، واتە؛ کاتێ نێرەر توانی بەکەمترین ژمارەی وشە وا لە وەرگر بکا لەمەبەستەکەی تێبگا، ئەو وتارە سنورداره و درێژدادڕ نیە. بەم پێیە ئەگەر شیکەری وتار توانی چەند وشە، ئامراز، ڕستە و پەرەگراف لە وتارەکە لابدا و بسڕێتەوە، هێندەی ژمارەی کەرەسە لادراوەکان درێژدادڕی لەو وتارە هەبوە. لێرەدا پێویستە ڕەچاوی ئەو مەرجە بکرێ، کە دەبێ وەرگر لە مەبەستە گشتیەکەی وتارەکە تێبگا، بەڵام مەرج نیە لە مەبەستە شاردراوەکەی نێرەر تێبگا.

بۆیە دوبارەکردنەوەی بابەتێک، یان هێنانەوەی نمونەی پێویست بۆ ڕونکردنەوە، بە مەبەستی فێرکردن و تێگەیاندنی وەرگران، بەتایبەتی فێرخوازان، ئەگەر لە ڕادەی پێویست دەرنەچێ، واتە؛ تا ئەو ڕادەیەی وەرگر

تێیدەگا، بە درێژدادڕی دانانرێ. ئەمەش وایکردوە سیستەمە نوێیەکانی فێرکردن پتر وێنە و دیکۆمێنتاریی ڤیدیۆیی یان کارەکیی ڕاستەوخۆ بەکاربێنن بۆ فێرخوازان، چونکە سەرباری بیستن یان خوێندنەوە، چاویش تیایدا بەشداریدەکا.

نمونەی درێژدادڕی:

ـ ئازاد باوکی منە، ئەو ئێستا لە ماڵ نیە، چوەتە قوتابخانە، هێشتا نەهاتۆتەوە.

⟵ مامۆستا ئازادی باوکم لە قوتابخانەیە.

ـ (ئاسمان هەور داپۆشیوە، ئێستا وردە وردە باران دەبارێ)

ـ ڕەحمەتی خوایە! موڵکی خۆیەتی، لێیگەڕێ قوربانە، با تێیکا.

⟵ وا وردە باران دەبارێ./ یان نەرمە بارانی لێدێ.

**ب ـ زۆربڵێیی:** زۆربڵێیی شێوازێکی تری ناپەسەندی زۆروتنە. زۆربڵێ، ئەو نێرەرەیە، پەیامێکی پلان بۆ دارێژراوی نیە، مەبەستێکی دیارکراوی سنورداری نیە. مەبەستی سەرەکیی بەشداریکردن و سەلماندنی بون و کەسایەتیی خۆیەتی.

نێرەری زۆربڵێ، ئەگەر خۆی نێرەری سەرەکیی وتارەکە یان بابەتەکە بێ، کۆمەڵێک بابەتی بێ سەرەتا و بێ کۆتا تێکەڵدەکا و وەرگر دەخاتە گێژاوێکی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن. کەمتر بواری ئەوانی تر دەدا و هەر خۆی قسەدەکا. بەهەمان شێوە لە نوسینیشدا خوێنەر دەباتە گێژاوێکی هێنان و بردن لە نێوان بابەتەکاندا و یەکانگیری (coherence) لە نێوان بابەتەکان یان بیرۆکەکانیدا نیە.

باسی هەر بابەتێک بکرێ، نێرەری زۆر بڵێ تیایدا پسپۆڕە و بەهەر شێوەیەک بێ خۆی تێدا هەڵدەقورتێنێ. بۆ هەر بابەتێکیش ڕوداوێک یان کورتە چیرۆکێکی خۆی لایە و لای گرنگ نیە تا چ ڕادەیەک ئەو گێڕانەوەیە لەگەڵ بابەتی تەوەرە سەرەکیەکە یەکدەگرێتەوە. هەندێ جار ڕستەیەکی باوی نەریتی دوبارە دەکاتەوە و دەڵێ (قسە، قسە ڕادەکێشێ)، یان، (بوەستە با ئەوەشت بۆباس بکەم).... هتد.

ئەم جۆرە نێرەرانە بایەخ بە بێزاربونی وەرگر نادەن و هەندێکیان لە وتار و ئاخاوتنیاندا ئۆپۆزیسیۆنی بەردەوامن (معارضة دائمة). واتە؛ بەزۆری پێچەوانەی بۆچونی وەرگر دەدوێن. ڕێژەی ڕاستی لە وتارەکانیاندا کەمترە لە ڕێژەی درۆ و پتر خۆیان وەک ئەکتەری سەرەکیی ڕوداوەکان دەردەخەن.

**ج ـ چەقەتەیی (چەنەبازی):** چەقەتە، ئەو نێرەرەیە، لە کاتی ناردنی پەیامدا ڕەچاوی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ناکا. گوێناداتە ئەوەی ئەو دەربڕینە بۆ ئەم کۆڕ و کات و شوێنە دەگونجێ؟ یان نا؟.

دەربڕینەکانی بە زۆری لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە تابۆ (Taboo) و ناپەسەندن. واتە؛ نێرەری ئاسایی بۆ ڕێزگرتن لە وەرگر شەرمدەکا، ئەو پەیڤانە دەربڕێ. بەکارهێنانی جنێو و وشە ناشیرنەکان بە گاڵتە بێ، یان ڕاستی لای ئەو ئاساییە، کەمتر ڕستە پەرژینەکانی وەک (عەیب نەبێ)، (دور لە ڕوی ئێوە)، (لەگەڵ ڕێزم بۆتان).... هتد بەکاردێنێ.

خوێکی تری نێرەری چەقەتە، نۆرەبڕین و خۆتێهەڵقورتاندنە. واتە؛ لە کاتی ئاخاوتنی نێرەر لە وتاری وتراودا، یان لە کاتی خوێندنەوەدا قسەیەکی ناشیرین دەکا، بەبێ ئەوەی بەردەوام بێ، یان نۆرەی نێرەر ببڕێ. بۆنمونە:

ئەگەر چەقەتە خۆی نێرەری وتاربێ:

ـ تێکرای ئەو بەرپرسانە هەمویان دزن، بەبێ هەڵاوێردن، هەمویان خوێنخۆری ئەو گەلەن، داوێنپیس، بێ ئابڕو.... (کۆمەڵێک جنێو).

ئەگەرچەقەتە وەرگری وتاربو:

نێرەر: داعشەکان هەڵگری بیرۆکەیەکی توندڕەوی ئیسلامی بون......

چەقەتە: بێ نرخ و هیچ و پوچی وەک خۆیان نەبو، سەگ و سەگباب بون....

**٢ـ کەم وتن:**

کەم وتن، پێچەوانەی زۆر وتنە. وتاری ئاسایی، ئەو وتارەیە کە بەقەدەر ڕادەی پێویست، بۆگەیاندنی مەبەستی نێرەر، کەرەسەی زمانی بەکارهاتون. واتە؛ نە زیاد و نەکەم کەرەسە بەکارهاتوە بۆ گەیاندنی پەیامێک. لە زۆر وتندا کەرەسەی زمانی زۆرتر لە ڕادەی پێوست بەکار دەهات، بەڵام لە کەم وتندا نێرەر یان بەشداری ناکا و بێدەنگە، یان کەرەسەی زمانی کەمتر لە ئاستی پێویست بەکاردێنێ.


ئەگەرچی لە کۆمەڵگادا کەمتر ڕەخنە لە پێوەری کەم وتن دەگیرێ، بە بەراورد بە پێوەری زۆر وتن، بەڵام کەم وتنیش پێوەرێکی ناپەسەندە لەکۆمەڵگا. پیرەمێردی نەمر بەم جۆرە بەراوردی کەم وتن و زۆر وتن دەکا:

(دو گوێ و زبانێ، دراوە بە تۆ     دو ببیە و یەکێ، بڵێ لەسەرخۆ).

ئەوانەی کەم وتن لە ڕەوشت و ئاکامیاندا دەبێ بە خو، لە کۆمەڵگا بە کەسانێکی (ئاڵۆز/ کەمدو/ دورەپەرێز) ناودەبرێن.


نێرەری کەمدو خۆی دورەپەرێز دەگرێ لەپەیام ناردن، ئەگەر پرسیاریشی لێ بکرێ، بە کەمترین کەرەسە، یان تاکە وشەیەک وەڵامدەداتەوە (بەڵێ، نەخێر......).

دەتوانرێ، بەم هێلکاریە بەراوردێک لە نێوان ئەو سێ جۆرەی وتن بکەین:




(وتاری ئاسایی)

وتاری ئاسایی بە تیرێکی ڕاست بە هەشت کەرەسەی زمانی (وشە، ڕستە، دێڕ، پەرەگراف....) گەیشتە ئامانج و مەبەستەکەی خۆی گەیاند.



(وتاری زۆر وتن)

وتاری زۆر وتن بە یازدە کەرەسەی زمانی گەیشتە ئامانج و مەبەستەکەی خۆی گەیاند، کە لە بنەڕەتدا پەیامەکە وەکو لە پێشتر ئاماژەی پێکرا، پێویستیی بە هەشت کەرەسەیە:



(وتاری کەم وتن)

وتاری کەم وتن بە کەمتر لە کەرەسەی پێویست پەیامەکەی ئاڕاستە دەکا و هەوڵدەدا مەبەستەکەی بگەیێنێ، بەڵام بە زۆری ئامانجەکەی بەتەواوی ناپێکێ و مەبەستەکەی وەکو پێویست ناگاتە وەرگر. لەم هێلکاریەی

سەرەوەدا بڕی پێویست هەشت کەرەسەیە، بەڵام نێرەر بە چوار کەرەسە پەیامەکەی ناردوە. بۆ نمونە، سەیری ئەم نمونەیەی خوارەوە بکە:

ـ مانگێک دوای مردنی باوکی ئازاد، دایکی شوی کردەوە.

ئەگەر ئەم ڕستەیە بە وتارێکی ئاسایی دابنێین، کە نێرەر توانیویەتی: بەهەشت وشە ئەوەی مەبەستیەتی بە تەواوی بیگەیەنێ. لە زۆر وتندا بە پتر لە هەشت وشە نێرەر هەمان مەبەست دەگەیەنێ:

ـ تەنیا مانگێک بو باوکی ئازاد مردبو، دایکی ئازاد یەکسەر شوی کردەوە.

لەم نمونەیەی سەرەوەدا، هەمان مەبەستی نمونەی پێشتر بە یازدە وشە دەربڕاوە.

بەڵام لە کەم وتندا، نێرەر هەوڵدەدا ئەو پەیامە بە کەمترین وشە بگەیەنێ کە ڕەنگە مەبەستەکە بەتەواوی وەکو پێوست نەگا بە وەرگر:

ـ دایکی ئازاد شوی کردەوە.

لەم نمونەیەی سەرەوەدا، نێرەر هەوڵیداوە پەیامەکە بە چوار وشە بگەیەنێ، واتە؛ کورتبڕی، یان کەم گوتنی تیادا بەکارهێناوە. ڕەنگە پرسیار لای وەرگر دروستبکا و بە تەواوی لە مەبەستەکە تێنەگا.

ئەگەر شیکەری وتار کارامە و شارەزا بێ، لە میانی وتاری ئاسایی و درێژ و کورت، دو زانیاریی گرنگی دەستدەکەوێ:

١ـ کەسایەتیی نێرەر: ئایا کەسایەتییێکی ئاساییە، زۆر بڵێیە، یان کەمدو؟

٢ـ هاوسۆزیی نێرەر: ئایا نێرەر تا چ ڕادەیەک هاوسۆزە لەگەڵ ڕوداوەکە؟ لایەنگرە؟ یان دژەلایەنە؟، لایەنگری بکەرە؟ یان بەرکار؟. بۆنمونە: (باوکێک لە منداڵەکەی دەدا):

ـ باشی لێدا!

ـ دەستی خۆشبێ!

ـ شایانی بو!

ـ خۆزگە دەستێکی منیشی لەگەڵ با!

ئەم چوار نێرەرە هاوسۆزن لەگەڵ بکەر (لێدەر/باوکەکە)، دژەلایەنی بەرکارن (لێدراو/منداڵەکە)، بەڵام ئەگەر ئەو نێرەرانە هاوسۆزبن لەگەڵ بەرکار (منداڵەکە) و دژە لایەنی بکەربن (باوکەکە)، ڕەنگە بڵێن:

ـ خراپی لێدا!

ـ دەستی بشکێ!

**دوەم ـ چۆنیەتی وتار:**

مەبەست لە چۆنیەتیی وتار ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانەن لەکاتی گەیاندنی وتاردا پەیڕەو دەکرێن. ئەم پێوەرانە پتر لە گفتوگۆ و مێزگەردەکاندا تێبینی دەکرێن، بەڵام ئێستا لە نوسینیشدا بە هۆی زۆریی گۆڤار و ڕۆژنامە و کەناڵەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرچاودەکەون.

دەتوانرێ چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی لە چۆنیەتیی وتاردا دەستنیشانبکرێن. وەک:

**١ـ نۆرە گرتن:**

یەکێ لە پێوەرە پەسەندەکانی ناردنی وتار، بەتایبەتی لە وتاری گفتوگۆ و مێزگەرد و چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی کراوەدا کە وەرگران دەتوانن بەشداری بکەن، پێوەری نۆرەگرتنە. نۆرەگرتن ڕیگەدانە بە وەرگر، بەشداری وتارەکەی نێرەر بکا.

لەو جۆرە وتارانەدا پێویستە نێرەر بە هۆشیاری و بە دڵێکی فراوانەوە لە کات و بڕگەی گونجاوی وتارەکەیدا ڕێگە بە ژمارەیەکی گونجاو لە وەرگران بدا، بەشداری وتارەکەی بکەن.

وەرگری ڕۆشنبیر ئەگەر وتارەکەی بەدڵ بو بەشداری ناکا، تەنیا لەکاتێکدا نەبێ کە تێبینیەک یان خستنەسەرێکی هەبێ. بەڵام ئەگەر وتارەکەی لا پەسەند نەبو، دەبێ لە نۆرەی خۆیدا نێرەر ڕوشکێن نەکا و نەریتی کۆمەڵایەتیی ئاخاوتن بپارێزێ. بە شێوەیەکی گشتی دەشێ بە شێوەیەکی لەم جۆرە ڕەخنە لە وتارەکە بگرێ:

ـ (سوپاس بۆ ماندوبونت! دەستخۆشی وروژاندنی ئەم بابەتەت لێدەکەم! بەڵام بەڕای من.........).

ـ (ماندونەبی! دەستخۆش! بابەتێکی بە پێزە! بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدەی، لەو خاڵەی کە دەڵێی....... . من ڕایەکی ترم هەیە........ یاخود فلان کەس دەڵێ:.........).

جۆری ناپەسەندی نۆرەگرتن، نۆرەبڕین و قسەبڕینە. نۆرەبڕین ئەوەیە، نۆرەی یەکێکی تر بێ، تۆ دەست بە قسەکردن بکەی. بەڵام قسەبڕین ئەوەیە لەکاتی ئاخاوتنی نێرەر یان هەر بەشداربوێک، تۆش لەهەمان کاتدا خۆت تێهەڵقورتێنی و دەست بە قسە بکەی، ئەو دیاردەیە ناشیرنتر دەبێ، ئەگەر داوای مۆڵەت نەکەی، وەک (تکایە، یەک خولەک، ببورە کە قسەکەت دەبڕم، قسەت بەشەکربێ، کەوانەیەکم بدەرێ.... هتد).

**٢ـ تۆنی دەنگ:**

پێوەرێکی تری کۆمەڵایەتی لە چۆنیەتیی گەیاندنی وتاری وتراودا، بەرزی و نزمیی دەنگی نێرەرە. بەشێوەیەکی گشتی دەنگی بەرز لەکاتی ناردنی هەر جۆرە وتارێکدا پێوەرێکی کۆمەڵایەتیی ناپەسەندە، تەنیا لە دو دۆخدا نەبێ:

اـ لەکاتێکدا وتارێکی ڕاستەوخۆی بێ ئامێری (بڵندگۆ)ی گەورەکەری دەنگ (Amplifier) بێ و بیسەران زۆربن و دەنگ بە هەمویان نەگا. وەک بانگدان لەو کاتەی کارەبا نیە.

بـ بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ بە ڕادەیەکی کەم، بۆ ئاگادارکردنەوە و نەهێشتنی بێزاری، یان ئەندێشە ڕۆیشتنی بیسەر (داڵغەلێدان) پەسەندە.

لە هەمو دۆخێکی تردا بەرزکردنەوەی دەنگ پێوەرێکی کۆمەڵایەتیی ناشیرنە. چونکە سەرباری ئەوەی باری دەرونیی وەرگر تێکدەدا، لە شیکردنەوەی وتاردا، دو لێکدانەوەی بۆ دەکرێ:

ا ـ نێرەر خۆی بە دەسەڵاتدار دادەنێ و دەیەوێ بەم دەنگە بەرزە مەبەستەکەی بسەپێنێ.

ب ـ بەرزکردنەوەی دەنگ ئەگەر بۆ سەرنجڕاکێشانی بیسەران نەبێ، بە شڵەژان و تێکچونی باری دەرونیی نێرەر لێکدەدرێتەوە. وەک: هەڵچون، توڕەبون، یان هەر کاردانەوەیەکی دەرونی....

به هەمان شێوەی، بەرزیی تۆنی دەنگ، نزمیی تۆنی دەنگیش لە ئاستی ئاسایی بە پێوەرێکی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، ئەگەر ئەو نزمکردنەوەی دەنگە بە مەبەستێکی ئەرێی نەبێ، وەک لە پۆل، کتێبخانە و نەخۆشانە.... ئەوا لەباری وتاری ئاساییدا نزمکردنەوەی دەنگ بە دۆخێکی خراپی دەرونی، وەک: شەرم، یان گوماندارى لە وتەکانی....... دادەنرێ.

جێگەی سەرنجە ڕێژەی تەمەنی نێرەر و وەرگر ئەم پێوەرە تۆختر دەکاتەوە. بۆ نمونە: نزمیی دەنگی منداڵ بەرامبەر گەورەکان تاڕادەیەک ئاساییە، بەڵام بەرزیی دەنگی کەمتەمەنێک بەرامبەر زۆرتەمەنێک قێزەون دەبێ.

سەرباری ئەمانە هەموی وتار لەسەر یەک تۆنی دەنگ و ئاوازە گوێگر بێزار دەکا.

**سێیەم – <u>چۆنیەتیی زانیاری</u>:**

هەر وتارێک پلانی گواستنەوەی داتا و زانیاریەکانی بابەتێکە، لە مێشکی نێرەر بۆ مێشکی وەرگر. لە شیکردنەوەی وتاردا ئەوەی گرنگە شیکەری وتار ئەو هێڵە بدۆزێتەوە، کە ئایا نێرەر مەبەستی تەنیا گواستنەوەی زانیاریەکانە؟ یان مەبەستێکی ترە؟ ئایا خودی ئەو مەبەستە چیە؟ ئایا تا چ ڕادەیەک توانیویەتی مەبەستەکەی بپێکێ؟ هەندێ سیما و پێوەری کۆمەڵایەتی هەن، یارمەتیی شیکەری وتار دەدەن، تاکو وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەستبکەوێ:

**١– پێوەری کارامەیی:**

لێرەدا نێرەری بە توانا و لێهاتو لە کاردانەوەی تاکەکانی وەرگرانی وتار دەرەکەوێ. کاردانەوەی تاکەکانیش لە ڕێژەی ئامادەبوان بەشێوەی خۆشەکی نەک زۆرەکی بۆ گوێگرتن لە وتاری وتراودا دەرەکەوێ، (لە وتاری نوسراویشدا کاردانەوەکە لەوەدا دەردەکەوێ: چەند کەس بەرهەمەکە دەکڕن یان دەیخوێننەوە.). هەروەها تا چ ڕادەیەک بەبێ ژاوەژاو و خەیاڵ ڕۆیشتن پەیامەکە وەردەگرن، نەک دەنگەکە دەبیسن. کارامەیی نێرەر لەکاتێکدا دەبێ، وەرگر هەست بە دڵنیایی بکا، لەوەی نێرەر ڕاستگۆیە، زانیاریی نوێ و پڕسودی لایە و بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرای ئەوتۆ دەینێرێ کە تێکڕای وەرگران دەرونیان بۆی ئاسودە دەبێ. ئەگەر وتارەکەشی درێژە بکێشێ، بێزاری لای وەرگران پەیدانابێ.

**٢– پێوەری ڕاستی:**

ڕاستگۆیی لە وتاردا نرخی وتارەکە بەرز و نەمر دەکا و پایەی نێرەر بەرزدەکاتەوە. ڕاستگۆیی وتار لەوەدایە، نێرەر داتاکانی وتارەکەی وەکو خۆی لە مێشکیدایە، بەبێ دەسکاری و گۆڕین و شاردنەوە پێشکەشی وەرگرەکانی بکا. ڕاستی داتاکانیش لەوەدایە، تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ڕوداوەکانی کەتوار (واقع) هاویەکن و لە لێکدانەوەی ژێربێژیدا پاسادان دەکرێن و دەتوانرێ، ببینرێن و بسەلمێنرێن.

ڕاستگۆی نێرەر لەوەدایە، ئەو زانیاری و داتایانەی لایەتی، ئەگەر لە بنەڕەتدا ڕاستیش نەبن، وەکو خۆی بیاننێرێ. واتە؛ نێرەر نازانێ کە ئەمانە ڕاستنین. ئەو جۆرە زانیاریانە پێیان دەوترێ (هەڵە)، بەڵام ئەگەر

نێرەرەکە خۆی زانیاریە ڕاستەکان بزانێ و بیانگۆڕێ، یان بە شێوەیەکی ناڕاست دروستیانبکا و بیاننێرێ، ئەوا پێی دەوترێ (درۆ) و نرخی وتارەکە و پایەی نێرەرەکەی دادەبەزێنێ.

**٣- پێوەری پرسیارکردن:**

وەکو لە ڕەهەندی زمانەوانیدا ئاماژەمان پێدا، پرسیارکردن ئەو کردارەیە، نێرەر داوای زانیاری لە وەرگر دەکا. لە پێوەری کۆمەڵایەتیدا پرسیارکردن بایەخێکی تایبەتیی خۆی هەیە و شیکەری وتاریش بە پێوەرێکی گرنگی دادەنێ. لە شیکردنەوەی وتاردا، کرداری پرسیارکردن لە دو لایەنەوە سەیردەکرێ: پرسیارکردنی وەرگر و پرسیارکردنی نێرەر، کە هەردوکیان لە ئەستۆی نێرەردان و یەکەیەکی هەڵسەنگاندنن بۆ ڕەسەنایەتیی داتا و زانیاریەکانی وتارەکە:

**پرسیارکردنی وەرگر:** تێکەڵبون و چێژوەرگرتنی وەرگر لە وتاری نێرەر، سەرنجی ڕادەکێشێ و دەبێتە مایەی ئارەزوکردن بۆ وەرگرتنی زانیاریی زۆرتر و دەسکردن بە پرسیارکردن. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر وەرگر بابەتەکەی لەلا نوێ بێ و زانیاریی ئەوتۆی لەسەر نەبێ، بەڵام لە لایەکی تر دەشێ، نێرەر زانیاریی زۆرتری لە وەرگر لە لابێ، بۆیە پرسیاری ئەو داتایانەی لێ دەکا کە باسی نەکردون. بەهەر شێوەیەک بێ، ڕێژەی زۆری پرسیارکردن سەنگی وتارەکە زۆرتر دەکا.

**پرسیارکردنی نێرەر:** بەدەگمەن نێرەری سەرەکیی وتار داوای زانیاری لە وەرگر دەکا. واتە؛ خۆی بەخشەری داتا و زانیاریەکانە و زۆر پێویستیی بە زانیاریی وەرگر نیە، بەڵام نێرەر بە دو مەبەست پرسیار لە وەرگر دەکا:

- مەبەستی تاقیکردنەوە: ئایا وەرگر تا چ ڕادەیەک لە بابەتەکە گەیشتوە؟ وەک پرسیاری مامۆستا لە قوتابیەکانی.
- پرسیاری هاندان: هەندێ جار وتاربێژ بۆ هەست وروژاندن و هاندانی وەرگران بە دەنگێکی بەرز پرسیاری ئەوتۆیان لێدەکا کە خۆی وەڵامەکەی دەزانێ. وەک لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا.

نێرەر: ئێوە دەنگ دەدەن بەکێ؟

وەرگران: بە لیستی خاوەنشکۆ.

نێرەرە: کێ ڕابەرە؟

وەرگران: پێغەمبەر – کاکە – مامە....

تەنانەت لە وتاری نوسراویشدا ئەو جۆرە پرسیارانە دەکرێن و مەبەست لێیان جەختکردنەوەیە لەسەر بکەری ڕوداوەکان، گەر باش بن، لایەنگری خۆیەتی و گەر خراپ بن دوژمنەکەیەتی:

نێرەر: کێ بو شورشی ڕزگاری هەڵگیرساند؟ کێ بو ڕاپەڕینی کرد؟ کێ بو داوای داوای مافی ڕەوای گەلەکەی کرد؟.......

ئەی کێ بو کوردی ئەنفال کرد؟ هەڵەبجەی کیمیاباران کرد؟ کەرکوکی بەعەرەبکرد؟

**بەندی دوەم ـ بنەمای هاریکاری گرایس (Grice's cooperative principle):**

هەوڵدانی دێرینی مرۆڤ بۆ بە زانستکردنی هەر دیاردەیەکی ئاشنای بوبێ لە گەردون و دۆزینەوەی پێوەرێک بۆی، کۆشکی شارستانیەتی گەیاندە ئەو پایەی ئێستا.

پاول گرایس (Pawl Grice) فەیلەسوفی ئەمەریکی لە هەنگاوێکی ئەم کاروانەدا، هەوڵیدا: پێوەرێک بۆ بە سیستەمکردنی ئاخاوتن دابنێ. ڕێسایەکی بۆ شێوەی وتار، یان ئاخاوتن دانا کە لە چوار خاڵ، یان بنەما پێکهاتبو، کە بە بنەماکانی هاریکاریی گرایس[1] ناونران. گرایس لە میانی گەڵاڵەکردنی دەربڕینە بێسودەکان و دەرچون لە تەوەری باسەکان، کە بە (تیۆری واتای ناسروشتی) ناسرا، گەیشتە ئەوەی پێویستە سنورێکی لۆجیکی بۆ ئاخێوەر دابنرێ، کە وتارەکەی سیستەماتیک بکا، بۆئەوەی پرۆسەی ئاخاوتنەکە سەرکەوتوبێ. بۆ ئەمەش چوار مەرج، یان بنەمای بۆ ئاخاوتن داناوە[2]:

**١ـ بنەمای چەندێتی (The maxim of quantity):**

لە بنەمای چەندێتیدا باس لە بڕی ئەو زانیاریە دەکرێ کە پێویستە لەکاتی ئاخاوتندا ببەخشرێ. بەپێی ئەو بنەمایە، لە کاتی بەشداریکردن لە هەر ئاخاوتنێکدا، دەبێ تەنیا هێندە زانیاری ببەخشرێ، کە بۆ ئەو مەبەستە پێویستە. بۆئەنجامدانی ئەو بنەمایە، گرایس دەڵێ:

**١ـ با بەشداریکردنەکەت، تەنیا بە ڕادەی پێویست، زانیاری تیادا بێ.**

**٢ـ با بەشداریکردنەکەت، زیاتر لە ڕادەی پێویست، زانیاری تیادا نەبێ.**

پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایە بایەخێکی زۆری هەیە لە ئابوری زمان (Language economy). واتە؛ بەخشینی تەنیا ئەوبڕە زانیاریەی پێویستە بۆ گەیاندنی تەواوی هەر مەبەستێک، کات و وزەی قسەکەر و گوێگر، لەو پرۆسەی ئاخاوتنەدا بە فیڕۆنادا. دەتوانرێ، کرداری بەکارهێنانی کات و وزە لە نێوان قسەکەر و گوێگر لەم هاوکێشەیە لێکبدرێتەوە:

نێرەر ⇐ واتاکان ⇐ بیرۆکە ⇐ وێنەکان ⇐ هێما دەنگیەکان ⇐ وەرگر

لە بنەڕەتیشدا واتاکان پێکهاتون لە پەیوەندیی لەخۆوەی نێوان ناو و ناولێنروەکان. بۆنمونە........

نێرەر ⇐ واتاکان ⇐ بیرۆکە ⇐  ⇐ شیرین تەشی دەڕێسێ ⇐ وەرگر

**٢ـ بنەمای چۆنیەتی (The maxim of quality):**

بنەمای چۆنیەتی ڕادەی ڕاستی ئاخاوتنەکە دەگرێتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە پەیامەکە زانیاریی بێ بەڵگە و شاراوە و درۆی تیادا نەبێ. گرایس ئەم بنەمایەی لەسەر دو ڕێسا دارشتوە:

**١ـ شتێک مەڵێ: کە گومانت لە ڕاستیەکەی هەبێ.**

**٢ـ شتێ مەڵێ: کە بە ڵگەیەکی گونجاوت دەبارەی نەبێ.**

---

[1] Barbara Johnson . discourse Analysis .٢nd Ed .٢٠٠٨ . Blackwell publishing .Ltd

[2] H.G Widdowson .( ٢٠٠٧) "Discourse Analysis " oxford university press .p٥٦

بنەمای چۆنیەتی لەگەڵ جۆر یاخود ئەرکی ڕستەکان دەگۆڕێ. واتە؛ هەندێ ڕستە پتر پابەندی بنەمای ڕاستی دەبن و هەندێکیان کەمتر. ئەو ڕستانەی ڕستەی زانیارین، لەبەرئەوەی باس لەو کەرەسانە دەکەن کە پێوراون، یاخود یەکەی پێوانیان هەیە، پتر پابەندی بنەمای ڕاستی دەبن و ناڕاستییان وردتر و زەقتر دەرەکەوێ. وەک:

**ــ ڕوبەری چوارگۆشە یەکسانە بە لا جارانی لا.**

هەروەها ڕستەی پرسیاری ڕاست و درۆی تێناکەوێ. وەک:

ــ چۆن ڕوبەری چوارگۆشە دەدۆزرێتەوە؟

بەڵام ئەو ڕستانەی باس لە کەرەسەی نەپێوراو دەکەن، گومان لە ڕاستیەکانی دەکرێ. وەک:

ڕستەی هەواڵدان، خۆزگەیی، هەستدەربڕین ...هتد. وەک:

**ـ پیاوێکی باش بو! بێگومان جێگەی بەهەشتە.**

ــ پرۆفیسۆر دکتۆر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ئەم دوره شیعرەی بۆ من و چەندین کەسی تر ناردوە:

**تــــاكو لەیەكتر دانــــبڕاین نەمـزانی هێندەم خۆشــەوێی!**

**دەبێ ئەحواڵی دڵ چۆن بێ؟ کـە مـن لێـرەم و تــۆلـەوێی!**

**ـ دایکت بە قوربانت بێ! خۆزگە من لە جێی تۆ مردبام!**

ئاشکرایە، گومان لە ڕاستیی ئەو ڕستانەی سەرەوە دەکرێ و ناتوانرێ بسەلمێنرێن، چونکە هیچ بەڵگەیەکی دیارمان لەبەر دەستدا نیە.

**٣ـ بنەمای پەیوەستی** (The maxim of relation):

ئەو بنەمایە ئەو مەرجە دەگرێتەوە کە دەبێ داتاکان و زانیاریەکانی نێرەر دەیاننێرێ، پەیوەندیی بە کات و شوێن و ئەو بابەتە هەبێ کە لە کرۆکی ئاخاوتنەکەدایە. دەتوانرێ، ئەو بنەمای پەیوەندیە بەم دو ڕێسایە لێکبدرێتەوە:

**١ـ داتاو زانیاریەکان پەیوەست بن بە بابەتەکەوە.**

**٢ـ ئاخاوتنەکە پەیوەست بێ بە کات و شوێنەوە.**

هەرچەندە گرایس بەم ڕستەیە گوزارشت لەو بنەمایە دەکات:

(پەیوەندی تەواوت بە بابەتەکەوە هەبێ ـ Be relative).

لەم نمونەیەدا وەڵامی یەکەم پەیوەندیی بە پرسیارەکەوە هەیە و وەڵامی دوەمیش هی پەیوەندیێکی بە بابەتەکەوە نیە:

ـ دوێنێ پەیوەندیم بە هەردوکتانەوە کرد بۆ وەڵامتان نەبو؟

وەڵامی یەکەم: ببورە مۆبایلەکەم کوژایەوە.

وەڵامی دوەم: دوێنی کەش و هەوا زۆر خۆشبو.

**٤ـ بنەمای جۆر** (The maxim of manner):

بنەمای جۆر باس لە شێوازی دەربڕینی زانیاریەکان دەکا. ئەو بنەمایە بایەخ بە جۆری ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی داتا و زانیاریەکانی ئاخاوتن دەدا کە بە ئاسانترین شێوە وەرگر لێیان تێبگا و وتارەکە و مەبەستەکەی ئاشکرا بێ و گرفت لە لێکدانەوەی دروست نەبێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە گرایس چوار خاڵی پێویستی دەستنیشانکردوە:

١ـ دورکەوتنەوە لە ناڕونی (obscurity) لە دەربڕیندا.

٢ـ دورکەوتنەوە لە لێلواتایی (Ambiguity).

٣ـ کورتبڕ بە (دورکەوتنەوە لە درێژدادڕی).

٤ـ ڕێکوپێک بە (orderly).

پوختەی ئەو چوار خاڵە ئەوە دەگەیەنن کە پێویستە نێرەر وتارەکەی ڕون و ئاشکرا بێ و دوربێ لە شاردنەوەی مەبەست، لێڵواتایی و فرەواتایی تیادانەبێ، ڕیک و پوخت بە کورتترین و کەمترین کەرەسە پەیامەکەی بگەیەنێ، بە شێوەیەکی زانستی و سیستەماتیکی ڕێکوپێک وەرگر لە مەبەستەکەی تێبگا. بۆ نمونە ئەو وتارەی خوارەوە هی مامۆستایەکە پابەندی بنەماکانی جۆر بوە:

**ـ ئێوە ناخوێنن بۆیە دەرناچن.**

بەڵام ئەم مامۆستایە پابەندیی بنەمای جۆری ئاخاوتن یان شێواز نەبوە:

**ـ هەندێ لە قوتابی بە بێ هاوێرکردن (استثناء) وازیان لە خوێندن هێناوە و هەر خەریکی کات بە فیڕۆدانن بەکاری بێ سود، بۆیە سالێکی تریش هەر لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە.**

**<u>سودی شیکردنەوەی ئاخاوتن (وتار، گوتار، یان دواندن):</u>**

لەبەشەکانی پێشتردا وتار وەکو تێکڕای قسەکردن بە شێوەی ئاخاوتنی تاک (monologue) یان گفوگۆی دوانی (Dialogue) بەکارهاتوە، بەڵام ئاخاوتن بە شێوەی گوتار یان دواندان (خطابة Declamation) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیدا بونی کۆمەڵگا و سەردار یان سەر کۆمەڵ، کاتێ سەرداری خێزان یان سەرکۆمەڵ زانیاری (ئامۆژگاری، وشیارکردنەوە، فەرماندان، ڕێنمایی. هتد) پێشکەشی ئەندامانی گروپەکەی کردوە، واتە؛ گوتاری بەرامبەریان داوە. ئەوەی لەسەردەمی مێژودا ئاماژەی پێکراوە وەکو زۆربەری زانستەکانی تر سەرەتای گوتار دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەلسەفەی یۆنانی. ئەو سیستەمە سیاسی و ڕژێمە دیموکراتیەی لە زۆربەی شارەکانی یۆنان باوبوە کە هەر تاکێکی کۆمەڵ مافی هەیە لە پێش جەماوەردا گوتار پێشکەش بکا. ئەمەش وایکرد بەهرەکاری لە گوتاردا پەیدا ببێ و بنەماکانی سەر هەڵبدەن.

دوای ئەوان، سەفستاییەکان چەند مەرجێکیان بۆ هونەری دواندن دانا:

١ـ پێویستە دواندەر بتوانێ بە ڕستەی کورت کورت وتوێژ بکا.

٢ـ پێویستە بنچینە و ڕاستی شتەکان بزانێ.

٣ـ پێویستە بزانێ چۆن بەڵگە و ڕاستیەکان لەدادوەریدا دەخاتەڕو.

٤ـ پێویستە بزانێ چۆن لەگەڵ و جەماوەر دەدوێ.

٥ـ پێویستە شێوازەکانی گوتار یان دواندن بزانێ.

بەم پێیە پێویستبو دواندەر هێندە زانیاری و شارەزایی هەبێ کە چۆن گوتار پێشکەش دەکا و مەبەستەکەی لە بەرامبەرەکانی دەگەیەنێ و باوەڕیان وەدەستدێنێ. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی هونەری دواندن پەرەبسێنێ و میکانیزمی بۆدا بنرێ[1].

لە دیدی ئەفلاتوندا گوتاری ڕاستەقینە ئەو گوتارەیە کە سود بە بەرامبەر بگەیەنێ و بەڕاستگۆیی و پەندامێز و زانیاری بەخش باوەڕی بەرامبەرەکەی وەدەستبێنێ. پێویستە دواندەر لە گوتار و وتوێژەکانیدا (Argument) بەڵگە و پاساوی بنبڕ پێشکەش بکا[2].

دوای ئەوە لەسەردەمی ڕیزمانی دێریندا بایەخێکی ئەوتۆ بە دواندن نەدرا، چونکە ڕێزمانی دێرین بە گشتی و زمانەوانیی تیۆری بەتایبەتی، پتر بایەخیان بە کەرەسە پێکهێنەرەکانی زمان چۆنیەتی داڕشتنی وشەکان و ڕۆنانی ڕستەکان داوە.

لە زمانەوانیی نوێدا پتر جەخت لەسەر سود و ئەرکەکانی زمان کرایەوە، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی زمانەوانیی کارەکی (Applied Linguistics) دواندن بو بە یەکێ لەو بابەتانەی کەوتنە بەر تیشکۆی توێژینەوە پەیتا پەیتا بە چەندین شێوە دواندان (گوتار) پێناسە کرا، وەک لارۆس (Larousse) ئاماژەیان پێدەدا[3]:

١ــ دواندان زمانە لە دۆخی بەکارهێناندا.

٢ــ دواندان یەکەیەکی یەکسانە بە ڕستە، یان لە ڕستەش بالاٌترە. دواندن وتەیەکە لە زنجیرەیەک دەربڕین پێکدێ کە سەرەتا و کۆتایی هەیە.

٣ــ لە ڕەوانبێژیدا: دواندن زنجیرە وتەیەکی پەرەپێدراون بە مەبەستی کارتێکردن و وەدەستهێنانی بڕوای بەرامبەر، کە بە پێی ڕێسا ڕێزمانیەکان داڕێژراوە.

٤ــ دواندن لە زمانەوانیی نوێدا زاراوەی (دواندان ــ گوتار) هەر وتەیەک دەگرێتەوە کە لە ڕستە گەورەتربێ و بە پێی ڕیزمان نجیرەیەکە لە ڕستە.

لەبەرئەوەی دواندان سەرباری زمانەوانی، وابەستەی کۆزمانەوانی (Sociolinguistics) و دەروزمانیە (psycholinguistics)، بە چەندین شێوەی تر پێناسەکرا، بەتایبەتی لە هەشتاکاندا دواندان وەکو چەندین چالاکی و چەمکی تر ناودەبرا یان ئاماژەی پێدەدرا: وەکو ئاخاوتنی گشتی، کردەی دەربڕینی زمانی، هونەری دواندن.... ئەم چەند جەمسەریەی پەیوەندیش پێناسە و بۆچونی جۆراوجۆری هێنا ئاراوە[4].

کەواتە؛ ئەگەر لاپەڕەی ئاخاوتن بە شێوەیەکی گشتی وەرگێڕین و ڕوبکەینە لاپەڕەی گوتار یان دواندان، دەبینین، سەرباری سەردەمی یۆنانی لە زمانەوانیی نوێشدا دواندان وەک هونەرێکی بەرزی ئاخاوتن ئاماژەی پێکراوە. (بە لێدەرکردنی گوتار و گوتاربێژی ئاینی، چونکە ئەمانە بەناوی پەیامی خوا دەدوێن، هەروەها پەندەکانی پێشینان هەریەکەیان گوتارێکی کورتکراوەن). لە زمانەوانیی کارەکیدا سەرباری هەوڵدان بۆ داڕشتنی پەیکەری گوتار و چوارچێوە و بنەماکانی، هەوڵی شیکردنەوەی وتاریش درا، بۆ ئەوەی بزانرێ، تا چ ڕادەیەک نێرەر و وەرگر سودیان بە یەکتر گەیاندوە؟ یان تا چ ڕادەیەک سودیان لەو گوتارە وەرگرتوە؟ بەم پێیە دەتوانرێ

---

١سيلفار أورو , تأريخ التفكيراللسانى . ترجمة عبدالرزاق بنور ص ٢٦٤

٢ سيلفار أورو , تأريخ التفكيراللسانى . ترجمة عبدالرزاق بنور ص ٢٨٢، ٢٨٣

٣ منية عبيدى . التحليل النقدى للخطاب .٢٠١٦ . عمان ص ١٨

٤ باتريك شارودو و دومينيك مونغو .ترجمة عبدالقادر المهيرى و حمادى صمود ، دار سيانترا ، تونس . ص ١٨٠- ١٨٢

سودەکانی هونەری گوتار (دواندان) بۆ نێرەر (دواندەر) لەم خاڵانەی خوارەوە کۆبکەینەوە، واتە؛ دەبێ، دواندەر هێندە کارامە وشارەزا بێ کە بە وردی ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوە بێ و فەرامۆشیان نەکا:

١ـ دەبێ پێویستیەکی هەنوکەیی هەبێ بۆ ئەو پەیامە.

٢ـ دەبێ دواندەر مەبەستەکەی خۆی تەواو لا ڕون بێ.

٣ـ پێویستە، لە دو ڕووەوە ئاگاداری کات بێ: یەکیان ـ ئایا بابەتەکە هێندە پێگەیشتوە کە قسەی دەربارە بکرێ؟ دوەمیان ـ ئایا ئەو کاتژمێرەی ئەو گوتارەی تیا دەدا، دەمکاتێکی گونجاوە؟

٤ـ پێویستە بزانێ، ئایا ئەو شوێنە گونجاوە بۆ گوتاردان؟

٥ـ دەبێ بزانێ، بۆ چ جۆرە وەرگرێک گوتار دەدا؟ لە ڕوی تەمەن، چینی کۆمەڵایەتی، ڕادەی ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیا.

٦ـ دەبێ بەڵگەی بەرجەستە و پاساوی لۆجیکیی گونجاو لە پەیامەکەیدا هەبن و بتوانێ بڕوای وەرگرەکان وەدەستبێنێ.

٧ـ گرنگە ژینگە و کەش و هەوای گوتاردان لەباربێ.

٨ـ گرنگە تۆنی دەنگی بۆ گوتاردان لەباربێ و بتوانێ، لە کاتی پێویستدا، یاری بە چینە بەرز و نزمەکانی دەنگی بکا، هەروەها شارەزایی لە دەنگسازی هەبێ بۆ دروست بەکارهێنانی فۆنیمە کەرتیەکان. وەک: هێز، ئاوازە و وەستانەکان.

٩ـ شارەزایی هەبێ لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەی گونجاو، بە ڕەچاوکردنی ئاستی وەرگر بە هەمو شێوەکانیەوە: (تەمەن، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، دەرونی بیروباوەڕ.... هتد).

١٠ـ شارەزاییەکی باشی هەبێ لە زمانەوانی بە گشتی و ڕستەسازی و واتاسازی بە تایبەتی، بۆ ئەوەی بتوانێ: ڕستەکان و ڕیزبەندییان بە شێوەیەکی واتا بەخشی کاریگەر دابڕێژێ، کارامەیی هەبێ لە واتا دیارەکان و شاراوەکانی ناو ڕستەکان.

شیکردنەوەی گوتار سودی بۆ وەرگر ئەوەیە، مەبەستە دیار و شاراوەکانی بۆ ئاشکرا دەکا و ڕادەی ڕاستگۆیی و چەواشەکاریی گوتارەکەی بۆ دەردەخا. لەم پرۆسەی شیکردنەوەیەدا شیکەری وتار ڕۆلی سەرەکی و گرنگ دەبینێ لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی گوتارەکە و دەرخستنی مەبەستە دیار و نادیارەکانی.

## ڕێبازەکانی شیکردنەوەی وتار:

هەرچەندە سەرەتاکانی وتار و لێکدانەوەی یان شیکردنەوەی وتار دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی و سەفستاییەکان و دواتریش وتاری پیاوە ئاینیەکان و بەرپرس و سەرخێل و سەرکردەکان. ئەم شیکردنەوانە تێکەڵێک بون لە لێکدانەوەی وتار لە ڕوی زمانەوانی، کۆمەڵایەتی و دەرونی. تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی چەندین جۆری وتار جیابکەنەوە، وەک: وتاری زانستی، وتاری ڕامیاری، وتاری سەربازی، وتاری ئاینی، وتاری کۆمەڵایەتی، وتاری دادوەری، وتاری ئاهەنگی.... هتد.

له نیوەی دوەمی سەدەی بیستدا و لەسەر زەمینەی زمانەوانیی کارەکیدا، شیکردنەوەی وتار وەکو لقێکی تایبەتی ئەم زمانەوانیە پتر بایەخی پێدرا، ئەویش بە دو مەبەست، یەکەمیان: سود گەیاندن بە نێرەری وتار، تاکو کارامەیی و شارەزایی پێویست لە ناردنی وتاردا پەیدا بکا. دوەمیان: تاکو وەرگری وتار لە لێکدانەوەی وتار بە هەڵەدا نەچێ و بتوانێ وتارەکان بژار بکا و چەواشە نەکرێ.

لە پێش حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، هەرچەندە لەلایەن ئەوروپیەکان ئاوڕێکی بەگوڕ لە شیکردنەوەی وتار درایەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە چوارچێوە و بنەمای یەکانگیر و سنورداریان بۆ شیکردنەوەی وتار دیار نەکرد و نەبون بە ڕێبازێک ئاماژەیان پێ بکرێ. لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا، هەوڵەکان چڕتر بونەوە و چەند بۆچونێکی ڕونتر دەرکەوتن کە دەتوانرێ وەکو ڕێبازی جیاواز لەو بوارەدا دیاربکرێن، بە تایبەتی هەردو ڕێبازی فەڕەنسی و ئینگلیزی کە توانیان پەلبهاوێن بۆ تایبەتمەندانی ئەو بوارە لە جیهاندا و بکرێن بە زەمینە بۆ شیکردنەوەکانیان، دواتریش ڕێبازی ئەڵمانی بو بە تەواوکەری ئەوان.

**١ـ ڕێبازی فەڕەنسی:**

ڕێبازی فەڕەنسیی شیکردنەوەی وتار، لە کرۆکی ئەو لێکدانەوانە سەرهەڵدەدا کە لە شێستەکانی سەدەی ڕابردو باو بون. دیارترینی ئەو لێکدانەوانە لە ساڵی (١٩٦٩)، لە ژمارە (١٣)ی گۆڤاری زمانەکان ( Language Magazine) بە ناونیشانی شیکردنەوەی وتار (Analyse du discours) بڵاوکرانەوە. هەروەها ئەمانە و ئەو توێژینەوانەی لە حەفتاکان لە ئارادا بون، لە لایەن (م. بیشۆ ـ ١٩٣٨ـ١٩٨٣) کە لایەنگرێکی سەرسەختی ئەو ڕێبازە بو، لە کتێبەکەی بەناوی شیکردنەوەی ئۆتۆماتیکی وتار (Analyses automatique du discours) بڵاوکرانەوە و ئەو وتارانە لە سنوری فەڕەنسا دەرچون و هەمو وڵاتە فەڕەنسیزانەکانی گرتەوە.

هەوێنی ئەم ڕێبازە پێکهاتبو لە ئاوێتەبونی ئەو بیروباوەڕ و بەرهەمانەی کە ئەو سەردەمە تاوتوێدەکران. وەک: زمانەوانیی بنیاتگەری و بیردۆزەی ئایدیۆلۆجیا.

باس و توێژینەوەکانی نوسەر و زمانەوانان دەربارەی وتاری ڕامیاری، لەسەر زەمینەی ئەو ئاوێتەبونە، بون بە شادەماری ئەو ڕێبازە. بەتایبەتی پێداچونەوەی فەیلەسوف لۆویس ئەلتوسەر (Louis Althusser) بە بەرهەمەکانی کارل مارکس و شیکردنەوەی دەرونیی جاک لاکان. تێکڕایی ئەو بەرهەمانە، وتار بەگشتی و وتاری ڕامیاریی بەتایبەتی، لە ڕوانگەی پەیوەندی و تێکەڵبونی وتار بە زمانەوانی و ئایدیۆلۆجیا و کاردانەوەی دەرونی شیدەکردەوە. دیارترین ڕێبەرانی ئەو ڕێبازە بریتی بون لە : لۆویس ئەلتوسەر (Louis Althusser)، میشێل فۆکۆ (Michel Foucult) و پییێر بۆردیۆ (Pieere Bourdieu).

لای پەیڕەوکارانی ئەم ڕێبازە هەر وتارێک سەرباری کەرەسە زمانیەکان، چەندین هۆکاری دەرەکیش بەشداری پێکهاتەکەی دەکەن، ڕەنگە ئەو کارتێکەرە دەرەکیانەش لە دەرەوەی پێکهاتەی زمان نەبن. ئەو ڕێبازە پشتی بە پاشخانی ئایدیۆلۆجیای خەباتگێڕی مارکس دەبەست[1].

**١ـ لۆویس ئەلتوسەر(Louis Althusser):**

١ باتريك شارودو ، دومنيك منغنو . معجم تحليل الخطاب . ترجمة عبدالقادر المهيرى و حمادى صمود . تونس . ٢٠٠٨ . ص ١٩٥.

لۆویس ئەلتوسەر فەیلەسوفێکی فەڕەنسیە، لە جەزائیر لەدایکبوە و لە فەڕەنسا بەردەوامیی بە خوێندن داوە و کاریگەر بوە بە ڕێبازی مارکسی. ئەمەش وایکردوە ساڵی ١٩٦٦ (یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستی مارکسی لینینی – l'Union des jeuns communists marxistes- leninistes) دابمەزرێنی[1]. ئەلتوسەر ئەو باوەڕە سەرسەختانەی بە بیروباوەڕی مارکسی هەیبو، هانیدا پێداچونەوەیەکی پیشەیی بە کارەکانی مارکسدا بکا و لایەنە زانستی و بیرمەندیە کاریگەر و سودبەخشەکانی گەشبکاتەوە و لەو ڕەخنە و توانجانەی بپارێزی کە بە هۆی بیرۆکە و دەوڵەتی دەسترۆیشتوی ستالینی هاتبونە ئارا. بەرگری و داکۆکیکردنەکەی لە بەرهەمێک بڵاوکردەوە بەناوی (لە پێناوی مارکسدا). یەکێ لە پاڵنەرەکانی ئەو پێداچونەوە و بەرگریکردنە ئەو لێکدانەوە فەلسەفی و مرۆڤدۆستیە بو کە هەندێ لە مارکسیە فەڕەنسیەکانی وەک گارودی (R. Garaudy) بانگەشەیان بۆ دەکرد. ئەلتوسەر لای وابو ئەو لێکدانەوانە بیردۆزەکەی ئایدیۆلۆجیای مارکسی لاواز دەکەن و لە ڕەوتە زانستیەکەی لایدەدەن[2]. پاڵنەرێکی تری کارەکەی ئەلتوسەر ئەو باوەڕە بو کە هەستیدەکرد کۆمۆنیستە فەڕەنسیەکان وازیانهێناوە لە بیردۆزە بنەڕەتیەکەی مارکس و تەنیا خەریکی کاری ڕامیارین.

لای ئەلتوسەر (ئایدیۆلۆجیا)، نواندنێکی ئەندێشەیی پەیوەندیی کەسەکانە بە بارودۆخی ڕاستەقینەی مانەوەیان)[3]. مەبەستی ئەو ئەوەیە، مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا یەک پێکهاتەیان هەیە و جیاوازییان نیە، بەڵام ئەوەی جیایاندەکاتەوە ئایدیۆلۆجیایە. ئەو ئایدیۆلۆجیا هاویەک و جیاوازانەش پەیوەندیی نێوان ئەو مرۆڤانە دەستنیشاندەکەن. هەروەک چۆن هەر وشەیەک واتایەک وەردەگرێ و شتێک دەستنیشاندەکا. بە هەمان شێوە، زمان ئامرازێکی گواستنەوەی پەیامە، ئەوەی جیاوازیی دروستدەکا، ناوەرۆکی پەیامەکەیە. بۆیە لای ئەو لە نێوان ئایدیۆلۆجیا و زمان پەیوەندیەکی لەخۆوەیی هەیە و هەمو ئایدیۆلۆجیایەک سیمایەکی زمانی پێوەیە. هەر بۆیەش بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەر ئایدیۆلۆجیایەک پێویست بە شیکردنەوەی وتاری ئەو ئایدیۆلۆجیایە دەبێ، شیکردنەوەی وتاریش بەبێ شیکردنەوەی ئامرازە دروستکەرەکەی نابێ کە زمانی وتارەکەیە.

وتار لای ئەلتوسەر کۆگایەکی قوڵی پڕ لە ئەندێشەیە کە لە کەتواردا لە ئارادا نین، شیکردنەوەکەی، ئەو وتارە ڕزگاردەکا لەو زڕەندێشانەی پراکتیزە ناکرێن و لە وتە و بەڵێنی نەگونجاو و پیرۆز دایاندەماڵی. ئەو بیرۆکەیەی ئەلتوسەر هاوکارێکی پێشکەوتنی زمانەوانی بو بە گشتی و بایەخدان بو بە ناوەرۆک و مەبەستە شاراوەکانی ناو وتار بە تایبەتی.

پوختەی بیرۆکەکەی ئەلتوسەر لەسەر شیکردنەوەی وتار لە بۆچونی مارکس هاتوە کە لایەنی ئابوری دەکاتە بنەمایەکی سەرەکیی پێکهاتە و دروستبونی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا. لای ئەلتوسەر نابێ ئێمە نالەباریی دۆخی کۆمەڵگا بخەینە سەر ناردن و بیستنی وتار و لە شکردنەوەی وتاردا زمان تاوانبار بکەین، بەڵکو دەبێ پاڵنەرە بەرجەستەکانی (Material) وتارەکە دەستنیشانبکەین کە لەو کۆمەڵگایە لە ئارادان[4]. بەهۆی ئەوەی ئەلتوسەر لە ژێر کاریگەریی بۆچونی مارکس، پتر ڕەچاوی لایەنی ئابوری دەکا و دەیکاتە بنەمای سەرەکیی شیکردنەوەی وتار، بۆیە هەریەک لە ماریان جۆرگینسن و لۆویس فیلیپ ( Marianne Jorgensen and

١ منیه عبیدی . التحلیل النقدی للخطاب . عمان .٢٠١٦ ص ٣٩.

٢ عمر مهیبل . البنیویة فی فکر الفلسفی المعاصر. الجزائر . ١٩٩١ . ص ١٨٠.

٣ Louis Althusser . position (١٩٦٤-١٩٧٥ )Paris. ١٩٧٦ . p ٩٩.

٤ http://www.anfasse. org عبدالوهاب شعلان لوی ألتوسار قارئا لمارکس.

(Louise Phillips) لە کتێبەکەیان بە ناوی شیکردنەوەی وتار (Discourse Analysis)، ڕەخنەی ئەوە لە ئەلتوسەر دەگرن کە ناکرێ کاریگەریەکانی لایەنەکانی تر وەک: (کۆمەڵایەتی، کلتوری و ڕۆشنبیری.... هتد) بە هۆکاری لاوەکی دابنرێن و تەنیا هۆکاری ئابوری سەرەکی بێ. کەواتە؛ بۆ باس لە گرنگیی شیکردنەوەی وتار دەکا؟ دەبوایە تەنیا بایەخ بە شیکردنەوەی ئابوری بدا.

بیرۆکەی ئەلتوسەر پتر لەوەدایە، مرۆڤ ئامرازێکی بەرهەمهێنانە و گۆڕینی مێژو لە دەسەڵاتی ئەودا نیە و سیما کۆمەڵایەتیەکانی وەک: ئاین، ڕەوشت، ویژدان،.... زاراوەی بێ واتان[1]. لە ڕاستیدا ئەمەش یەکێ لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی سەرمایەداریە و تا ڕادەیەکی زۆر لە وتاری هاوچەرخدا ڕەنگیداوەتەوە.

**٢ـ میشێل فۆکۆ (Michel Foucult):**

ڕابەری دوەمی شیکردنەوەی وتار لە ڕێبازی فەڕەنسیدا میشێل فۆکۆیە (Michel Foucult). دەرکەوتنی فۆکۆ لەم بوارەدا پتر دەگەڕێتەوە بۆ پەڕتوکەکەی شوێنەواری ڕۆشنبیری (L archeologie du savoir). فۆکۆ تایبەتمەندیی لە فەلسەفە و دەرونزانی هەبو. لە چەند زانکۆیەک وانەی وتۆتەوە، وەک: زاکۆی لیل (Lille) لە ساڵی ١٩٥٢ و زانکۆی کلێرمۆنت فەرراند (Clermont-Ferrand) لە ساڵی ١٩٦٢ و لە تونس ساڵی ١٩٦٦. لای ئەو پێویستە مامۆستا و قوتابیی زانکۆ سەرباری ئەوەی دەبێ زانکۆیی بن و ڕۆشنبیر بن، واتە؛ دەبێ هەوڵبدەن جۆرێکی دەستنیشانکراو لە زانیاری پراکتیزە بکەن و ئەوەی لە زانکۆ دەیخوێنن و وەریدەگن، شیبکەنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەن، بە جۆێک وایانلێبکا نەک بیرکردنەوەی خەڵکانی تر، بەڵکو بیرکردنەوەی خۆشیان بگۆڕێ[2].

فۆکۆ هەوڵیدا، بایەخێکی ئەوتۆ بە مرۆڤ بدا کە پیشتر پێی نەدراوە. لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا، تا ئەو ساتە ڕەوتی ڕۆژگار و ڕوداوەکانی مێژو لە دەستی مرۆڤدا نەبون و مێژو ئەو سزا و پاداشتانەبون کە خواوەند بە مرۆڤەکانی دەبەخشی. مرۆڤ ڕۆلێکی ئەوتۆی نەبو لە هەڵبژاردن و گۆڕانکاریەکانی میژویی، فەلسەفی، زانستی، ڕامیاری، ڕۆشنبیری وکەلتوری، تەنانەت وەک خۆی دەڵێ: (لەو کاتەدا مرۆڤ لەئارادا نەبو، نە ژیان و نە زمان و نە کردار لای مرۆڤ بونیان نەبو)[3]. واتە؛ هەموی لەدەست خوادا بو. لای فۆکۆ پێش ئەو سەردەمە مێژو زنجیرە ڕوداوێکی چارەنوسسازی خوای بەردەوام بو بەسەر مرۆڤدا دەهات و مرۆڤیش لە ژێر بڕیار و ڕێنمایی و لکێدانەوەی کەنیسە کە دەسەڵاتی ڕەها بو، بە بەرکار دادەنرا و ڕۆلی بکەری نەبو. فۆکۆ لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی دێکارت و کانتدا، هەوڵیدا ئەو ڕاستیە بسەلمێنێ کە مرۆڤ تەوەرەی سەرەکیی گوڕانکاریەکانە و بزوێنەری تێکڕای ڕوداوەکانە. بەم پێیەش پێویستە هۆشی مرۆڤ لە پێناو گۆڕانکاریی سودبەخش و بەرهەمهێن بەکار بهێنرێ و واز لە لایەنە بێسودەکانی وەک ئاین و ڕەوشت بهێنرێ[4]. فۆکۆ لە کتێبەکەی (ڕەوتێکی فەلسەفی: میشیل فۆکۆ) داوا دەکا، مرۆڤ لە توخمێکی هەڵسوڕاوی مێژویی، بگۆڕێ بۆ توخمێکی هەڵسوڕێنەری مێژویی.

بەکاریگەریی بیرۆکە نوێیەکانی فەیلەسوفانی وەک: دێکارت و کانت و نیتشە و لەسەر بنچینەی چەمکەکانی مارکس و پێداچونەوەی ئەلتوسەر، فۆکۆ ئاسۆیەکی تری بیرکردنەوەی لا دروستبو، بەوەی پێویستە پشت لە

١ ڕوجی جارودی . مارکسیة القرن العشرین . ترجمة نزار الحکیم . بیروت . ط٤ ١٩٧٨ . ص ٢٤٨ .
٢ منیە عبیدی . التحلیل النقدی للخطاب . عمان ٢٠١٦ :٤٣.
٣ مێشال فۆکۆ. الکلمات و الاشیاء . الاعمال الکاملە لمیشال فۆکۆ . ترجمە جماعیە تحت اشراف مطاع الصفیدی بیروت ١٩٩٠ ص ٢٨٣.
٤ حوار بین فوکو و هوبیر دریفۆس و بول ڕابیناو ترجمهة محمد بولعیش مجلة بیت الحکمة . العدد الاولی . ابرایل ١٩٦٨ ص١٠٠.

مێژوی هەڵسوڕێنەر بکرێ و ڕوبکرێتە لێکدانەوەی ئەوەی کە لە کەتوار لە ئارادایە، بە پێی خواستەکان و ئارەزو و داخوازیەکانی مرۆڤ ڕوبکرێتە داهاتو و کار بۆ وەدەستهێنانی پێداویستیەکان بکرێ. ڕوبکرێتە ئەو کەرەسانەی کە بەرجەستەیین و مرۆڤ لە توانایدایە وەدەستیانبێنێ و پشت لە توخمە دەرجەستەییەکان (abstract) و ڕەوشتیەکان (Moral) بکەن، چونکە ئەمانە توخمی ناگەردونین و سستکەرەوەی پێشکەوتنن و مێشکی مرۆڤ بەرنامەڕێژ دەکەن. ئەگەر وتار و شیکردنەوەیەکی وتاریش بەو ئاڕاستەیە نەبێ ڕەخنەی لێ بگیرێ[١].

فۆکۆ دوای خوێندنەوەی پەڕتوکەکەی کانت (ڕەخنە هۆشی کرداری) کە تیایدا پێشنیار دەکا، خودێکی گەردونی بدۆزرێتەوە بۆ ڕۆشنبیری، نوێنەرایەتی هەمو شتێک بکا کە لە گەردوندا هەیە، تەنانەت ڕەوشتیشی لەگەڵدا بێ. فۆکۆ لە پەڕتوکەکەی بە ناوی (میشێل فۆکۆ: ڕێچکەیەکی فەلسەفی) لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (هۆبیر دریفۆس) و (پۆل ڕابیناو)دا دەڵێ: (پێویستە من خۆم بناسم، چونکە خودێکی ئەم گەردونەم، بە پێی پابەندبونم بە یاسا گەردونیەکان و بەم شێوەیە ڕێگایەکی تری نوێی دۆزیەوە لە لاسایکردنەوەی نەریتەکان و لە سایەی ئەو بو چیتر خودی من بەخشراو نیە، بەڵکو پێکهاتوە لە پەیوەندیی خود بەخۆیەوە). واتە؛ چیتر مرۆڤ دروستکراو و بەخشراو و ڕۆبۆتێکی بەرنامە داڕێژراو نیە، بەڵکو خودێکی دوستکەر و بەخشەر و بەرنامە داڕێژەرە[٢].

جیاوازیی فۆکۆ لەگەڵ کانت لەوەدابو، کانت وازی لە مێژو هێنابو، لای وابو، دەبێ توێژینەوە و تاقیکردنەوە، دەسپێک و سەرەتای ڕۆشنبیری و هەر بزوتنەوەیەکی زانستی و بیر و ڕامیاری بێ. هەرچی فۆکۆیە، لەو باوەڕەدا بو، دەبێ سەرەتای زانیاری و دەسەڵاتداری لە مێژوەوە دەستپێبکا. دەستەواژەی وەسفکردنی ئەرشیفی ( La description de L archive)ی بەکارهێناوە[٣]. مەبەستی فۆکۆ ئەوە بوە، ئەو مرۆڤەی تا ئێستا لە مێژودا وەک مردو بو، پەند وەرگرێ و ببێتە تاکە ئەکتەری سەرەکیی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی مێژویی و سەرهەڵدانی زانیاری.

ئەو وتارانەی فۆکۆ دیدگەی ڕۆشنبیرانی بە گشتی و هاوڕاکانی بەتایبەتی، بۆ کاروانی ژیان گۆڕی و هاتنە سەر ئەو باوەڕەی دەبێ وتارنوس و مێژونوس و بیرمەندان پەیامەکانیان ملکەچی کەتوار (reality) بن و دورکەوتنەوە لە ئەندێشە (Fantasy) و وابەستەی خواستە دەرونیەکانی مرۆڤ بن، ئەویش بە هەڵدانەوەی مێژوی دێرین و بەستنەوەی بە کۆششەکانی ئێستای و ئاواتەکانی داهاتوی، بۆ داڕشتنی نەخشە ڕێگای بەختەوەری.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، فۆکۆ بە هۆی کاریگەر بونی بە بیرۆکە مارکسیەکان و لێکدانەوەکانی ئالتوسەر هەوڵیدا ڕێڕەوی شیکردنەوەی وتار لە شوێنەوارناسی (Archaelogy) واتە؛ لێدوان و باسکردنی وتار و مێژوی کۆن، بگۆڕێ بۆ بیردۆزەی زانیاری (Epistemology) واتە؛ توێژینەوە و شیکردنەوەی ورد بۆ زانیاریەکان.

فۆکۆ لە ساڵی ١٩٦٩ لە پەڕتوکی (هەڵکەنراوەکانی زانیاری ـــArcheology du savoir) باس لەوە دەکا، ئەو کۆمەڵە وتارەی لە مێژودا بون بە ئەرشیف، تەنیا دەقی پارێزراو نین بۆ ئەوەی بزاین نوسەرەکانیان چییان نوسیوە؟ و چۆن بیریانکردۆتەوە؟[٤] بەڵکو وتار بۆ ئەوەیە، تێبگەین چی کراوە؟ بۆچی؟ و چی بکەین؟ و چۆن

١ عبدالسلام حمیر .فی سوسیولۆجیا الخطاب ، من سوسیۆلۆجیا التمثیلات الی سوسیاوجیا الفعل . بیروت ٢٠١٨ : ١٨١
٢ مجلة بیت الحكمة . ضمن حواربین فۆكۆ و هوبیر دریفۆس و بول ڕابیناو ، ترجمة محمد بولعیش. العدد الاولی . ابرایل ١٩٦٨ ص١٠٠ -١٠٢
٣ منیه عبیدی . التحلیل النقدی للخطاب . عمان .٢٠١٦ : ٤٥
٤ میشیل ڤۆكۆ . حفریات المعرفه ، ترجمة سالم یفوت ، دار البیضاء، النركز الپقافی العربی ط٢ ١٩٨٧

داهاتومان بنیاتبنێین؟ ڕاست و درۆکان بژار بکەین، شیکردنەوەی وتار، شیکردنەوەی وتە ڕاست و ڕاستەقینەکانە کە وابەستەی ژینگە و کەتوارن[١].

نۆرمان فارکلۆف ڕەخنەی ئەوە لە فۆکۆ دەگرێ، کە شیکردنەوەی وتار لای فۆکۆ تەنیا شیکردنەوەی دەقەکانی هەوڵدان بو، بایەخکی ئەوتۆی بە وردەکاریەکان و پەیوەندیی وتەکان بە ژینگە و کەتوار نەدەدا و ئەمەش پتر شیکردنەوەی وتاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی مەرجدار و ڕێسابەند کرد[٢].

بنەمای بۆچونەکانی فۆکۆ لەسەر دو گریمانە دارێژرابو:

١ـ مێژوی بیرۆکەکان تا ئەو کاتە لە زانست و زانیاری باڵاتر بون.

٢ـ دەسەڵات هەمو ڕاستیەکانی پاوان کردبو.

بۆیە دەبوایە، شیکردنەوە لەسەر وتاری دەسەڵات بکرێ، بۆ زانینی ئەو ڕاستیانەی لە کۆمەڵگا شارراوەن، ئەم جۆرە شیکردنەوە بە تێپەڕبونی کات وتار پاکدەکاتەوە لە گومان و ڕەخنە و شیکردنەوە و خۆی دەبێتە تاکە ڕاستی باوەڕپێکراو و باڵاتر دەبێ لە هەمو جۆرەکانی زانیاری[٣]. لە ڕاستیدا دوا ئامانجی شیکردنەوەی وتاریش ڕاستکردنەوەی هەر دەسەڵاتێکی ناڕەوایە. فۆکۆ جەختی لەوە دەکردەوە کە دەبێ وتار بیر بگۆڕێ، لە پەیڕەوکارێکی لاساییکەرەوە بۆ ڕاستییێکی داهێنەر لە ڕوی کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری، ڕامیاری و.... هتد.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، فۆکۆ توانی شکۆمەندیی باڵای وتار بشکێنێ و دایگرێتە سەر زەمینەی کەتوار و بەشێوەیەک دەستەمۆی[٤] بکا کە ڕەچاوی ئەو ڕاستیانە بکا کە لە کۆمەڵگا لە ئارادان و لە خامۆشی و ئەندێشە وشیاریانبکاتەوە[٥].

بە هۆی ئەوەی وتار پێکهاتوە لە کەرەسە زمانیەکان و وشە فەرهەنگیەکان ڕیزدەبن بۆ دارشتنی چەمکی جیاواز و بە پێی ڕیبازی بنیاتگەری ڕستەیەکی ئاستی سەرەوە (Surface Structure) چەندین لێکدانەوەی ئاستی ناوەوەی (Deep structure) بۆ دەکرێ، فۆکۆی هاندا وتار بخاتە چوارچێوەیەکی ئەوتۆ سنوربەند و یاسادار بکرێ بە پێی خواستی تاک و بەرژەوەندیی کۆمەڵگا کاربکا و هەر بەو پێوەرەش لێکبدرێتەوە و شیبکرێتەوە.

### ٣ـ ڕێبازی فەڕەنسی و شیکردنەوەی ئامێری:

نکوڵی لەوە ناکرێ، لوەی ئەڵتوسەر و میشێل فۆکۆ بە دامەزرێتەرانی ڕێبازی فەڕەنسی دادەنرێن و بەرهەمەکانیان کاریگەریی زۆریان هەبو لەسەر بەرەوپێشچونی شیکردنەوەی وتار بە شێوەیەکی گشتی و سەرهەڵدانی ڕێبازی فەڕەنسی بە شێوەیەکی تایبەتی. کاریگەریی ئەو دو بیرمەندە وایکرد، ئاڕاستەی شیکردنەوەی وتار لە گشتیەوە بگۆڕێ و پتر تیشکۆ بخرێتە سەر وتاری ڕامیاری. دواتر بە هۆی تەکنۆلۆجیای ورد (Nano technology)، شیکردنەوەی وتار بەگشتی و شیکردنەوەی وتاری ڕامیاری بەتایبەتی، دوای سەرهەڵدانی مێشکی دەسکرد و ئامێری کۆمپیوتەر و شاشەی زیرەک (Smart screen) چەند ڕێچکەیەکی تری وەرگرت. هاتنە ئارای

١ عبدالسلام حمير .فی سوسيولۆجيا الخطاب ، من سوسيۆلۆجيا التمثيلات الی سوسيواوجيا الفعل . بيروت ٢٠١٨ : ١٨١

٢ نورمان فاركلۆف ، تحليل الخطاب . التحليل النصی فی البحث الاجتناعی . ترجمه طلال وهبة ، مراجعة نجوی نصر المنظمة العربية للترجمة الطبعة الاولی . بيروت ٢٠٠٩ : ٢٣٤

٣ منيه عبيدی . التحليل النقدی للخطاب . عمان .٢٠١٦ : ٤٧

٤ دەستەمۆ = ماڵی، کەوی، کەیی.

٥ هيثم سرحان . خطاب الجنس ، مقاربات فی الادب العربی القديم . المركز الثقافی العربی .دار البيضاء . المغرب .٢٠١٠ : ٢٧

چەندین جۆری فەرهەنگی ئەلکترۆنی لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای فەرهەنگی وشەکان، بونە مایەی لێکدانەوەی فەرهەنگیی وتار، بەو پێیەی هەمو دەقێک بە وتاریشەوە، پێکهاتوە لە ریزبەندیی وشەکان. ئەوەی ئەو ڕێبازی ئامێریەی هاندا و برەوی پێدا، بێلایەنیی ئامێری ئەلکترۆنیە لە ژماردن و هەڵسەنگاندنێکی ورد، بە پێی ئەو داتایانەی پێی دەدرێ و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای تایبەت و لێکدانەوەی کەسی. لەو سیستەمەدا هەوڵدرا، پەیوەندیی وردی نێوان واژە فەرهەنگیەکان (Lexical words) و شێوازی دەربڕینی ئایدیۆلۆجیەکان بدۆزرێتەوە. کرداری ئەو شیکردنەوانە پشتیان بە {ژمێرکاریی فەرهەنگیی (Lexicometry) و ئاوێتەبونی لێکدانەوەی واتای زمانی و ئامێری} دەبەست. میشێل پێشیو (Michel Pecheux) بە کتێبەکەی ١٩٦٩ لە کتێبەکەی (Analyse automatique du discours)[١]، هەروەها مێینغونو (D. Maingueneau) بە ساڵی ١٩٧٦ لە کتێبەکەی بە ناوی (Initation aux methods de l'analyse de discours)[٢] ڕابەرانی ئەو ڕێچکەی شیکردنەوەیە بون. ئەو ڕێبازی شیکردنەوەی وتارە، پشتی بە کۆکردنەوە و تۆماری داتاکانی کۆمەڵە وتارێک دەبەست و نەخشەڕێگای شیکردنەوەیان بە پێی ئایدیۆلۆجیە جیاوازەکان دادەڕشت و دەیانکردن بە پێوەر بۆ شیکردنەوەی وتارەکانی تر. کرۆکی لێکدانەوە واتاییەکانی ئەو شیکردنەوانە لەسەر بناغەی بنەماکانی بنیاتگەری و دابەشکاریی زمانناسیی ز. س. هاریس (Harris Z. S.) بو، کە بەندبون لەسەر تیۆری گشتیی لێکدانەوە و کۆکردنەوەی زمانناسی و شیکردنەوەی دەرونی و مەتریالیی مێژویی.

شیکردنەوەی ئامێریی وتار هەر لە سنوری ڕێبازی فەڕەنسی قەتیس نەما، بەڵکو لە ئەوروپا و ئەمریکاش سەریهەڵدا و کاری زۆری لەسەر کرا. تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی تاقیگەی ئامێریی شیکردنەوەی وتار دابمەزرێن. وەک تاقیگەی شیکردنەوەی وتاری ئامێری لە ساین-کلۆود ( Laboratoire de l'analyse du discours politique de Saint-Cloud)، کە بەشداریانکرد لە هەژمارکردن و هەموارکردنی زاراوە و لێکدانەوەی واتاکان و دارشتنی بەرنامەی پەرەسەندو بۆ شیکردنەوەی ئامێریی وتار.

پەیڕەوانی شیکردنەوەی ئامێریی وتار، ڕەخنەی ئەوەیان لە شیکردنەوەی ئاسایی وتار دەگرت کە:

١ـ شیکەری وتاری ئاسایی ناتوانێ، بێلایەن بێ و خۆی لە لایەنگری ئایدیۆلۆجیایەک دژی ئایدیۆلۆجیایەکی تر ڕزگار بکا.

٢ـ شیکەری ئاسایی وتار، هەمو دەم لەسەر هەمان بارودۆخی دەرونی، تەندروستی، چالاکی و بیرکردنەوە.... نیە.

لە هەمان کاتدا، لایەنگرانی شیکردنەوەی ئاساییش ئەو ڕەخنانەیان لە شیکردنەوەی ئامێریی دەگرت:

١ـ ئەو پرۆگرامەی بۆ شیکردنەوەی وتار خراوەتە ناو ئامێرەکە و وتارەکانی پێ شیدەکرێتەوە، هەر لە لایەن مرۆڤەوە داڕێژراوە و بەدەر نیە لە لایەنگری و کەموکوڕی و هەرگیز وەک مێشکی مرۆڤ وردەکار و کارامە نیە، بەتایبەتی بۆ لایەنە نەپێوراوەکەی زمان، کە واتایە.

٢ـ هەرگیز ئامێر هێندە وردەکار نیە، کە بتوانێ لایەنە پراگماتیکیەکانی وتار لە دەوروبەرە جۆراوجۆرەکان هەڵبسەنگێنێ. سەرباری ئەوەش دەوروبەر بەردەوام لە گۆڕاندایە.

---

١ باتريك شارودو ، دومنيك منغنو . معجم تحليل الخطاب . ترجمة عبدالقادر المهيرى و حمادى صمود . تونس . ٢٠٠٨ . ص ٣٩.
٢ منيه عبيدى . التحليل النقدى للخطاب . عمان . ٢٠١٦. ص٥١.

ئەم ڕەخنانەی هەردولا بونە مایەی مانەوەی هەردو جۆری شیکردنەوەی وتار، بە شێوەی ئاسایی و ئامێری.

**٢ـ ڕێبازی ئینگلیزی:**

بڵاوبونەوەی توێژینەوە مەبەستزانیەکان لە ئەمریکا و سەرهەڵدانی هەندێ بۆچونی شیکردنەوەی فەلسەفی، کاریگەرییان هەبو لەسەر شیکردنەوەی وتار و بونە مایەی ڕێبازێکی جیاواز لە شیکردنەوەی وتار کە ناسراوە بە ڕێبازی ئینگلیزی شیکردنەوەی وتار[١].

ئەو بۆچونە زمانیانەی وەک تەوژمی مەبەستزانی، ڕێچکەی بنیاتگەری و زمانەوانیی ئەرکی کە ئەوسا باو و لە ئارادا بون، کاریگەریی زۆریان لەسەر یەکتری بە گشتی و لەسەر شیکردنەوەی وتار بە تایبەتی هەبوە[٢].

**یەکەم ـ ڕێبازی ئینگیزی و مەبەستزانی:**

سەرهەڵدانی تەوژمی مەبەستزانی زمانی (Pragmatism) کاریگەریی زۆری کردە سەر زمانەوانیی ڕۆژاوا و بوە مایەی سەرهەڵدانی زمانەوانیی کارەکی بە گشتی و شیکردنەوەی وتار بە تایبەتی، چونکە مەبەستزانی بەوە ناسراوە کە بریتیە لە (توێژینەوەی بەکارهێنانی زمان بەرامبەر ئەو سیستەمە زمانیەی زمانزانیی بایەخی پێدەدا. ئەگەر باسی بەکارهێنانی زمان بکەین، لەبەرئەوەی ئەو بەکارهێنانە بێلایەن نیە لە کاریگەریەکانی لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن و لەسەر خودی سیستەمی زمانەکە. لە ڕاستیدا ناشێ ئاماژە بەوە نەکرێ، هەندێ وشە ـ کە ئاماژە بە کات، یان شوێن، یان کەسەکان دەکەن، وەکو: (ئێستا، ئێرە و من) ناتوانرێ لێکبدرێنەوە، تەنیا لە ڕەوتی ئاخاوتنەکەیان نەبێ. کاڵفامیە گەر بڵێین، لە کاتی ئاڵوگۆڕی زمانیدا، هێندە لە واتای ئاخاوتنەکان تێدەگەین پتر لەوەی وشەکان دەریدەبڕن. کاڵفامی نیە، گەر لە کۆتاییدا بڵێین، بەکارهێنانی شێوە زمانیەکان لە بەرامبەردا وەدیهێنانی بەکارهێنان وەبەردێنێ لە خودی سیستەمەکە. واتای وتنەکە لەسەر ڕاڤەی بارودۆخەکە وەستاوە کە وتەکەی تیادا وتراوە)[٣]. ئەم پێناسەی مەبەستزانی ئاماژە بەوە دەکا تێگەیشتنی تەواوی واتای هەر ئاخاوتنێک بە وتاریشەوە وابەستەی ڕاڤە و تێگەیشتنی بارودۆخ و کەشی ئەو ئاخاوتنەیە. واتە؛ ئامانج لە بەکارهێنانی زمان گواستنەوەی واتایە، واتاش گوازرشت لە ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی دەکا کە بارودۆخێکی دیارکراودایە، کەواتە؛ بۆ تێگەیشتنی دەربڕاوەکە و شیکردنەوەی پێویستیی بە زانینی بارودۆخەکەیە.

بە پێی دەوروبەری کات و شوێن و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەرونی، هەروەها بەپێی بارودۆخی مێژویی هەنوکەیی وتار، نێرەر دەقەکەی دادەڕێژێ و سەرباری پەیامە ڕاستەوخۆکەی ئاڕاستەی وەرگرانی دەکا، هەردەم مەبەستێکی نهێنیش لە پشت پەیامە ڕاستەوخۆکەی دەشارێتەوە کە لە لێکدانی وشە فەرهەنگیەکان و ڕستە ڕێزمانیەکان باڵاترە.

ڕێبازی ئینگلیزی پتر لەسەر بنچینەی کاری فەیلەسوفە ئەمریکیەکان سەریهەڵدا، بەتایبەتی کارەکانی (ئۆستین) کە بناغەداڕێژی بنەماکانی بیردۆزەی ئەرکە زمانیەکان بو، کە دواتر بو بە تەوەرەی سەرەکیی

١ لە نوسینەوەی ڕێبازەکان بە گشتی و ئەو ڕێبازە بەتایبەتی، سودێکی زۆر لە پەڕتوکی (منیە عبیدی . التحلیل النقدی للخطاب . عمان . ٢٠١٦) ل٥٥ـ٦٣ وەرگیراوە.

٢ منیە عبیدی . التحلیل النقدی للخطاب . عمان . ٢٠١٦. ص٥٣.

٣ جاك موشلار و ان ریبول. القاموس الموسوعی للتداولیە. ترجمە مجموعە من الأساتذە والباحثین بإشراف عزالدین المجدوب. المركز الوطنی للترجمە. ٢٠١٠. ص٢١.

مەبەستزانی، هەروەها وانەکانی (ولیام جێمس) لە زانکۆی (هارڤەرد)، ساڵی ١٩٥٥[١]. ئەو بیردۆزە و بۆچونانە لەوەدا پوخت دەکرێنەوە کە لە وتاردا، دو ناوەرۆک هەن: یەکێکیان ـ باس لە بارودۆخ و کەتوار دەکا و پانۆڕامای دەوروبەری کاتی و شوێنی پێشتر تاکو دەمی ئاخاوتن نیشاندەدا، دوەمیان ـ باس لە پانۆڕامای دوای دەمی ئاخاوتن دەکا، کە دەوروبەر چی بەسەر دێ، یان پێویستە چی بەسەر بێ. ناوەرۆکی یەکەم بە وەسف دادەنرێ و ناوەرۆکی دوەم بە کردار دادەنرێ. لە پەیوەندیی نێوان کار و وتاردا، (ئۆستین) سێ جۆری کار جیادەکاتەوە:

{ کاری مەبەست گەیێن.

کاری ئەنجامدەر. واتە؛ شتەکان و کردارە کۆمەڵایەتیەکان بە وشەکان ئەنجامدەدا.

کاری کاریگەر بەخش. واتە؛ کاریگەریی دەستنیشانکراو لەسەر کەتوار جێدەهێڵێ، بەتایبەتی ئەگەر کارەکە سەرکەوتو بێ.}[٢].

تێکچڕژان و تێکەڵبونی تێکڕای زانستە سروشتیەکان و زانستە مرۆڤایەتیەکان لە گۆڕەپانی ئینگلیزی، تەکانێکی زۆریان بە بەرەوپێشچونی شیکردنەوەی وتار دا. بۆ نمونە ئەگەر سەیری سەرهەڵدانی پێشکەوتن لە هەر یەکێک لەو زانستانە بکەین، دەتوانین کاریگەرییان لەسەر ڕێبازی ئینگلیزیی شیکردنەوەی وتار بدۆزینەوە:

¤ لە زانستی فیزیادا: بۆ هەر کارێک کاردانەوەیەک هەیە لە هێزدا یەکسانن و لە ئاڕاستەدا پێچەوانەن.

¤ لە دەرونزانیدا: هەمو دەربڕینێک، ئەنجامی کارتێکەرەکانە، دەرەکی بێ، یان ناوەکی، زارەکی بێ یان کارەکی. هەروەها کارە جوڵەییەکانیش وەڵامدانەوەی کارە زارەکیەکانن.

¤ لە کۆمەڵناسیدا: مرۆڤ گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و بەرهەمی زمانە.

¤ لە ڕێزمانی بنیاتگەریدا: هەمو یەکسانە بە کۆی پارچەکان و جۆری ڕێکخستنەوەی پارچەکان ڕوخسار و ناوەرۆکی هەمو دەگۆڕێ.

¤ لە مەبەستزانیدا: هەمو کردەیەکی زارەکی و کارەکی وابەستەی کاریگەریی دەوروبەرن.

تێکڕای ئەو زانستانە و بیر و بۆچونەکانیان زەمینەیەکی تۆکمە و لەبار بون بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ئینگلیزی لە شیکردنەوەی وتاردا. سەرباری ئەمانەش هاتنەئارای شۆڕشی کۆمپیوتەر و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی زمان و زمانناسی و کارئاسانیی بۆ چارەسەری چەندین گرفتی گەیاندن و بڵاوکردنەوە و سنوربەزاندنی لێکدانەوە تایبەتیەکان، هێندەی تر تەکانی بە ڕێبازی ئینگلیزی دا و ڕەنگڕێژی کرد. لە هەمان کاتیشدا شیکری وتاری خستە بەردەم سیستەمێکی ئاوێتەی شیکردنەوە. ئایا چ شێوازێک بگرێتە بەر بۆ شیکردنەوەی وتار؟ و پشت بە کام بنەما ببەستێ؟ چۆن هەماهەنگیێک دروست بکا، لە نێوان هەمو بنەماکان؟ و چۆن تێکەڵیان بکا؟ ئایا دەتوانێ بە وردی دەستنیشانی ئەو هەمو کارتێکەر و کاردانەوانە بکا، لەو دەوروبەرە جیاوازانەی مەبەستزانیی داوایان دەکا؟.

**دوەم ـ ڕێبازی ئینگیزی و بنیاتگەری:**

سەرباری سودبینینی ڕێبازی ئینگلیزی لە تەوژمی مەبەستزانی (Pragmatism) بۆ شیکردنەوەی وتار، سودی زۆریشی لە تەوژمی بنیاتگەری (Structuralism) بینی. ئەو زانایەی بە باوکی بنیاتگەری ناسرابو (کلۆد لیڤی

---

١ منيه عبيدي . التحليل النقدى للخطاب . عمان . ٢٠١٦. ص٥٤.
٢ عبدالفتاح أحمد يوسف. لسانيات الخطاب و أنساق الثقافه. الدار العربيه للعلوم. ٢٠١٠. ص٤٥.

شتراوس)، دوای کەوتنی پاریس، ڕوی کردە ئەمریکا، کاریگەریی زۆری هەبو لەسەر بیر و بۆچونەکانی تەوژمی بنیاتگەری[1]. هەروەها ڕۆمان جاکۆبسۆن ١٨٩٦ـ١٩٨٢ (Roman Jakobson)ی ڕوسی دوای ئەوەی کۆچی کرد بۆ ئەمریکا، بەرهەم و توێژینەوەکانی ئەو زانایە بەتایبەتی بیردۆزەی پەیوەندیکردن (نظرية التواصل Communication Theory) پتر ڕێبازی ئینگلیزییان پەرەپێدا. ئەوەی پتر کارەکانی جاکۆبسۆنی ناساند و بڵاوکردەوە، دەستپێکردنی وانەوتنەوەکانی بو لە ساڵی ١٩٤٢، لە چەند زانکۆیەکی ئەمریکی وەک: زانکۆی هارڤارد و پەیمانگەی تەکنۆلۆجیای ماساسۆسیتش[2]. دروستبونی هاوڕێیەتی نێوان ئەو دو زانایە و پتەوبونی توێژینەوە بنیاتگەریەکان، کاریگەریی زۆریان لەسەر توێژینەوە زمانیەکان هەبو، بەتایبەتی شیکردنەوەی وتار.

بۆچونەکانی ئەو دو زانایە بە گشتی و بیردۆزەی پەیوەندیکرنی جاکۆبسۆن، سەرنجی زمانەوانانی ڕاکێشا و بایەخی زۆرتریان شیکردنەوەی وتار دا و هەمو ئەو کەلێن و لایەنانەی لە شیکردنەوەی وتار فەرامۆش کرابون، خرانە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەکانیان. لە لایەکی تر جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێویستە بیردۆزەیەک بۆ شیکردنەوەی وتار دابنرێ، کە هەمو لایەنەکانی شیکردنەوەی وتار گەڵاڵە بکا. خستنەڕوی ئەم دو لایەنەش چەند ئاسۆیەکی نوێی شیکردنەوەی وتاری هێنایە ئارا[3].

پەیوەندیکردن و لە یەکتر گەیشتن، بەلای جاکۆبسۆن و لایەنگرانی تەوەرەی سەرەکیی ڕەوتی ئاخاوتنە، بۆیە نابێ هیچ لایەنێکی وتار لە واتایی و ئاوازە و دەوروبەر فەرامۆش بکرێ و پێویستە لە شیکردنەوەی وتاردا ڕەچاوی لایەنە زمانی و نازمانیەکان بکرێ. هەر بۆیە دەبینین، لایەنگرانی ڕێبازی ئینگلیزی لەسەر ئەوە کۆکن: پەیوەندیکردن بریتیە لە کارلێکی نێوان نێرەر و وەرگر لە ڕەوتی ئاخاوتندا. ئەو بۆچونەش بە زەقی لە بەرهەمی هەردو پێشڕەوانی ئەو ڕێبازە گیلیان براون و جۆرج یۆل (Gillinian Brown and George Youle) ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لە پەڕتوکەکەیان شیکردنەوەی (Discourse analysis) لە ساڵی (١٩٨٣)، کە بەشێکیان لەو پەڕتوکە تەرخانکردوە بۆ (ڕۆلی ڕەوتی ئاخاوتن لە لێکدانەوە)[4].

ئەو دو توێژەرە لەو باوەڕەدان، زمان دو ئەورکی هەیە: ئەرکێکی خۆکردی سروشتی و ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی دەسکرد. ئەرکی سروشتی، بەو ئەرکە سەرەتاییەی زمانی مرۆڤی دادەنێن، کە دەربڕی هەستە مرۆڤایەتیەکانە و هیچ داتا و زانیارییەکی مەبەستدار و پەندامێز ناگوێزێتەوە، بەڵام ئەرکی دەسکرد، ئەو ئەرکە مەبەستدارەیە، کە داتا و زانیاریی پلاندار و مەبەست بەخش دەگوازێتەوە و ئاڵوگۆڕی زانست و ڕۆشنبیریی پێ دەکرێ. (ئێمە هەمومان لەو باوەڕەداین، کە توانستی زمان وای لە ڕەگەزی مرۆڤ کرد، پەرە بە کەلتورە جۆراوجۆرەکان بدا، کە هەریەکەیان ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، ئاین، دابونەریت، یاسا، ئاخاوتنی ڕەمەکی، جۆری هەڵسوکەوت و شتی جیاوازیان هەیە.)[5]. هەرچەندە لای ئەوان و لایەنگرانی ئەو ڕێبازە، ئەرکی سروشتی بە ئەرکێکی لاوەکی و ئەرکی دەسکرد بە ئەرکێکی سەرەکی دادەنرا، (لەو کاتەی زمانەوانان و فەیلەسوفانی زمان و توێژەرانی بواری دەروزمانی بایەخێکی تایبەتییان بە بەکارهێنانی زمان دەدا بۆ گواستنەوەی زانیاریی کەتواری و گریمانەیی، لە هەمان کاتدا

---

١ ايديث كريزويل. (١٩٩٣). عصر البنيوية. ترجمة جابر عصفور.الكويت. ص٣٣.

٢ www.signosemio.com/Jakobson/index-asp

٣ ميلود القاضي. (٢٠١١). الخطاب السياسي بين خطاب السلطة و سلطة الخطاب. الرباط. ص١٦.

٤ Gillinian Brown and George Youle. (١٩٨٣). Discourse analysis. Cambridge University press. P٢٧.

٥ Gilinian Brown and George Youle. (١٩٨٣). Discourse analysis. Cambridge University press. P٢.

زاناکانی کۆمەڵناسی و توێژەرانی بواری کۆزمانەوانی، تیشکۆی بایەخیان چڕکردبوەوە لەسەر بەکارهێنانی زمان بۆ دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پتەوکردنیان.)[1].

لای گیلیان براون و جۆرج یۆل ئەرکی پەیوەندیکردنی زمان لە هەندێ ڕەوتی ئاخاوتندا، تەنیا کات بەسەربردنە و هیچ داتا و زانیارییەک ئاڵوگۆڕ ناکرێ. بۆ نمونە:

-١- ئەگەر دو کەسی نامۆ لە وێستگەیەکدا بکەونە تەک یەکتر، یەکێکیان بۆ دەسپێکی گفتوگۆ، یان بەدەنگهێنانی ئەوی تر، ڕستەیەک دەڵێ، کە هیچ داتا و زانیارییەکی نوێی بۆ کەسی دوەم تیادا نیە. وەک: (ماشەڵڵا ئەوڕۆ گەرمە!). لەو ڕەوتی ئاخاوتنەدا کەسی دوەمیش دەزانێ: ئەوڕۆ گەرمە.

-٢- لە تێرمیناڵی فڕۆکەخانە دو کەسی نامۆ بە یەکتر، یەکەم دەڵێ: (باشە تەنیا یەک چارەکمان ماوە، بەڵام خوا بکا فڕۆکەکە دوانەکەوێ.). لە کاتێکدا، ئەو زانیاریە بۆ کەسی دوەمیش زانراوە و نوێ نیە.

-٣- دو ژنی نەناسیاو لە نۆڕینگەی پزیشک کەوتنە تەنشت یەک. دوەمیان مناڵێکی پێیە. یەکەم دەڵێ: (ماشەڵڵا جوانە! تەمەندرێژ بی!). لێرەدا دیسان ئەو ڕستانە هیچ داتا و زانیارییەکی تازە و گرنگ ناگرنەخۆ.

ئەم نمونانەی سەرەوە، هیچ پەیامێکی ئەوتۆ نادەن بە گوێگر کە شایانی باس بێ، بەڵام دەروازەیەکن بۆ دەسپێکی گفتوگۆ و یەکترناسین و پڕکردنەوەی بۆشایی کات.

(سەرباری ئەرکەکانی زمان، ئەو دو توێژەرە لە پەڕتوکەکەیان بایەخیان بە نێرەر و وەرگر و بارودۆخی ڕەوتی پەیوەندیکردنەکە داوە. گرنگییێکی زۆریان بە بەرهەمهێنەری وتار و وەرگری وتار داوە و بە کرۆکی کرداری وتاردانیان داناون. لێرەدا لەگەڵ توێژینەوە زمانیەکان هاوڕا نەبون، کە زمانیان بە کرۆکی بایەخی تەواو دادەنا. هەریەکێک لە قسەکەر و گوێگر سیمای جەستەیی و کەسایەتی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە پێویستە لە شیکردنەوەی وتاردا ڕەچاوبکرێن، چونکە یارمەتیدەرن لە لێکدانەوە و تەنانەت زۆرجار لە دەستنیشانکردنی وتار.)[2].

بنەما سەرەکیەکەی شیکردنەوەی وتار لە ڕێبازی ئەمریکیدا، تێکەڵکردنی هەمو ڕەهەندەکانی شیکردنەوەی وتار و بایەخدانە بە لێکدانەوەی هەمو لایەنەکانی پەیوەندیکردن. ڕێبازی ئەمریکی لە شیکردنەوەی وتاردا بەوە جیادەکرێتەوە، وتاری وتراو یان نوسراو بەو ئامرازە سەرەکیەی مرۆڤ دادەنێ، کە هەمو ئەرکەکانی زمانی پێ جێبەجێ دەکرێ. بۆ ئەمەش لە ڕوانگەی هەمو زانستە مرۆڤایەتی و سروشتیەکان (کۆزمانەوانی، دەروزمانی، زمانەوانیی بیرکاری، مێشکی دەسکرد، .....هتد)[3] وتار شیدەکاتەوە.

بارودۆخی ڕەوتی ئاخاوتن سیمای کاریگەر و بەهێزی لەسەر شیکردنەوەی وتار هەیە، لە میانەی ڕەوتی ئاخاوتندا دەتوانرێ، تا ڕادەیەکی باش، مەبەستی سەرەکیی وتارەکە بزانرێ. بۆ نمونە دەشێ، نێرەر تاکە ڕستەیەک لە دو ڕەوتی ئاخاوتنی جیا بەکاربێنێ و هەمان ڕستە لە هەریەک لە ڕەوتەکان دو واتایەکی جیاواز ببەخشێ. بۆ نمونە لە ڕستەیەکی ئاوێتەی وەک: (من ڕێگە نادەم، ڕێکلام و پیاهەڵدان بۆ بەرهەم و کەلوپەلی

---

١ Op. cit. p٣.

٢ منيه عبيدي . التحليل النقدى للخطاب . عمان . ٢٠١٦. ص٥٨.

٣ محمد خطابي. (٢٠٠٦). لسانيات النص، مدخل الى إنسجام الخطاب. الطبعة الثانية. المغرب. ص٤٧.

خۆماڵی بکرێ))، ڕەنگە لە هەر یەک لەم دو ڕەوتەی خوارەوەدا، واتایەکی جیاواز لە ڕەوتەکەی تر ببەخشێ، بە پێی ئەو ڕستانەی بە دوایدا دێ:

ــ١ــ چونکە بەرهەم و کەلوپەلی خۆماڵی نایابن و پێویستییان بە ڕێکلام نیە.

ــ٢ــ چونکە بەرهەم و کەلوپەلی خۆماڵی زۆر خراپن و شایانی ڕێکلام نین.

یۆل و براون جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، شیکردنەوەی وتار کارێکی ئاسان نیە و ڕوبەڕوی گرفتی زۆر دەبێتەوە، چونکە هەمە لایەن و فرە ڕەهەندە و ناتوانرێ بە وردی هەمو لایەنەکانی پەیوەندیی وتاری لێکبدرێنەوە.

کێشەی سەرەکیی شیکردنەوەی وتار، وەکو لە سەرەتا ئاماژەمان پێکرد، هیچ لە کەرەسەکان و ڕەهەندەکانی وتار ــ لە کەرەسەی زمانیی پەیام و تێکڕای دەوروبەر و ڕەوتی ئاخاوتن ــ یەکەی پێوانیان نیە و ناتوانرێ بە مەرج و خاڵی پێشوەختەی گشتگیر سنوردار بکرێن. تەنانەت شیکردنەوەی ڕوتی ڕەهەندی زمانیش بەبێ لێکدانەوەی دەوروبەر، نەیدەتوانی کوتومت مەبەستی نێرەر دەربخا. هەروەک زمانەوانە ئەمریکیەکانی پێشتر هەوڵی فەرامۆشکردنی دەوروبەریان دەدا، وەک هەوڵەکەی ساپیر لە پەڕتوکی (زمان ــ ١٩٢١)، کە دەڵێ: (ئامانجی ڕاستەقینەی زمانی، لە پۆلینکردن و دەرخستنی جۆری ڕواڵەتی وێناکردنەکان خۆی دەنوێنێ)[١].

لە لایەکی تر بلۆمفیلد بەشداریێکی کاریگەری لە تەوژمی بنیاتگەری کرد. تەنانەت جۆرێکی تایبەتی لەو تەوژمە خستەڕو، دەسپێک لە پەڕتوکەکەی (زمان ـ ١٩٣٣)، بو بە دامەزرێنەری تەوژمی دابەشکاری، بەوەی جەختی لەسەر شیکردنەوەی ڕواڵەتیی زمان کردەوە و یاساکانی خوێندنەوەی پەیڕەوکرد.

دوای ئەویش چۆمسکی ئاستی ژێرەوەی بۆ ئاستی سەرەوە یان ڕواڵەتیی زمان دۆزیەوە. ئاستی ژێرەوەش تۆڕێکی پەیوەندیی واتا و کەرەسە ڕستەییەکانەوە، لە چوارچێوەی تەوژمی بنیاتگەری و بەرهەمهێنان، ئەو واتایانە هەڵدەهێنجێ کە دەکەونە ژێر ئاستی ڕوکەشی دەنگی.

**سێیەم ــ ڕێبازی ئینگیزی و زمانەوانیی ئەرکی:**

{بونی ئاخاوتن لە مرۆڤدا بەڵگەی هۆشمەندیی مرۆڤە. لەو سەردەمەدا مرۆڤ دەستی بە ئاخاوتن کردوە، لە گیانەوەرانی تر جیابوەتەوە. بە درێژایی ڕۆژگار زمان و هۆش هاریکاری یەکتر بونە بۆ پەرەسەندنی هەردوکیان، ئەمەشە وای لە (ئەڕستۆ) کردوە بڵێ (مرۆڤ گیانەوەرێکی قسەکەرە). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە مرۆڤ دەتوانێ هەست و نەستەکانی ناوەوەی دەربڕێ و گوزارشت لە بیروڕا و سۆزەکانی بکا. کەواتە؛ هەرلە دەسپێکەوە زمان و بیر جمکێکی هاوتەمەنن و ئەگەر کۆرپەڵەی بیر لە منداڵدانی مرۆڤایەتیدا پێشتریش پیتێنرابێ، ئەوا لەدایکبون و گەورەبونی لەگەڵا زماندا هەردەبن بە هاوڕێ.}[٢]. نکوڵی لەوە ناکرێ، ئەوەی مرۆڤی لە گیانەوەرانی تر جیاکردەوە، ئەو سیستەمی قسەکردنەیە، کە بە تێپەڕبونی کات، پەرەی بە مرۆڤ داوە و خۆیشی پەرەیسەندوە. واتە؛ زیرەکترین گیانەوەر مرۆڤ بو کە زمانی دروستکرد، لە هەمان کاتدا زمانیش بو، مرۆڤی کرد بەو بونەوەرە کۆمەڵایەتیە پەرەسەندوە. ئەم بیرۆکەیە لای زمانەوان و کۆمەڵناسە سکۆلاریستەکان (علماني ـ secularist) ڕاستییێکی بەڵگەنەویست بو. ئەوەی بابەتەکەی زەقکردەوە زمانەوان فیرس (Firth) و دواتر قوتابیەکەی هالیدەی

١ محمد عزام. (٢٠٠٣). تحليل الخطاب الأدبي على ضوء المناهج النقدية الحديثة. دمشق. ص٤٧.
٢ پ. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. (٢٠١٥). دەروزمانی. گۆڤاری زمانناسی. ژمارە (١٧). ل٨٦.

(Halliday) و چەند زمانەوانێکی تر بون، وەک: مارتینێت (Martinet A.)، بوهلار (Buhler K.)، جاکۆبسۆن (Jakobson R.) و...هتد. بۆ نمونە، ک بوهلار (١٩٣٤) سێ ئەرکی زمان جیادەکاتەوە (دەربڕین، بانگکردن و نواندن)، ر جاکۆبسۆنیش (١٩٦٣) سێ ئەرکی تری خستەسەر، ئەو شەش ئەرکە جەمسەرە جیاوازەکانی پەیوەندیکردنیان دەگرتەوە. **"ئەرکی هەڵچون"** جەخت لەسەر نێرەری پەیام دەکاتەوە و بە زاراوەکانی هەواڵدان، هەستدەربڕین، هەڵچون، هەڵسەنگاندن و.... هتد خۆی دەنوێنێ. **"ئەرکی تێگەیاندن"** جەخت لەسەر وەرگری پەیام دەکاتەوە و بە فەرماندان، پرسیار و ...هتد گوزارشتی لێ دەکرێ. **"ئەرکی سەرچاوەیی"** جەخت لەسەر پێگەی پەیام دەکاتەوە و ئامانجی نواندنی گشتیە (نیشاندان، گێڕانەوە، .....). **"ئەرکی سەرنجڕاکێشی"** جەخت لەسەر نێرەری کەناڵی پەیام و پەیوەندیی بە وەرگر دەکاتەوە و لە شێوەکانی (ئەلۆ)، (گوێت لێمە؟)، (دەنگم دەبیسی؟)، (تێگەیشتی؟)، .... خۆی دەنوێنێ. **"ئەرکی پشت زمان"** جەخت لەسەر کۆدی پەیام دەکاتەوە و ڕێگە بە شیکردنەوەی کۆدی ئاخاوتن دەدا. وەک (مەبەستم لە وشەی......)، (واتە؛ ......)، (ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە .......). **"ئەرکی شیعری"** جەخت لەسەر خودی پەیام دەکاتەوە، کە بە بنچینەی شیعر و دروشمەکان و پەند و قسە نەستەقەکانە. کەچی براون و یۆل (Brown G. & Yule G.) (١٩٨٣) دو ئەرکی سەرەکی بۆ زمان دەستنیشان دەکەن: ئەرکی پەیوەندکاری، جەخت لەسەر گواستنەوەی زانیاریەکان دەکاتەوە و ئەرکی کارلێکی، جەخت لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پاراستنیان دەکاتەوە[١].

بە ڕای داڤید بانکس (David Banks) {دەتوانرێ، هەمو بیردۆزە زمانیەکان لە سێ کۆمەڵەی گەورە کۆبکەینەوە: فۆڕمی (الشكلانية)، زانینگەری (المعرفية/Cognition) و ئەرکی (الوظيفية). بنەمای زانینگەری هەڵێنجانی دەرخستەکانە و بیردۆزەکەی پشت بە پێوەری دەرخستە کەتواریەکان دەبەستێ بۆ سەلماندن. بەڵام لایەنە ئەرکیەکەی سیمایەکی ئەزمونگەری هەیە، کە دەرخستە کەتواریەکان دەخاتە پێش دانانی بیردۆزە.}[٢].

سەرباری ئەمانە هەموی لە ڕێبازی ئینگلیزیدا **میشێل ئەلیکزاندەر کیرکوود هالیدەی** (Michael Alexander Kirkwood Halliday) قوتابیەکەی فیرس بە پێشڕەوی زمانەوانیی ئەرکی دادەنرێ، چونکە سەرکاروانی ئەوانەیە جەخت لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان بە گشتی و وتار بەتایبەتی دەکاتەوە. تەنانەت بەرهەمەکانی بە درێژەپێدەری کارەکانی فێرسی مامۆستای دادەنرێن و بە بیردۆزەی فیرسی نوێ (neo-Firthian theory) دادەنرێ.

هالیدەی ڕەخنە لەو بۆچونە دەگرێ و دەڵێ: {لە بری لێکدانەوەی زمان بە پێی پرۆسەکانی زانینگەری (cognitive processes)، ئێمە زانینگەری (cognition) بە پێی پرۆسەکانی زمانەوانی ڕاڤە دەکەین.}[٣]، ئەمەش لە چوارچێوەی پەیوەندیە مرۆڤایەتیە کۆمەڵایەتیەکان فەراهەم دەبێ. هەروەها ئەو ڕەخنەیەی لە کۆمەڵەی فۆڕمی دەگیرێ، ئەوەیە بە پێی کۆمەڵەی فۆڕمی، هەر دەقێک لەباردایە بۆ هێماکردنی بە چەندین شێوەی دیارکراو. لێرەدا شیکردنەوەی هەر دەقێک دوردەکەوێتەوە لە بارودۆخی وەبەرهێنانی دەقەکە و ژینەگەی دەوروبەری. شیکردنەوەی فۆڕمی ئەو کاتە هاتە ئارا، کاتێک هەندێ لە توێژەران ڕوی بایەخیان کردە سەر ئەرکە ڕێزمانیەکان و لای ئەوان دەتوانرێ، ئەرکە ڕێزمانیەکان بە گۆڕینی زمان بۆ هێماکان یان بە هێماکاریی زمان فەراهەم دەبن.

---

١ باتريك شارودو ، دومنيك منعنو . معجم تحليل الخطاب . ترجمة عبدالقادر المهيرى و حمادى صمود . تونس . ٢٠٠٨ . ص ٢٥٧-٢٥٨.

٢ منيه عبيدي . التحليل النقدى للخطاب . عمان . ٢٠١٦. ص٦٠.

٣ Halliday, M. A. K. and Mathiessen, C. M. I. M. (١٩٩٩). Construing experience through meaning: a language based approach to cognition. Cassell. London. Px.

ئەمەش بو وای لە هالیدەی کرد بەرپەچی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بداتەوە، بەوەی کە {ناتوانین لە زمان تێبگەین لەسەر بنەڕەتی ئەوەی کە (زمان کۆمەڵە ڕستەیەکی ڕێزمانیە)، ئەگەر زنجیرەی ئەو کۆمەڵە ڕستانە سنوردار بن، یان بێ سنور}[١].

کارەکانی هاڵیدەی بە زمانەوانیی ڕێکخستنی ئەرکی ناسراون. پوختەی ئەو کارانە لەو بیرۆکەیە چرپەبنەوە کە ناتوانرێ، زمان لەو کۆمەڵگایە داببڕدرێ کە تیایدا لە دایکبوە و هۆکاری دروستبونیەتی. لە سۆنگەی ئەو بیرۆکەیە و لە ژێر تیشکی ئەو کارانە وتاری وتراو و وتاری نوسراو شیکرانەوە. وتار لای هالیدەی ڕەنگدانەوەی کەتواری دیار و پەنهانی نێرەرە. بۆیە پێویستە دەرخستەکانی شیکردنەوەی وتار لەسەر بنەڕەتی خوێندنەوەی ڕاستەقینەی کەتوار بێ، نەک خەملاندن. بۆ ئەمەش جەختی لەسەر لایەنی کەتواری کۆمەڵاتی کردۆتەوە، بەو پێیەی تەوەرەی سەرەکیی شیکردنەوەیە[٢]، کە لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەگەر ئازاد بم لەوەی چ گۆشەنیگایەک هەڵبژێرم؟ من گۆشەنیگای کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرم. زمان دروستکراو و دروستکەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە.)[٣]. لەم وتەیەدا کرۆکی کارەکانی هالیدەی دەرەکەوێ، کە زمان لە ڕوانگەی ئەو لەدایکبوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە و هاوکات ئامرازی دروستبون و پێشکەوتن و پەیوەندیکردنی کۆمەڵگەیە.

هاڵیدەی ڕاستە ڕەخنە لە کارەکانی پێش خۆی دەگرێ، بەڵام ئەو بۆچونانە ناسڕێتەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی نوێی تریان دەخاتە سەر، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیە. ئەو ڕەهەندەی هەندێ لە ڕێسا و مەرجەکانی بەکارهێنانی زمان دەستنیشاندەکا. یەکێ لەو ڕێسایانەی لە زماندا هەیە، دەبێ بەکارهێنانی زمان لەگەڵ ڕەوتی ئاخاوتن بگونجێ. دوەمیش بە پێی ئەوەی وتار کردارێکی ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا و واتاکانە لە نێوان ئاخێوەران لە کەتواری کۆمەڵایەتیدا، بۆیە دەبێ توێژەری زمان بە گشتی و توێژەری وتار بەتایبەتی، لەوە دڵنیا بێ، کە هەر وتارێک پەیوەستە بە بوارێکی کۆمەڵایەتیی دیارکراوەوە.

لە میانی دەستنیشانکردنی ئەرکەکان زمان لە لایەن هالیدەی لە پەڕتوکەکەی لە ساڵی ١٩٧٨ (زمان وەک هێمابەندیی کۆمەڵایەتی/Language as Social Semiotic)[٤] ڕوانگەیەکی هەمەلایەنی دەبینرێ، کە هالیدەی ویستی بیخاتە سەر لێکۆڵینەوەکانی، کە تیایدا ئەرکەکانی زمانی بەم شێوەیە دەستنیشانکرد:

ـ ئەرکی ئەزمونگەری: ئەم ئەرکە لە ئاستی بەکارهێنانی زماندایە، بۆ نواندنی ئەو ئەزمونەی کە قسەکەر پێیدا تێدەپەڕێ.

ـ ئەرکی گەیەنەری: ئەم ئەرکە لە نێوان بەکارهێنەرانی زماندایە، تیایدا پەیوەندیی نێوان ئاخێوەران سنوردار دەکا لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە.

ـ ئەرکی دەقکاری: ئەم ئەرکە ئەو کەرەسە و پێکهاتانەی زمان دەگرێتەخۆی کە بۆ بەرهەمهێنانی وتار بەکاردێن.

دەبینین، ئەرکی ئەزمونگەری و دەقکاری ئەو دو ئەرکەن، کە لە لێکۆڵینەوە زمانیەکانی پێشتر تیشکۆیان خراوەتەسەر، بەڵام هالیدەی لە ئەنجامی ئەوەی زمان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێ، ئەرکی گەیەنەری خستەسەر. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵینەوەکانی پێشتر وەدەستیان هێنابو، بەس نەبون بۆ

---

١ Halliday, M. A. K. (١٩٨٥). Systemic Backgraund. In Systemic Prespectives on Discourse. Vol.١. London. P١٩٢.
٢ Encyclopaedia Britannica Inc. (٢٠١٢). Web, www.britannica.com/Bchecked/topic/٢٥٢٨٥٢/MAK.Halliday.
٣ Halliday, M. A. K. (٢٠٠٢). A Personal Perspective, In, On Grammar. Vol.١. London. P٦.
٤ Halliday, M. A. K. (١٩٧٨). Language as Social Semiotic, the social intertation of language and meaning. Hariland.

تێگەیشتنی زمان (ئێمە ناتوانین، لە سروشتی زمان بگەین، ئەگەر تەنیا ڕەچاوی جۆری ئەو پرسیارانە بکەین، کە زمانەوانان دەیانپرسین)[1]. واتە؛ ئەو پرسیارانەی زۆربەی زمانەوانانی پێش هالیدەی دەربارەی بابەتە زمانیە ڕوکەشەکانیان دەکرد، کە پەیوەست بون بە فۆڕم یان ڕۆنان و هالیدەی بە کەرەسەی بینراو و بیسراویان دادەنێ. ئەوان لایەنی کۆمەڵایەتیی زمانیان فەرامۆشکردبو، کە لای هالیدەی گرنگترین چوارچێوەی شیکردنەوەی زمانە و ڕەوت و دەوروبەری بەرهەمهێنانی وتارە. بۆیە لای هالیدەی پێویستە شیکەری وتار ڕەچاوی ئەو شتانە بکا: کەرەسەی بینراو یان بیسراو، ڕەوتی ئاخاوتن و دەوروبەری وتار.

لە ڕوانگەی هالیدەی وتار، ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی و بەیەکگەیشتنێکی هێماگەریە (Semiology)، کە لە میانی ئاڵوگۆڕی واتای ئەو هێمایانە جێبەجێ دەبێ و سیستەمی کۆمەڵایەتی پێکدێنن[2]، ئەم ڕوداوە کۆمەڵایەتیەش لە بارودۆخێکی دیارکراو دێتەئارا.

شایانی باسە، هالیدەی هەندێ جار زاراوەی بارودۆخ (Situation) بەکاردەهێنێ و هەندێ جاریش زاراوەی ڕەوت (Context) بە هەمان واتا بەکاردەهێنێ. لە ڕوانگەی هالیدەی بارودۆخ لە سێ ئەرکی سەرەکی ئەنجامدەدرێ، کە بریتین لە: چالاکی، ناوەرۆک و فۆڕم:

- کێڵگەی چالاکی: بایەخ بە چالاکی یان ئەو ڕوداوە دەدا کە ئەنجامدەدرێ و وتار دەبێتە بەشێک لەو ڕوداوە و ناوەرۆکیش لەخۆدەگرێ.
- کێڵگەی ناوەرۆک: بایەخ بەو بکەرانە دەدا کە ڕۆلیان لە ڕوداوی وتاردا هەیە و پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگر دەگرێتەخۆی.
- کێڵگەی فۆڕم: بایەخ بە دەنگ یان ئامرازی پەیوەندیکردن دەدا، کە زاراوەی نوسراو یان وتراو دیارترین ئامرازن[3].

لەم سۆنگەیەوە هالیدەی وای بۆ دەچێ، کە زمانەوانی زانستێکی دەگمەنە. زمانەوانی تاکە زانینگەرییێکە (معرفة) کە تیایدا بابەتی توێژینەوە و ئامرازی توێژینەوە هەمان شتن. ئەمەش واتە؛ زمانەوانی توێژینەوە لەسەر زمان دەکا، هەمان توێژینەوەش لەسەر زمان، بەبێ بەکارهێنانی زمان ئەنجام نادرێ. هەمیسان زانستێکی دەگمەنە، چونکە لە دوڕیانی هاوبەشی و هەمانگی زۆر لە زانستەکانی تردایە. ئەمەش وایکردوە زۆرجار سنورەکانی زمانەوانی لەگەڵ سنورەکانی هەندێ زانستی تر بەناویەکدا دەچن و زۆر سیمای هاوبەشیان دەبێ. بۆ نمونە: زمانەوانیی کارەکی لە بەشێکی زۆری هاوسنورە لەگەڵ کۆمەڵناسی. بۆیە هالیدەی لەو باوەڕەدایە کە دەبێ، لایەنی کۆمەڵایەتی باڵا بێ لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا، (چونکە زمان بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی)[4].

بە پێی ئەوەی زمان لە هەمان کاتدا دروستکراو و دروستکەری کۆمەڵگایە، هالیدەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بە بەرهەمهێنەری وتار دادەنێ و وتاریش خۆی لە خۆیدا بەشێک لەو بارودۆخە پێکدێنێ و دواتریش کاریتێدەکا و دەیگۆڕێ. ئەم بارودۆخە نوێیەش وتاری تر دێنێتەئارا.

---

١ Halliday, M. A. K. (١٩٧٨). Language as Social Semiotic, the social intertation of language and meaning. Hariland. P٣.
٢ op. cit. p٣٩.
٣ منيه عبيدي . التحليل النقدي للخطاب . عمان . ٢٠١٦. ص٦٣.
٤ Halliday, M. A. K. (١٩٧٨). Language as Social Semiotic, the social intertation of language and meaning. Hariland. P٣٩.